وەرزنامەی

# زمانەوانی

ژمارە(٢)ساڵی یەکەم، پاییزی ٢٠٢٣



- لە بارەی زمانی ڕاگەیاندنەوە.
- مێزگردی کاریگەری میدیا لەسەر زمانی کوردی بە بەشداری هەرسێ پرۆفیسۆر: جەڤانشیر شیبیلیێڤ و وریا عومەر ئەمین و جەعفەر شێخولئیسلامیی.
- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی.
- ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پاراستنی پێگەی زمانی کوردیدا.
- میدیا چۆن بەشداری لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زماندا دەکات؟

ژمارە -٢-
پاییزی
٢٠٢٣

گۆڤارێکی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی کوردی ـ زانکۆی جیهان دەریدەکات

# وەرزنامەی زمانی



خاوەنی ئیمتیاز:
د. نەوزاد یحیی باجگر
سەرپەرشتی زانستی:
پ. د. وریا عومەر ئەمین
سەرنووسەر:
د.مؤمن یاسین محمدامین
بەڕێوەبەری نووسین:
عەزیز ڕەؤوف عەبدولعەزیز

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ. د. هۆشەنگ فاروق جواد
پ.ی.د. سەعید محەمەد عەبدولا
پ. د. ئومێد بەرزان برزۆ
پ.ی. بێستون عارف عەزیز

هەڵەبــــڕ: سوهەیب فاروق
دیزاین: شاهۆ عبدالرحمن



Web Site: www.sulicihan.edu.krd
Facebook: Cihan university-Sulaimaniya
Instagram: cihan_university_sulaimanyia
Email: Ling.mag@sulicihan.edu.krd
Mobile: +964 770121 0789 - +964 750121 0789

ناونیشان: زانکۆی جیهان – سلێمانی، 46001، پشت شوققەکانی صائب سیتی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان

# گۆڤاری زمانەوانی

گۆڤارێکی وەرزی، ڕۆشنبیری و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

ئامانج لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە، هەوڵدان بۆ داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە پرسی زمانناسی و سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەمانەوێت هاوکاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بین، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە بیانییەکان لە پەروەردە و میدیا لە کۆمەڵگەی کوردییدا. گۆڤاری زمانەوانی ئامانجییەتی کۆمەڵگە لە ئەرکی تاک و کۆمەڵ بەرامبەر بە پارێزگاری لە زمانی کوردی هۆشیار بکاتەوە، هاوکات جەخت لەوە دەکەینەو کە خوێندن بە زمانی دایک/زگماک و وەک شیری دایک بۆ منداڵ پێویستە و کاردەکەین بۆ چەسپاندنی ئەم بنەما نێودەوڵەتییە.

گۆڤاری زمانەوانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە کۆمەڵگە بە پێکهاتەی زمانی کوردی، شێوەزار و زار و بن-زارەکانی زمانی کوردی ئاشنا بکات و ڕای پسپۆڕان و زمانناسان سەبارەت بە پرسی زمان لە هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە و هەوڵی فراوانکردنی گەنجینەی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستان بدات، بە شێوەیەک کە بتوانرێت زۆرترین وشەی کوردی بخرێتەوە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و میدیاو ڕەوتی رۆشنبیرییەوە. گۆڤاری زمانەوانی وەک وەرزنامەیەکی ئەکادیمی و زمانەوانیی، گێڕانەوەی شکۆمەندی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کردووەتە ئەرکی بنەڕەتی خۆی و هەوڵی فراوانتر دەدات بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری پرسە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی زمان؛ مافی زمانەوانی، ئەلفبێی کوردی، زمانی ستاندارد، زمانی فەرمی و نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا.

گۆڤارەکە دەبێتە سەکۆی بابەت و بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان و هەوڵی دروستکرنی هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندە زمانەوانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەدات سەبارەت بە سیاسەت و پلاندانانی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

# پێڕست

٥ **له بارەی زمانی ڕاگەیاندنەوە** ....................................................پ. د. ئومێد رفیق فتاح

## مێزگرد

٩ **دەکرێت ڕۆڵی میدیا بەسەر زمانەوە ئەرێنی بێت** ..........................پ. د. جەڤانشیر شیبلییێڤ
١٣ **کاریگەرییەکانی میدیا بەسەر زمانەوە فرە ڕەهەندە**..................پ.د.جەعفەر شێخولئیسلامی
١٧ **نەتەوە چەند ڕۆشنبیر بێت، زمانەکەشی بەو ڕادەیە بەهێز و دەوڵەمەند دەبێت**.....پ. د. وریا عمر امین

## میدیا؛ زمان و ناسنامە

٢٣ **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی** .............د. شوان ئادەم ئەیڤەس
٢٩ **ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پاراستنی پێگەی زمانی کوردیدا**.............................د. فازڵ حەمەسەعید
٣٩ **دەربارەی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی**........................................................د. مەغدید سەپان

## میدیا؛ زمان و کولتوور

٤٥ **چۆن سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر زمان جێدەهێڵێت؟**....................................و.م. عەزیز رەؤوف
٥١ **میدیا چۆن بەشداری لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمان دەکات** ....م. داستان سابر مامە
٦٣ **زمان لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا**..............................................و.م. پەرۆش محەمەد
٧٥ **ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی؛ وەك زمانی یاسا**....................د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە

## توێژینەوەکان

٨٥ **خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان؛ ئاڵەنگاری و دەرفەتەکان** ....... د.مؤمن یاسین محمدامین
١٠٧ **"ئایدیای بوون" لـــە شیعرەکانی (مەحوی) دا** ........................پ.ی.د. سەعید محەمەد عبدالله

## گەوهەرەکانی زمانەوانیی

١٥٧ **دکتۆر وریا ڕووناکبیر و ئینسکلۆپیدیای زمانەوانی** .......................د. سەعید محەمەد بەرزنجی

## فەرهەنگی زمانەوانیی

١٦١ **پێداگۆجی زمانی** ..................................................................و. هێڤار شێرزاد محمد

# سەروتار



# لە بارەی زمانی ڕاگەیاندنەوە

پ.د. ئومێد رفیق فتاح

ڕاگەیاندن لە ڕووی کرداریەوە کاری جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتییە، کە سیاسەتی زمانیش بەشێکی گەورە، پانتاییەکی فراوان و بەرچاوی هەیە لە سیاسەتی گشتیدا. بە تایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کە میدیای نوێ جێگەی بە میدیای سونەتی و کلاسیک لەق کردووە، ڕۆژانە بەکارهێنەرانی لەزیادبوونێکی بەردەوامدایە.


وابزانم هەر کەس لەسەر ئەم بابەتە بدوێت بە دوودڵییەوە تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە ڕۆڵە ئەرێنی یان نەرێنییەکی ڕاگەیاندن لەسەر زمان.

ڕەنگە ئەمە بۆ کوردستان قورستربێت، چونکە لە بنەماوە سیاسەتی زمان لە کوردستاندا ئاراستە و بنەمایەکی جێگیری نییە، ئەگەر نەوترێت سیاسەتی زمانمان نییە.

بۆیە لەم توێژینەوانەی لەم ژمارەیەدا هەیە کێشە و ئاڵنگارییەکان بە وردی دیاریکراون، تا لە ڕێگەوە دەرچەیەک بدۆزینەوە بۆ دارشتنەوەی سیاسەتی دروستی زمان و خستنەڕووی زمانی زانستی بۆ بەرهەمهێنانی سیاسەتی زمانی فەرمی، جێبەجێکردنی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە.

ڕەنگە یەکێک لە لێکدانەوەکان بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە ئەوەبێت ترسمان هەیە لەوەی ڕاگەیاندن دەتوانێت ئاراستەی نەوەیەکی نوێ بکات، کە کەمتر گرنگی بەوە دەدەن ڕەسەنایەتی و زمانی نەتەوە مانەوەی و پارێزگاری لێکردنی ئەرکە، لە

بەرامبەردا میدیای نوێ بەرهەمهێنەری جۆرێک لە نەزمی زمانی بەرخۆر و کورتکراوەیە بۆ ئاسانترین بەکارهێنان و کورتکردنەوەی وشە بۆ پیت .
خوێنەر و بەکارهێنەر میدیای نوێ بەڕادەیەک لە هەوڵی کورتبڕیدان ڕستەیەک دەکەن بەیەک وشە.
لێرەدا لەبەرئەوەی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ خۆی لەڕووی مێژوویی و کەرەستەشەوە گیرۆدەی جۆرێک لە هەژارییە بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی زمانەوانی دروستەوە، کە ڕەنگە هەندێک بیروبۆچوون دوورتر لەمەش بڵێن هەر خاوەنی زمانی ڕاگەیاندن نین، بەتایبەت ئەگەر لە ڕووی بنەما زانستییەکانی زمانی ڕاگەیاندن لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی ڕاگەیاندن بکەین.
بۆیە مەترسییەکە بۆ سەر زمانی کوردی بە دیوە نەرێنییەکەدا زیاتر هەستی پێ دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت، ئەگەر بێینە سەرئەوەی ئەرکی کێیە، ئەم کارە بکات؟ وڵامەکەی ئەوەیە سیاسەتی زمان لەبەرئەوەی بەشێکی گرنگە لە سیاسەتی گشتی، سیاسەتی گشتی ئەرکی حکومەتە، دیارە دەبێت حکومەت لە چەند ئاستدا ئەم کارە بکات و ئەرکی زانکۆکان کۆمەڵگەی ئەکادیمی چی دەبێت بۆ سەرپێخستنی سیاسەتی زمان بە گشتی. هەروەها زمانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی .
لە ڕوانگەی هەستکردنمان بە مەترسی نەبوونی زمانێکی ڕاگەیاندنی بەرپرس، بەرامبەر بە میللەتێک کە دەرگیرە بەسەدان کێشەی تر، کە یەکێک لە کێشەکانی ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان زمان و ڕاگەیاندن هەیە، ئەم ژمارەیەمان تەرخانکرد بۆ گفتوگۆو خستنەڕووی ئەم بابەتە، بە هیوای ئەوەی بتوانێت دەرگای گفتوگۆی زانستی زیاتر لەسەر گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە بکاتەوە.



# مێزگرد

پ. د. جەڤانشیر شیبلیێڤ:

# دەکرێت رۆڵی میدیا بەسەر زمانەوە ئەرێنی بێت



پرۆفیسۆر د. جەڤانشیر شیبیلێڤ، مامۆستا , توێژەر و سەرۆکی بەشی پەروەردەی زمانە بیانییەکانە لە زانکۆی EMU لە قوبرسی باکور و خاوەنی دەیان توێژینەوەی زانستی و وتاری تایبەتە لەسەر زمانەوانی و سیاسەت و پلاندانی زمانیی. بە یەکێک لە زانا و بیرمەندەکانی بواری سیاسەتی زمان دادەنرێت. لەم دیدارەدا بە وردی سەرنجەکانی لەسەر کاریگەری میدیا لەسەر زمانی کوردی دەخاتەڕوو:

ئامادەکردنی: گۆڤاری زمانەوانی

سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتادایە، بۆیە دەکرێت میدیا بە باشی خزمەتی ئەم بابەتە بکات

پ. د. جەڤانشیر شیبلیێڤ، پسپۆڕی سیاسەت و پلاندانی زمان و سەرۆکی بەشی پەروەردەی زمانە بیانییەکان لە زانکۆی EMU لە قوبرسی باکور، لەم تەورەیەدا بە ئاگاییەوە سەبارەت بە کاریگەریی میدیا لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و سەرنجەکانی دەخاتەڕوو.

**پرسیار/** میدیا چۆن کاریگەریی لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان هەیە بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک کوردستان؟

**وەڵام/** سەرەتا دەبێت بڵێین کە میدیا هیچ چانسێکی نییە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر سیاسەت و پلاندانانی زمان هەبێت، چونکە ڕۆڵی سنووردارە لە خزمەتکردن وەک میدیایەک کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت مشتومڕ لەسەر پرسەکانی سیاسەتی زمان بگوازێتەوە یان بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. پاشان بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین تا

چەند میدیا دەتوانێت کاریگەریی هەبێت، پێویستە پەیوەندیی نێوان ئاستە جیاوازەکانی پلاندانانی سیاسەتی زمان لە بەرامبەر ڕۆڵی میدیادا لەبەرچاوبگرین، لەبەرئەوەی هەموو ئاستەکان ناتوانرێت بە یەکسانی پەیوەندییان بە میدیاوە هەبێت. لەڕاستیدا ڕەنگە پلاندانانی سیاسەتی زمان لەسەر ئاستی حکومەت پێویستی بە پشتیوانی زیاتری میدیا هەبێت لە پلاندانانی سیاسەتی زمان لەسەر ئاستی خێزان. لە کۆتاییدا، پێویستە میدیا وەک سەکۆیەک بۆ مشتومڕەکانی پلاندانانی سیاسەتی زمان جیابکەینەوە لەوەی خودی میدیا ببێتە لایەنی جێبەجێکاری سیاسەت و پلاندانانی زمان. لەم ڕووەوە ڕەنگە هەرێمی کوردستان لە جوگرافیاکانی تر جیاواز نەبێت، بەڵام ئەوەی هەرێمی کوردستان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە وەک هەرێمێکی دیموکراتیک، پلاندانانی سیاسەتی زمانی لە قۆناغێکی سەرەتاییدایە، چونکە پێویستی بە قۆناغبەندییە، لە هەڵبژاردنی زمان وەک ئەوەی کە بە نیشتمانی/ فەرمی ناوی لێنراوە، دواتر ستانداردکردنی زمانی کوردی لە ڕووی ڕێزمان و وشەسازی و بێژەکردنی وەرگێراوەوە، لە کۆتاییشدا هەنگاوی یاسایی و کارگێڕی و هەنگاوی دیکە بە ئاڕاستەی بەرزکردنەوەی شکۆمەندیی زمان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم ڕووەوە ڕەنگە میدیا کاریگەرییەکی زۆری هەبێت.

**پرسیار/** دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چ ڕوویەکەوە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمانەکە هەبێت؟

**وەڵام/** لەڕاستیدا پێناسەکردنی پێگەی زمانەکە بابەتی سیاسەتە، چونکە پێویستە پێگەیەکی فەرمی بدرێت بە یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی تا ڕۆڵی میدیا و گرنگییەکەی زیاتر دەرکەون، لەبەرئەوەی میدیا هەرگیز ناتوانێت بێلایەن یان بابەتی بێت. بە واتایەکی تر، میدیا بەزۆری وەک هێزێکی نەرم بۆ یارمەتیدانی ئایدۆلۆژیا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە کاردەکات، ئاشکرایە ئەو میدیایەی کە پاڵپشتی ئەو شێوەزارە دەکات کە خاوەنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییە لە ناوچەکەدا، ناچار دەبێت پشتگیری ئەو جۆرە شێوەزارە بکات بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی فەرمی هەموو کورد. بەمشێوەیە، لە ململانێی شێوەزارە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی پێگەیەکی فەرمییان هەبێت، ئەو شێوەزارەی کە نوێنەرایەتی ئەو زارە دەکات کە دەسەڵاتی دیمۆگرافی و ئابووری و سیاسی زیاتری هەیە، پێدەچێت پشتیوانی میدیایی زیاتری هەبێت و ئەو جۆراوجۆرییە لەڕووی زمانەوانییەوە لە ئامرازە جیاوازەکانی میدیای گشتیدا نوێنەرایەتی بکرێت. لە دۆخی ئێوەدا، دۆخەکە دەتوانێت ئاڵۆزتر بێت، لەبەرئەوەی هێزە سیاسییەکان یان ئابوورییەکان کە نوێنەرایەتی زارە/ شێوەزارە جیاوازەکان دەکەن، ڕەنگە پرسەکانی

پلاندانانی سیاسەتی زمان بۆ مەبەستە سیاسییەکانیان بەکاربهێنن و ئامانجی سەرەکی بۆ کورد، بۆ کارکردن لە پێناو هەڵبژاردنی گونجاوترین شێوەزار وەک زمانێکی فەرمی ڕەنگە بە تەواوی پشتگوێ خرابێت.

**پرسیار/** میدیا چ ڕۆڵێکی لە پاراستن یان مەترسی خستنە سەر زمانی کوردی هەیە؟

**وەڵام/** باوەڕم بەوە نییە کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن بریتیبێت لە پاراستن یان مەترسی خستنە سەر زمان، بەڵکو میدیا گۆڕەپانێکە کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی جۆراوجۆری زمانە، یان ڕەنگدانەوەی هەڵوێست یان ڕێبازە جۆراوجۆرەکانە، بۆ زمان کە لەلایەن ئایدۆلۆژیاوە مەرجدار کراوە، دەکرێت دۆخێک هەبێت میدیاکان کە نوێنەرایەتی زارێکی دیاریکراو/ شێوەزارێک یان گروپێک بکەن، هەوڵبدەن بۆ تایبەتمەندیی (واتە پشتگیریکردن لە هەڵبژاردنی شێوەزارێکی دیاریکراو وەک زمانێکی فەرمی)، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەت و پلاندانانی زمان لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتادایە، بۆیە دەکرێت میدیا بە باشی خزمەتی ئەم بابەتە بکات.

## ” میدیا بەزۆری وەک هێزێکی نەرم بۆ یارمەتیدانی ئایدۆلۆژیا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە کاردەکات، ئاشکرایە ئەو میدیایەی کە پاڵپشتی ئەو شێوەزارە دەکات کە خاوەنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییە لە ناوچەکەدا “

**پرسیار/** ڕێبازی گونجاو بۆ میدیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی کوردی بە شێوەیەکی کاریگەر چییە؟

**وەڵام/** پێدەچێت ڕێگەی جیاواز بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی سیاسەت و پلاندانانی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر هەبێت، هەرچەندە بیرۆکەکەم تەواو دیموکراسیانە دەرناکەوێت، بەڵام پێدەچێت کاریگەرترینیان سیاسەتی زمان بێت، واتە هەنگاوی یاسایی یان کارگێڕیی زیاتر بنێت. چاوخشاندنێکی زۆر کورت بە مێژووە جیاوازەکانی سیاسەتی زمان، نیشان دەدات کە دەستپێکردن لە چالاککردن و ڕۆڵپێدانی "ئەکادیمیا"ی زمانەوە کە ئامانجی بەردەوام مامەڵەکردنە لەگەڵ پێگە و

ستانداردکردن و شکۆمەندیی زمان. لەڕاستیدا ئەو دامەزراوەیە دەتوانێت بە باشی کار بۆ گەنجینەی زمانیی بکات، یان بڕیار لەسەر بە فەرمیکردنی زمان بدات و هەوڵی گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی زمان و هتد بدات. هەروەها ئەکادیمیا پێویستە ڕۆڵی جیددی لە شێوازی مامەڵەکردنی میدیا لەگەڵ زماندا هەبێت. ئەم جۆرە هەنگاوانە زۆر گرنگن، بەڵام پێدەچێت دروستکردنی زمانێکی فەرمی/ نەتەوەیی بۆ کورد بە ڕێزمانی ستاندارد، گەنجینەی وشەسازی و پەسەنکردنی شێوازێکی گۆکردنی زمانیی گرنگتر بێت. هیوادارم دواجار کاربکرێت بۆ ستانداردکردنی شێوەزارێکی کوردی کە لە هەموو ناوچەکانیتری کوردستانەوە پەسەند بکرێت.

پ.د.جەعفەر شێخولئیسلامی:

# کاریگەرییەکانی میدیا بەسەر زمانەوە فرەڕەهەندە



پرۆفیسۆر د. جەعفەر شێخولئیسلامی، مامۆستایە لە زانکۆی Carelton لە کەندا و خاوەنی دەیان توێژینەوەی زانستی و وتاری تایبەتە لەسەر زمانەوانی و سیاسەت و پلاندانی زمانیی. لەم دیدارەدا بە وردی سەرنجەکانی لەسەر کاریگەری میدیا لەسەر زمانی کوردی دەخاتەڕوو:

دیداری: گۆڤاری زمانەوانی
داڕشتنەوەی: لازیا عەلی مەحموود
خوێندکاری قۆناغی چوارەم- بەشی وەرگێڕان- زانکۆی جیهان-سلێمانی

میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە سیاسەت و پلاندانانی زمانیدا دەبینێت، هەم لە ئاست زمانی باڵادەستدا و هەم لە ئاست زمانی کەمینەکراودا. با سەرەتا باسی میدیا و زمانی باڵادەست بکەین، وەکو کوردیی ناوەندیی لە باشووری کوردستان بە گشتی، هەروەها بادینی لە پارێزگای دهۆک. میدیا دەتوانێت سێ دەور بۆ پلاندانانی زمانی باڵادەست بگێڕێت:

١/ میدیا ڕۆڵێکی گرنگ لە یەك دەستکردن و ستانداردکردنی شێوەزاری باو و پێوەر دەبینێت. دەتوانێت وشەی یەکدەست لە کۆمەڵدا بڵاوبکاتەوە، ڕێزمانی خوازراو پەرەپێبدات و ڕێنووس یەکدەست بکات.

٢/ بە کەڵک وەرگرتن لەو شێوەزارە باڵادەستە، پلە و پایەی بەرز دەکاتەوە. بە درێژایی مێژوو، لە دوای پەروەردە، میدیا لەو گۆڕەپان و دامودەزگا گرینگانە بوون کە ئاست و پایەی زمانێکیان لە کۆمەڵدا بەرز کردووەتەوە. زمانێک کە لە میدیادا کەڵکی

لێوەردەگیرێت، بە تایبەت بۆ بابەتی مۆدێرن و سەردەمیانە، وەکو تەبلیغات، سپۆرت، دەنگوباس، بابەتی زانستی، ڕەنگ و ڕوویەکی سەردەمیانە، پێشکەوتووانە و مۆدێرنی پێدەدرێت.

٣/ هەر ئەم هۆیەی یەکەم و دووهەم دەبنە هۆی بڵاوبوونەوە و زۆرتر پەرەگرتنی زمانی ستاندارد.

هەروەها میدیا دەتوانێت کاریگەریی لەسەر زمانە کەمینەکراوەکان هەبێت، هەم لە لایەنی نەرێنییەوە و هەم لە لایەنی ئەرێنییەوە. لە لایەنی ئەرێنییەوە، میدیا دەتوانێت دەرەتان بۆ زمانە کەمینەکراوەکان پێکبێنێت، بۆ ئەوە کە کەڵکیان لێوەربگیرێت و بەمجۆرە بەخۆدابێن. لە ئاستێکی دیکەشەوە، چونکە ئاخێوەرکانی زمانە کەمینەکراوەکان لەژێر تەوژمی زمانی باڵادەستدان، لەوانەیە زمانەکەیان زۆرتر بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، بۆ نمونە، بۆ هەزاران ساڵ، شێوەزاری هەورامی لە ناو "[کۆمەڵە شاخە سەخت و گەردن کەشەکان]"دا تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر خۆی پاراستووە، بەڵام، ئێستا ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە، لە چەند بواری سەرەکییەوە، یەک لەوانە میدیا، لەژێر کارتێکەریی میدیای کوردیی ناوەندیدان. ئەمەش بە بێ کارتێکەریی نەرێنی نابێت، مادام ئەوە کە سیاسەتێکی زمانیی تۆکمە و دڵسۆز هەبێت کە ئەو شێوەزارە و شێوەزارەکانی دیکە بپارێزێت، لە ڕێگەی پەروەردەوە، یان لە ڕێگەی وەرێخستنی میدیا بەو شێوەزارانەوە و هتد.

## پلاتفۆرمە میدیاییەکان لە چ ڕوویەکەوە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو شکۆمەندییە هەبێت کە پەیوەستە بە زمان یان زارەکانی زمانی کوردییەوە؟

میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت لە زیندوو کردنەوە، دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی هەموو زمانەکاندا، بەو مەرجە کە خەڵک لەسەر ئەو پلەتفۆرمانەدا کەڵکیان لێوەربگرن، بەڵام وەکو گوتم، ئەگەر بڕوانینە زمانی زۆرینە و کەمینە، یان زمانی باڵادەست و ژێردەست، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر سیاسەتێکی تۆکمە و دیمۆکراتیک لە ئارادا نەبێت، میدیا دەتوانێت شێوەزارە پەراوێزخراوەکان زۆرتر بخاتەلاوە. ئەمە دوو هۆی هەیە:

١/ ژمارە و دەسەڵاتی پلاتفۆرمەکان و ماڵپەڕەکان و ئەپەکانی زمانی باڵادەست هەمیشە

زۆرترە. بۆ وێنە، ئەگەر یەک ماڵپەڕ بە هەورامی بنووسێت یان ناوەرۆک بڵاوبکاتەوە، ٥٠٠ ماڵپەڕ ئەمە بە سۆرانی دەکەن و ١٠٠ ماڵپەڕیش بە بادینی دەیکەن.

٢/ هەر ئەم زۆربوونی ماڵپەڕی زمانی باڵادەست ئەو زمانە خۆشەویستتر و سروشتی دەکات لە لای ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکراوەکانیش. ئەمە بە تایبەت ڕوو دەدات کاتێك ئاخێوەرەکانی زمانە بندەستەکان بە زمانی باڵادەست دەچنە فێرگە و خوێندنگەکان. خوێندن بە هەر زمانێک ڕەوایەتی و باڵادەستی دەدات بەو زمانە؛ زمانێک کە لە چوارچێوەی فێرگەدا پەراوێزخرابێت، لە کۆتاییدا لە هەموو شوێنێک، تەنانەت لە ناو بنەماڵەدا، لە ناو چیاکانیشدا دەکەوێتە پەراوێزەوە. لە سەردەمی خوێندەواریی گشتی و میدیای سەردەمدا، ئەمە ڕەوتێکی خەمبار و جێگەداخە کە ڕاناوەستێت، مەگەر سیاسەتێکی زمانیی دێموکراتیک هەبێت.

**” ئەگەر سیاسەتێکی تۆکمە و دیمۆکراتیک لە ئارادا نەبێت، میدیا دەتوانێت شێوەزارە پەڕاوێزخراوەکان زۆرتر بخاتەلاوە “**


پلاتفۆرمەکانی سۆسیال میدیا، وەکو ئینستگرام، دەورێکی گرینگ دەگێڕن لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستانی ڕۆژهەڵات. بە دەیان و سەدان ماڵپەڕ بۆ فێرکردن و فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی تەرخانکراون، لە کاتێکدا کە ئەمە لە فێرگەکانی ئێران ڕێگەیان پێنەدراوە. بە دەیان ماڵپەڕ زاراوە و پەندی پێشینیان زیندوو ڕادەگرن و بڵاویاندەکەنەوە. ئەم ماڵپەڕانە بوون بە پێگەگەلی چالاکیی زمانی. لە لایەن گەنجەکانەوە بەڕێوە دەچن و بۆ گەنجەکانیشن. ئەمە گرنگە و هیوا و ئومێدێک دروستدەکەن، کە سەرەڕای پشتگوێخستنی زمانی کوردی، بە هەموو شێوەزارەکانییەوە، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، لاوانی ڕۆژهەڵات زمانەکەیان دەپارێزن و دەوڵەمەندتری دەکەن. خەڵک پێویستە پشتیوانی لەم ماڵپەڕانە بکەن، نیشانەی حەزیان بۆ دابنێن و دوایان کەون. با ئەو ماڵپەڕانە ئاست و پلەی زمانەکەشیان باوتربن، واتە زمانی کوردی، بەرزتر بێتەوە. دەرفەتە ئەمە بڵێم، کە هەموو تاکێکی کورد دەتوانێت بە ڕادەی خۆی و لە ئاستی خۆی زمانەکەی خۆشبوێت و پەرەی پێبدات.

**میدیا چۆن کاریگەریی لەسەرفێربوونی زمانی دووەم لە نێوان گروپە تەمەنییە جیاوازەکاندا هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا؟**

لە سەرەوە باسم کرد کە سۆشیال میدیا لە شوێنێکی وەکو ڕۆژهەڵات بوون بە پێگەی چالاکی و خۆڕاگریی زمانی. لە شوێنێکی وەکو باشوور سۆسیال میدیا بوون بە دەنگی خەڵک، بە تایبەت ئەو خەڵکانەی کە خاوەنی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن نین. هەندێک بوون بە سەرچاوەی داهات و چالاکیی ئابووری. گرنگ ئەمەیە کە هەموو ئەمانە بە زمانی کوردی دەکرێن. لە ڕۆژهەڵات بە سەدان کەس لە سەر سۆسیال میدیا فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون و دەبن. لە هەموو کوردستان و دنیا، گەنجەکان بە هۆی سۆسیان میدیاوە فێری زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە دەبن. لە پۆلی زماندا، لە زۆربەی دنیا، مامۆستا داهێنەرەکان بۆ وانە گوتنەوە کەڵک لە میدیا وەردەگرن، بۆ نمونە با ئەوە نیشان بدەن کە زمانی ئینگلیزی، یان کوردی، چۆن دەنگوباسی پێدەنووسرێت، چۆن تەبلیغات و ڕێکلامی میدیایی پێدەکرێت، چۆن فیلمی پێ بەرهەم دەهێنرێت یان بازاڕی پێدەکرێت. ئەمانە هەمووی بۆ فێربوونی زمان گرنگن. زمان هەر بریتینیە لە چاکوچۆنی کردن، یان فێربوونی ڕێزمانی نێو کتێب. لە کۆتاییدا، زمان باش فێربوون واتە باش کەڵک لێوەرگرتن. ئەگەر یەکێک هەموو ڕێزمانی زمانێکیش لەبەر بکات، بەڵام نەتوانێت پاراگرافێکی پێ بنووسێت، یان دانوستانێکی لە سەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی پێبکات، کەڵکی نییە. جا ژانرە و دەقی میدیایی دەتوانن سەرچاوەی ڕاست و ئەسڵ (نابەدەڵ، ناقەڵب) بدەنە دەست مامۆستاکان و خوێندکارەکان بۆ ئەوە کە زمانێکی سروشتی لە ئەمانە فێر ببن.

پ. د. وریا عمر امین:

# نەتەوە چەند ڕۆشنبیر بێت، زمانەکەشی بەو ڕادەیە بەهێز و دەوڵەمەند دەبێت



د. وریا عمر امین
* ١٩٤٧/٣/١٥ لەشاری کۆیە لەدایک بووە.
* ١٩٧١ بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی بەغداد بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
* ١٩٧٢–١٩٨٠ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.
* ١٩٩٢ پلەی پڕۆفیسۆریی وەرگرتووە، یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا بەدەستبێنێت.
* ٢٠٠٤ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
* پڕۆفیسۆری زمانەوانییە لەزانکۆی بەغداد و پرۆفیسۆری وانەبێژە لە زانکۆکانی سەڵاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین.

سازدانی: هاوار نەسرەدین

سەبارەت بە پرسی کاریگەریی پلاتفۆرمە میدیاییەکان بەسەر بە زمانەوە، داخۆ لە چ ڕوویەکەوە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو شکۆمەندییە هەبێت کە پەیوەستە بە زمان یان زاراوەکانی زمانی کوردییەوە؟ پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عمر امین کە یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لەزمانی کوردیدا بەدەستهێنابێت پێی وایە پلاتفۆرمە میدیاییەکان بە پێشکەشکردنی بەرنامەکانیان بە زمانێکی ڕوون و ڕەوانی بێ هەڵەی ڕێزمانی و بێ بەکارهێنانی وشە و زاراوەی نامۆ، کە لەگەڵ سروشت و ڕێزمانی زمانەکەمان ناگونجێن دەتوانن کاریگەر بن. بەداخەوە وەک دەردەکەوێت میدیاکانمان لەم ڕووەوە نەختێک کەمتەرخەمن. زۆربەی کارمەندەکانیان گەنجی کەم ئەزموونن. بە بۆچوونی خۆیان وشە و زاراوە و دەربڕینەکان دادەڕێژن. بۆیە لەنگی و هەڵەی زمانی دەکەوێتە کارەکانیانەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەمە دەبێت ئێمەش، وەک وڵاتان هەر دەزگایەکی میدیایی، ڕاوێژکاری زمانەوانیی ئەزمووندراری هەمیشەیی خۆی هەبێت، بەبێ چاودێری و ڕەزامەندیی ئەم هیچ دەنگوباس و ناونیشان و نووسینێک بڵاونەکرێتەوە.
هەروەها لەبارەی ڕۆڵی میدیا، کە چۆن کاریگەریی لەسەر فێربوونی زمانی دووەم لەنێوان

گروپە تەمەنییە جیاوازەکاندا هەبووە، بەتایبەتی لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا؟ بۆچوونی دکتۆر وریا عمر امین کە سەرپەرشت و سەرۆك و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆی زیاتر لە ٣٥٠ نامەی ماجستێر و دکتۆرا بووە لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا, بریتییە لەوەی کە فێربوونی زمانی دووەم ئەرکی میدیا نییە. ئەوەندەیە فێرخواز دەتوانێت سوود لە کەناڵ و ئێزگەکان وەرگرێت بۆ فێربوونی زمانی تر. بۆ نموونە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، بیستن و بینینی کەناڵە ئینگلیزییەکان ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت لە فێربوونی.

هەندێك لە کەناڵەکان بەرنامەی تایبەتییان هەیە بۆ فێرکردنی زمانێکی تر. لە ئەنتەرنێتیشدا گەلێك سایت و ماڵپەڕ هەن بۆ فێرکردنی زۆر لە زمانەکان.


**” میدیا دەبێت شانبەشانی هێزەکانی تری بەرگریی نەتەوەیی، ڕۆڵی سەرەکی لە وشیارکردنەوەی خەڵکەکە بگێڕێت لە پێناو پاراستنی زمانەکەمان “**

دکتۆر وریا عمر امین کە زیاتر لە هەزار وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی لەبارەی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و ساڵنامە و مێژوو و زانستدا نووسیوە لەمەڕ چییەتی ڕۆڵی میدیا لە پاراستن/ هەڕەشە بۆ سەر زمان و شێوەزارە و زار و بن- زارەکانی زمانی کوردی ئاماژە بەوە دەدات, کە زمان هێز و ناسنامەی نەتەوەیە. مانەوەی نەتەوەش بەندە بە مانەوەی زمانەکەی. هەر نەتەوەیەک زمانەکەی لاواز بوو یا لەدەستی دا، بوون و جوگرافیا و فەرهەنگ و کولتوورەکەشی لەدەست دەدات. هەر لەبەر ئەمەیە ڕژێمە ڕەگەزپەرستە دڕندەکان بۆ بنبڕکردنمان، زمانەکەمانیان کردووەتە ئامانج، بە گرتنەبەری سیاسەتی عەرەباندن و تورکاندن و سووکایەتیکردن بە زمانی کوردی کە گوایا زمانی جنۆکە و دۆزەخە.
لێرە گرنگێتی میدیا دەردەکەوێت. میدیا دەبێت شانبەشان هێزەکانی تری بەرگریی نەتەوەیی، ڕۆڵی سەرەکی لە وشیارکردنەوەی خەڵکەکە بگێڕێت لە پێناو پاراستنی زمانەکەمان.
سەبارەت بە پرسیاری ڕێگای دروست چییە تاکو میدیای کوردی بیگرێتە بەر بۆ مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردییدا؟ دکتۆر وریا عمر امین پێی وایە زمان ڕەنگدانەوەی ئاستی هزر

و ڕۆشنبیریی نەتەوەیە. نەتەوە چەند ڕۆشنبیر بێت، زمانەکەشی بەو ڕادەیە بەهێز و دەوڵەمەند دەبێت. لێرە گرنگێتیی میدیا دەردەکەوێت. میدیاکان ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆشنبیرکردن و ڕاونانی دواکەوتوویی و جەهالەت دەگێڕن. پێویستە میدیاکان بایەخ بە زمانەکە بدەن بە پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە زمان، بە بەشداربوونی زمانەوانان و پسپۆڕان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونداران، لەپێناو وشیارکردنەوەی خەڵکەکە بە دەرخستنی گرنگێتیی زمان و ڕێکارەکانی پاراستنی و گەشەپێدانی.

گرنگترین خاڵ ئەوەیە مەرج و پێوانەی سەرەکیی میدیاکان لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی کارمەند و بێژەرەکان تەنها شێوەی ڕوخسار و دەنگ نەبێت. لەمانە زۆر گرنگتر ئەوەیە دەبێت لەڕووی زمان و ڕۆشنبیریی گشتییەوەش شایان بن. وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، پێویستە هەر دەزگایەکی میدیایی ڕاوێژکاری زمانەوانیی ئەزموونداری هەمیشەیی هەبێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت حکومەت و دەزگا فەرمییەکان بە جیددی بەرپرسێتیی خۆیان بگرنە ئەستۆ بە چاودێریکردنی میدیاکان بۆ ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنماییەکان.



# میدیا؛ زمان و کولتوور

# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی



*پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە خوێندنی کەمیونیکەیشن، کولتوور و میدیا
*پسپۆڕی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی کەسیی لە کولتوورەکانی ڕۆژنامەگەرییدا
*سەرۆکی رێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمک)
*سەرنووسەری گۆڤاری دەرگاوان تایبەت بە پەروەردەی میدیایی

د.شوان ئادەم ئەیڤەس

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردن و بە زمانی کوردی دەدوێن و دەنووسن؛ خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیی و پەخشکراو و چاپکراو-دا بەجۆرێك پەرەیسەندووە کە ئێستا بووە بە هەڕەشە و مەترسیی لەسەر مانەوە و بەردەوامیی بەکارهێنانە دروستەکەی لەڕووی ئاست و ئاڕاستە نوێکانی ڕێنووس و ڕێسا و یاساکانی زمان!

زمان (language) و ئاستەکانی دەنگسازیی (phonology)، وشەسازیی (morphology)، ڕستەسازیی (syntax) و واتاسازیی (Semantics)؛ لە سەرجەم کەرت و کایەکاندا بزوێنەری سەرەکیی ژیانی ڕۆژانەی کەسەکانن. لەم نێوەندەشدا ڕاگەیاندن وەك ئاوێنەیەك ئەم پەیوەندییە بەرجەستە دەکات؛ زیاتر لە هەر سەکۆیەکی دیکە دەربڕی ئاست و ئاڕاستەکانی زمان-ە، چونکە دەتوانرێت ئاستی تاکەکان لە ڕاگەیاندن-دا و لەڕێگەی زمانیانەوە دەستنیشان بکرێت. تەنانەت لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانیشدا ئەگەرچی تاکەکان بە وێنە نابینرێن، بەڵام ئاستی قسەکردنیان بە زمانەکەیاندا دەپێورێت و زۆرجار ڕاگەیاندنەکان کاریزمای هەڵکەوتوو دەناسێنن. کەواتە ئەستەمە ڕاگەیاندنەکان بەبێ زمان بتوانن پەیامی خۆیان بگەیەنن، چونکە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن؛ پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە و هیچیان ناتوانن دەستبەرداری

ئەویتریان ببێت. هاوکات ڕاگەیاندن زۆرجار دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ تۆکمەبوونی زمان؛ وشە و دەستەواژە نوێ و زانستەکان لەڕێگەی سەکۆ جیاوازەکانی ڕاگەیاندن-ەوە بۆ نێو خێزانەکان دەگوازرێتەوە و تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریاندەهێنن (ئەسعەد، ٢٠١٣).

ڕاگەیاندن (Media) کە ئامانج لێی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان نێرەرو وەرگر-دا؛ لە ڕێگەی ناردنی پەیامێك لە نێرەر بۆ وەرگر بەهۆی زمانێکی هاوبەش و سەکۆیەکی ڕاگەیاندن، کاردانەوە و کاریگەریی پەیامەکە لەسەر یەکتری بەجێدەهێڵن. هەربۆیە ئەرکی گەیاندنی ئەم پەیامە دەکەوێتە ئەستۆی ڕاگەیاندن و سەکۆ جیاوازەکانی، چونکە زمان لە کاری ڕاگەیاندن-دا ڕەگەزێکی سەرەکیی و بنچینەییە. لەو ڕوانگەیەوە؛ زمانی ڕاگەیاندن دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێت کە بریتییە لە بیر و خواست و ئامانج، چونکە ڕاگەیاندن بەبێ زمان بوونی نییە. لە زانستی زمان-یشدا، زمان هۆکارە بۆ بیرکردنەوە و ڕێکخستنی ژیان و لەڕێگەی زمان-ەوە پەیوەندییەکان ڕێکدەخرێن و چوارچێوەیان بۆ دادەنرێت؛ بەپێچەوانەیشەوە زمان دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی نەرێنیی بۆ خراپکردنی پەیوەندییەکان. لێرەوە زمانی ڕاگەیاندن؛ وەك وابەستەییەك بە کۆمەڵ و کولتوورەوە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا شرۆڤە دەکرێت و دەبێتە ڕایەڵەیەك لەنێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵدا. خوودی ئەم زمانەیش؛ چەندین ڕەهەندی ڕۆشنبیریی، دنیابینی، زانستیی و هزریی لەخۆگرتووە. واتە بیری تاکەکان لەڕێگەی ئامێرێکی پەیوەست بە زمانەوە؛ ڕاگەیاندن بەرهەمدێنێت (عومەر و عەبدولرەزاق، ٢٠١٩). زمانی ڕاگەیاندنیش؛ مەبەست لێی ئەو زمانە گشتییە ئاسانەیە کە سەرجەم چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگە بە جیاوازیی زار و زارۆچکەکانەوە بەکاریدەهێنن و لێی تێدەگەن. بەتایبەت ئەو زمانی دەربڕینەی لە گەیاندنی پەیامەکاندا و لەڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە بەکاردەهێنرێت. لە ژیانی ڕۆژانەیشدا؛ ئەرکی زمانی ڕاگەیاندن ئاسان نییە، چونکە لە چرکەیەکدا دەگاتە ملیۆنەها کەس کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندیی پەروەردەیی، جوگرافیی، زەوق و سەلیقە و پاشخانی هزریی جیاوازن و هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی ئاستەکانی زمان دەدەن. لێرەشەوە، ئەرێنیی یان نەرێنیی بەکارهێنانی ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندن گرێدراوی ئەو پەیامانە دەبێت کە لە نێرەرەوە دەگەیەنرێنە وەرگر؛ جا لەشێوەی پەیوەندییگرتنی ڕووبەڕوودا بێت یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی دراما و بەرنامە کۆمیدییەکان و گەشتی بەردەوامی هەواڵەکانەوە بێت. واتە پەیوەندیی نێوان زمانی ڕاگەیاندن و زانستی زمان پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و کاریگەرە، چونکە لێکەوتەی گەشەی زمانی لە سەرجەم ئاستەکانی فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و سیمانتیك-دا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لە دەوڵەمەندکردنی

زمان-دا دەبێت. لەو چوارچێوەیەشدا؛ ڕاگەیاندن سەرەڕای ئەرکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتیی، یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی بریتییە لە خراپ بەکارنەهێنانی زمان (قادر، ٢٠١٩). کوردیی؛ یەکێکە لەو زمانانەی لەم ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەکی زۆر خراپ لەلایەن ئاخێوەرانی لە ڕاگەیاندن و سەکۆ جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، چونکە جگە لەوەی یاساکانی زمان تێکدەشکێنن، هاوکات پێڕەوی لە خاڵبەندیی و ڕێنووس و ڕێساکانی دروستنووسین ناکەن. بۆ نمونە، سادەترین یاسای زمانی کوردیی بۆ دروستکردنی ڕستە لە بکەر(subject)+بەرکار(object)+کردار(verb) پێکدێت، بەڵام بە دەگمەن نەبێت؛ بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی پەیامی میدیایی پێوەی پابەندنابن!

**” ڕاگەیاندنەکان کاریزمای هەڵکەوتوو دەناسێنن. کەواتە ئەستەمە ڕاگەیاندنەکان بەبێ زمان بتوانن پەیامی خۆیان بگەیەنن، چونکە پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن؛ پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە “**

دەرخستنی ئاستی خراپ بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندن لە بەرنامە کۆمیدییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و کاریگەرییان لەسەر بینەران؛ ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەیەکی زانستیی بوو کە تێیدا بۆچوونی ١٤٥ بەرتوێژ وەرگیرابوو لەگەڵ شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ بابەتەکانی ١٢ ئەڵقەی "بەرنامەی بەزمی بەزم" لە چەناڵی کوردماکس. لەدەرئەنجامدا؛ ئاشکرابوو کە خراپ بەکارهێنانی ئاستەکانی زمانی ڕاگەیاندن لە بەرنامەی بەزمی بەزم-دا، کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر بینەرانی بەرنامەکە هەبووە. بەجۆرێك زۆرینەیان ئەو بۆچوونانە پشتڕاستدەکەنەوە کە ئەگەرچیی کوردماکس؛ وەك چەناڵێکی خۆشباری (ترفیهی) کوردیی، "هەندێجار" لەلایەن زۆرترین بینەرەوە سەیری بەرنامە سەرەکییەکانی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا هاوڕان کە ئەو بەرنامەیەی کوردماکس؛ بووەتە سەکۆیەکی میللیی بۆ ئاساییکردنەوەی جنێودان، بەخشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندنی کەس و گروپەکانی کۆمەڵگە و هۆکارێك بۆ شێواندنی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی، بەرهەمهێنانی توندووتیژی زارەکیی و دەروونیی و تۆخکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکانی نێوان نێر و مێ. ئەوە جگە لەوەی کە بووەتە هۆی تێکدانی زەوق و سەلیقەی بینەرانی و ڕێزنەگرتنی

خواستەکانیان و زیاتر بەدگۆیی و لاساریی منداڵان و هەرزەکاران و هۆکاری بێبەهاکردنی ئەتەکێتی کارکردنی هونەریی و بنەما پەروەردەییەکان و سووکایەتییکردن بە خێزان و کولتووری کوردیی و تایبەتمەندییەکانی. هاوکات توێژینەوەکە لە ناوەخنی بابەتەکانی ئەڵقە پەخشکراوەکانیشییەوە، بە هەمان دەرئەنجام گەیشتووە کە بەئامانجگرتنی پێکەنین، برەودان بە زمانی بازاڕیی، برەودان بە کولتووری باوی پیاوسالاریی و جیاکاریی جێندەری، برەودان بە تابۆ کۆمەڵایەتیی و سێکسییەکان، شێواندنی یاسای زمان و تێکەڵاوکردنی شێوەزارەکان، برەودان بە ناو و ناتۆرەی کەسەکان، بەهەندوەرنەگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەکان و پێشێلکردنی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و پێوەرەکانی؛ ناسنامەی سەرەکیی بەرنامەی بەزمی بەزم-ە لە چەناڵی کوردماکس. هەربۆیە توێژینەوەکە چەندین ڕاسپاردەی ئاڕاستەی بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکە و لایەنە پەیوەندییدارەکان کردووە، لەوانە: ڕاگرتنی بەرنامەی بەزمی بەزم و بەرنامە هاوشێوەکانی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتیی؛ بە ئامانجی هەرچی وردتر پێداچوونەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی بەرنامەکان لەڕووی زمانەوانی، میدیایی، یاسایی و هونەرییەوە (ئەیڤەس و عەبدوڵڵا، ٢٠٢١).

جا ئەگەر ئاستەکانی خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەلای بەرهەمهێنەرانی پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنیی تۆڕێکی میدیایی وەك کوردماکس هێندە بەرز و بەربڵاوبێت؛ بەدڵنیاییەوە کاریگەرییەکی نەرێنیی بەرفراوانتری لەلای بینەرانی پرۆگرامەکە و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەجێهێشتووە، چونکە لە چەرخی نوێی زانیارییەکان و ڕۆژگاری بەربڵاویی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندنی نوێدا، پەیوەندیی ڕاستەوانەی نێوان زمان و ڕاگەیاندن وایکردووە؛ ئەم دوو زانستە ببنە دوو دیوی یەك دراو کە ئامانجەکانی یەکتری تەواو بکەن و هیچیشیان نەتوانن دەستبەرداری ئەویدیکەیان بن. کەواتە کەمیی ئاستی هۆشیاریی بەکارهێنەرانی سەکۆکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەك و نەبوونی هیچ دەزگە و دەمەزراوەیەکی چاودێریی و هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی میدیایی و زمانەوانیی بەرهەمهێنەران لەلایەکی دیکەوە؛ دوو دیارترین هۆکاری خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی و شێواندنی یاسا و ڕێنووس و ڕێساکانی دروستنووسین و دروستگۆکردنن. باشترین پێشنیاز بۆ چارەسەری ئەم دۆخەیش؛ چڕکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیاریی و کارکردنە بۆ ڕێکخستنی دوانەی زمان و ڕاگەیاندنی کوردیی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەڕێگەی دەستەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییەوە، چونکە بەبێ ڕێکخستن و دیارییکردنی پێوەرەکانی، ئەم شێواویی و پاشاگەردانییە درێژەی دەبێت. بەتایبەت ئێستا کە نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردیی و نەبوونی خاوەنێکی ناسراوی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛

دەرگای لەبەردەم زیاتر خراپ بەکارهێنانی زمان و نادروستیی پەرەگراف و ڕستە و وشەی ناباو کردوەتەوە و هەرکەسە و بۆخۆی یاسا و ڕێسا و خاڵبەندیی بۆ نووسین و قسەکانی دادەنێت!

**سەرچاوەکان:**

١.د.شـوان ئادەم ئەیڤەس، ٢٠٢٠: ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. لە چاپکراوەکانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سلێمانی، چاپخانەی سارا.

٢.چۆلی ئەسعەد، ٢٠١٣: زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

٣.پ.ی.د.تریفە عومەر و پ.ی.د.کاوە عەبدولرەزاق، ٢٠١٩: ڕۆڵی ماسمیدیا لە بەرهەمهێنانی واتای کۆمەڵایەتییدا، لە کتێبی توێژینەوەی میدیایی، کۆکردنەوەی پ.ی.د.یەحیا عومەر ڕێشاوی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی، سلێمانی، چاپخانەی سارا.

4.AIVAS, SH, A. and ABDULLA, M, K., 2021. The Effects of Media Language Using of Comedian Program Audiences of Kurdish Televisions; BEZMÎ BEZM Program at KurdMax TV as A Case Study. Journal of Raparin University 8(1):144-186

5.AIVAS, SH, A., 2017. Kurdish Journalism Cultures; Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. Ph.D. thesis, Nottingham Trent University

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پاراستنی پێگەی زمانی کوردیدا



د. فازل حەمەسەعید

د. فازل حەمەسەعید
* ماستەر لە زمانی عەرەبی/ زانکۆی سەلاحەدین
* ماستەر لە وەرگێڕان/ زانکۆی لیۆن
* دکتۆرا لە زمانەوانی/ زانکۆی لیۆن، فەڕەنسا
* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
* سەرنووسەری گۆڤاری ئاژین

بەپێی ئامارەکانی یونسکۆ زیاد لە ۷۰۰۰ زمانی جیاواز لە جیهاندا هەن، بەڵام ئەم زمانانە لەڕووی پێگە و بەکارهێنانەوە وەک یەک نین، نیوەی ئەو زمانانە بە ئەندازەی جیاواز پارێزراون و خزمەت کراون، بەڵام نیوەکەی تر لە بەردەم مەترسی لەناوچووندان، ئەو مەترسیەش هێندە گەورەیە هەر دوو حەفتە جارێک وەک فریشتەی گیانکێشان بەرۆکی زمانێک دەگرێت و لە خشتەی زمانەکاندا دەیسڕێتەوە، واتە ساڵانە ۲۵ زمان لەناو دەچن.

کەواتە زمانەکانیش وەک هەر بوونەوەرێکی تر دەژین و دەمرن، دەکرێت تەمەنیان درێژ یان کورت بێت، ئەمەش بەپێی شێوازی پاراستنیان، یان بڕی ئەو مەترسیانەی لەسەریانە. لەناوچوونی هەر زمانێکیش کۆستێکی گەورەی فەرهەنگییە، چونکە لەگەڵ خۆیدا جیهانێک و مێژوویەکی فراوان دەبات و دەیپێچێتەوە.

پاراستن و هێشتنەوە و تۆکمەیی هەر زمانێک پێویستی بە پلان و بەرنامەڕێژی ورد و زانستی و واقعی هەیە، جا ئەو زمانە مەترسی لەسەر بێت، یان یەکێک بێت لە زمانە زیندووەکان. ئەگەر سەرنجی زمانی فەڕەنسی بدەین دەبینین یەکێکە لە زمانە دیارەکانی جیهان، یەکێکە لە شەش زمانەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، زمانی فەرمی ۲۲ دەوڵەتە؛ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام چەقی بازنەی گرنگیپێدانی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتەوەیە، بەردەوام لە سێ ئاستدا بەرگریان لێکردووە:

**یەکەم:** ئاستی ناوخۆیی، لەم ئاستەدا چەند ڕێککارێک گیراونەتە بەر، لەوانە:
- پەیڕەوکردنی سیاسەتی یەک نەتەوە و یەک زمان.
- خوێندن بە فەرەنسی لەسەرجەم قۆناغەکاندا، بەتایبەت سەرەتایی، کە منداڵ تەنها بە فەرەنسی دەخوێنێت و فەرەنسی فێر دەبێت.
- سەرپشککردنی قوتابی لە هەڵبژاردنی چەند زمانێکدا لە قۆناغەکانی دوای سەرەتایی، تا هەژموونی تاقە زمانێک -بەتایبەت ئینگلیزی- باڵ بەسەر فەرەنسیدا نەکێشێت.
- گرنگیدان بە فەرهەنگەکان و ڕێگریکردن لە هاتنە ژوورەوەی وشەی بێگانە.
-چاودێریکردنی ڕاگەیاندن و بوارەکانی تریش، بە پێی یاسای تۆبۆن.
**دووەم:** ئاستی ئەوروپی، لەم ئاستەشدا فەرەنسا هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە، بۆ نمونە:
- ساڵی ١٩٩٤ فەرەنسا پێشنیازی کرد پێنج زمان لە کۆبوونەوە و نووسینەکانی یەکێتی ئەوروپادا بەکار بهێنرێن، ئەمەش بۆ ڕێگریکردن لە هەژموونی ئینگلیزی و جێکردنەوەی فەرەنسی، لە حاڵەتی بەکارهێنانی یەک زماندا بە دڵنیاییەوە ئینگلیزی هەڵدەبژێردرا.
- فەرەنسا جەختی لەوە کردەوە لە دوای قۆناغی سەرەتاییەوە سێ زمان لە ناوەندەکانی خوێندنی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا بخوێنرێن، بۆ ئەوەی ئەگەری هەڵبژاردنی زمانی فەرەنسی زیاتر بێت و پەلهاوێژیی ئینگلیزی کەمتر بێتەوە.
**سێیەم:** ئاستی جیهانی، لەم ئاستەشدا کەمتەرخەمیان نەکردوە و چەندین هەوڵیانداوە، وەک:
- دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی ئایینی و فەرهەنگی و زمانەوانی بۆ بڵاوکردنەوەی زمان و فەرهەنگی فەرەنسی لە دەرەوەی وڵات.
- پێشکەشکردنی کورسی خوێندن بە قوتابیان لە تەواوی جیهاندا.
- دامەزراندنی ڕێکخراوی فرانکۆفۆنی کە نزیکەی ٨٠ وڵات لە خۆ ئەگرێت.
- گرنگیدان بە خوێندن و قسەکردن و نووسین بە فەرەنسی و دابینکردنی بودجەیەکی فراوان بۆ ئەو مەبەستە.
- گرنگیدان بە سەکۆ ئەلکترۆنییەکان لە هەموو بوارەکاندا.
جێی خۆیەت بپرسین: ئەگەر زمانێکی وەک فەرەنسی بەو پێگە بەهێزەیەوە هێندە خەمی لێبخورێت؛ دەبێت ئەو زمانانەی کە لاوازترن لە ڕووی پێگەی ناوخۆیی و جیهانییەوە چییان بۆ بکرێت؟ بە دڵنیاییەوە پێویستە پلان و سیاسەتی شایستە بگرنەبەر.
ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی زمانی کوردی، دەبینین پێویستمان بە خوێندنەوە و سەرنجدانی سەرجەم ئەو لایەنانە دەبێت کە لەتوانایاندایە پێگە و شکۆی زمانێک بەهێز یان لاواز بکەن، وەک دەستوور و پەروەردە و سیاسەت و ڕاگەیاندن و لایەنی تریش. ئەوەشمان لەبیر نەچێت زمانی کوردی- بەتایبەتی لەم سەد ساڵەی دواییدا-

بەردەوام لە ژێر هەژموونی زمانە دراوسێکاندا بووە، ئەو زمانانە کاریگەرییەکی گەورەیەن لەسەر بەجێهێشتوە و بەئەستەم ڕێیانداوە هەناسەیەک بدات. بۆ نمونە ئەگەر بۆ نووسینە کۆنەکانی باشووری کوردستان بگەڕێینەوە دەبینین تێکەڵەیەکن لە کوردی و عەرەبی، با سەرنجی دەقێکی محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨ م) بدەین لە کتێبی (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) کاتێک دەڵێت:
(زەرەری تەهجیر و تەقتیل: لە ئیبتیدای شەڕدا قۆمیتەی موسەللەحی ئەرمەنی لە پێش ئۆردووی ڕووسەوە لە جیهەتی بایەزید و ئەلشگەرد و وانەوە زەرەرێکی زۆری لە ماڵ و ڕۆحی کورد دا. بێجگە لەمانە ئۆردووی تورکیش بە ئەنواعی بیانووەوە لە کوشتنی کورد قسووری نەکرد و حەتا بەعزێ لە ئومەرای قووەی سەفەرییەی ئەووەڵ، (خەلیل بەگ)، لە مەقامی ئیفتیخاردا ئیقراری ئەم جینایەتان ئەکرد).

**” ئەگەر زمانێک لە ڕابردو و ئێستادا، لەپێناو مانەوەی خۆیدا، شەڕی دەستە و یەخەی لەگەڵ دەیان مەترسی جوراوجۆردا کردبێت؛ پیویستی بەوەیە بەوردی ئاوڕی لێبدرێتەوە “**

ئەم دەقە و ناونیشانی کتێبەکەش پێمان دەڵێن: کوردی لە چ تەنگژەیەکدا بووە! پێمان دەڵێن: کێشەکانی زمانی کوردی بەشێکیان هی ئێستان و بەشێکی تریان کەڵەکەبووی -بەلایەنی کەمەوە -سەد ساڵی ڕابردوون.
ئەگەر زمانێک لە ڕابردو و ئێستادا، لەپێناو مانەوەی خۆیدا، شەڕی دەستە و یەخەی لەگەڵ دەیان مەترسی جوراوجۆردا کردبێت؛ پیویستی بەوەیە بەوردی ئاوڕی لێبدرێتەوە، بە وردی ئەو لایەن و بوارانە شەن و کەو بکرێن کە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە بوژاندنەوە و بەهێزکردنیدا ببینن، وەک پەروەردە، دەستوور، سیاسەت، وەرگێڕان و بواری تریش، لەنێو ئەو بوارانەشدا ڕاگەیاندن ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەی لە ئەستۆیە.
ڕاگەیاندن بەسەرجەم بوارەکانییەوە ئامادەییەکی سەرەکی و بەرچاوی لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا هەیە، چونکە زۆر بە فراوانی بڵاودەبێتەوە، لەهەمان کاتدا خاڵی یەکگرتنی سەرجەم کایە جیاوازەکانی مەعریفە و زانست و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرە. جگە لەمانەش، زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی جوان و ڕازاوە و سەرنجڕاکێشە، ئەمەش

وا دەکات بە ئاسانی و خێرایی بڵاوبێتەوە و کاریگەریی خۆی بەجێبهێڵێت. سەبارەت بەزمانی کوردیش ئەم تایبەتمەندییە بەرچاو و دیارە، بۆیە زمانی ڕاگەیاندن زیاتر دەگاتە ئاخێوەرانی زمانی کوردی، چونکە سەرجەم چین و توێژەکان بە شێواز و بەرنامەی جۆراوجۆر دەدوێنێت.

ئەم تایبەتمەندی و هەستیاریەی زمانی ڕاگەیاندن وا دەکات مامەڵەیەکی ژیرانەی لەگەڵدا بکرێت، بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی زمان و کولتووری نەتەوەییدا ئاڕاستە بکرێت، ئەگەرنا لێککەوتەی نەخوازراوی دەبێت. بۆیە بەداخەوە دەبینین هەندێکجار لەبەر نەشارەزایی، یان هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی، زمانی ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕۆح و جوانییەکانی کوردی دووردەکەوێتەوە، دەیان وشە و دەربڕینی بێگانە بە گوێی ئاخێوەرانی کورددا دەدات.

هەرچەندە ڕاگەیاندنی کوردی هەوڵیداوە ڕۆڵێکی باش لە پاراستنی زمانی کوردیدا بگێڕێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کەمتەرخەم بووە و کەمترین دڵسۆزی لە وەرگێڕانی دەیان وشەی بێگانەدا نەنواندووە و بگرە وەک خۆی گواستونیەتیەوە، بۆ نموونە:

(پرۆمۆ = Promo ، پۆدکاست Podcast = ، بوڵتان Bulletin =، شۆپینگ = Shopping، پەیپەر= Paper ، ئۆپەراسیۆن= Operation ، مەڵتیمیدیا= Multimedia، دۆکیۆمێنتاری= Documentary ، سەنتەر= Center ، سیمپۆزیۆم= Symposium، کەمپ= Camp ، کامپەس = Campus، ئینفۆگرافیک= Infographic ، ریەڵ گرافیک= Real graphic ، ڕێکلام= Reclam، فریکوێنسی= Frequency ، دیزاینەر Designer = ، پاکێج= Package، شۆ=Show ، پرۆدیوسەر= Producer ، ئەپڵیکەیشن Application =، ستایل= Style ، دوێت= Duet ، داونلۆد= Download ، ڕاپۆرت= Rapport ، تیم Team =، لایڤ= Live ، گەلەری= Gallery ، مایک= Mic ، ڕێپۆرتاژ= Reportage ، فیچەر= Feature).

بەداخەوە هەر بەوەندەوە ڕانەوەستاوە، بگرە چەندین بەرنامەش بە ئینگلیزی ناونراون، وەک:

(دیاسپۆرا=Diaspora، رۆد میوزیکRod Music=، مۆندیال تایمMondial Time =، مەید ئین کوردستان= Maid in Kurdistan، ستراتیژ= Strategi، ترافیک=Traffic، دیبەیت=Debate، مێتاڤێرس= Metaverse، ئارت پلەس =Art plus، فۆکەس ئۆن= Focus on، هۆرسکۆپ= Horoscope، پۆرترەیت= Portrait، پانۆراما= Panorama، سایکۆ= psycho، ستادیۆم= Stadium، زووم= Zoom، چامپیۆنس= champions، کورد ئەکتەر= Kurd Actor، دیالۆگ= Dialog).

بۆیە زۆر گرنگە ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکەن ئاگاداری کاریگەرییەکانی

بن لەسەر شکۆ و پێگەی زمانی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە یاسای تایبەت بە ڕاگەیاندن هەبێت و جەخت لە پاراستنی زمانی نەتەوەیی بکاتەوە، بەداخەوە لە کوردستاندا شتێکی لەو جۆرە نییە.

چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستی بە پلاندانان و سیاسەتی زمان دەبێت، تا پێگەی زمانی کوردی پارێزراو بێت. دەبێت هێندە خزمەت بە زمانی کوردی بکرێت تا ببێتە زمانی بەکارهێنان لەسەرجەم بوارەکاندا، هەروەها توانای ئەوەی هەبێت هەر ئەرکێکی پێبسپێردرێت ئەنجامی بدات، واتە ببێتە زمانی ڕاگەیاندن و تەواوی کایەکانی تریش، چونکە ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە لە هۆکارەکانی بەهێزکردنی پێگەی زمان. بە بۆچوونی زمانەوانی فەرەنسی شۆدۆنسن (Chaudenson)، سێ پێوەر پێگەی زمان دیاری دەکەن:

- ئاستی بەکارهێنانی و ژمارەی ئاخێوەرانی.
- ڕێژەی دانپێدانان و فەرمیبوونی.
- توانای زمانەکە و لێهاتوویی لە بوارە جیاوازەکاندا.

" هەندێکجار لەبەر نەشارەزایی، یان هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی، زمانی ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕۆح و جوانییەکانی کوردی دووردەکەوێتەوە "

بەپێی ئەم پێوەرانە بێت پێویستە زمانی کوردی لە سەرجەم بوارەکان و لە تەواوی چینەکاندا بە پوختی بەکاربێت، تا بسەلمێنرێت کە زمانێکە توانای گەیاندنی پەیامەکانی لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا هەیە. گرنگە ڕاگەیاندن لەم ئاستەدا بە ئەرکی خۆی هەڵسێت، پیشانی بدات کە کوردی لە توانایدا هەیە ببێتە زمانی ڕاگەیاندن، ئەمەش لێبڕان و دڵسۆزی و شارەزایی دەوێت. لە ڕاستیدا ئەگەرچی ڕاگەیاندن هەوڵی باشی لەم بوارەدا داوە؛ بەڵام کەمتەرخەمی زۆریشی هەبووە و وەک پێویست بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە.

وەختێک دەڵێین ڕاگەیاندن بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە؛ لەبەر ئەوەیە کە ئەرکێکی گەورە و ڕۆڵێکی مەزنی هەیە، هەموان هەر بەو چاوەوە سەیری دەکەن. هەر بۆیە زلهێزان جگە لەوەی زمان و کولتووری خۆیان دەپارێزن؛ لەڕێی شێوازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە زمان و کولتووری خۆیان هەناردەی دەرەوەش دەکەن. بۆیە دەبینین ڕەخنەگری ئەمرێکی هێربەرت شیلەر (Herbert Schiller) لە چەندین کتێبیدا ئاماژە

بە هەژموونی کولتووریی زلهێزەکان -بەتایبەتی ئەمریکا- دەکات، چۆن دەیانەوێت لە ڕێی ڕاگەیاندن و ئاژانسە گەورەکانی هەواڵ و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەبەرهێنانەوە کولتووری خۆیان بڵاوبکەنەوە، بە جۆرێک پەلبکێشن بەسەر جیهان بەگشتی و وڵاتانی جیهانی سێدا بەتایبەتی.
بە بۆچونی هێربەرت؛ ئەمریکا دەیەوێت لەڕێی هەژموونی کولتوورییەوە وڵاتانی جیهانی سێ بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیی و جۆرێک لە پاشکۆبوون لە ناو گەلانی ئەو وڵاتانە و ڕۆشنبیرەکانیاندا دروستبکات، تا ئاستێک شێوازی ژیان و بیرکەدنەوەی ئەمریکا ببێتە سەرچاوەی بیر و مەعریفەیان، بیرکردنەوەیەک کە هێربەرت بە (لەقتونراو – معلب) ناوی دەبات. بە دڵنیاییەوە زمان یەکێکە لە دەروازە گەورەکانی هەژموونی کولتووری.
هێربرت ئاماژە بە چەند پرۆژەیەک دەکات کە لە ڕووکەشدا مرۆیی دەردەکەون، لەوانە:

١- پێگەیاندنی کادری زانستی و ئەکادیمی لەو وڵاتانەدا، بەجۆرێک سۆز و ئینتیمایان بۆ ئەمریکا بێت زیاتر لە وڵاتەکانی خۆیان.

٢-بەستنی سیستەمی خوێندن لەو وڵاتانەدا بە سیستەمی خوێندنی ئەمریکییەوە، بەکردنەوەی قوتابخانە و ناردنی پسپۆری ئەمریکی بۆ داڕشتنی سیاسەتی خوێندن لەو وڵاتانەدا، سیستەمێک کەسی دۆڕاو لەڕووی دەروونییەوە بەرهەم بهێنێت و بە ئاسانی دەستەمۆ بێت.

٣- ناشرینکردن و تۆمەتبارکردنی ئەو سەرکردە و ڕۆشنبیرانەی خۆ بەدەستەوە نادەن و لە خەمی سەربەخۆیی و پاراستنی کولتووری خۆیاندان، وێناکردنیان بە دەمارگیر و داخراو، بەوەی کە توانای ژیانی هاوبەش و خۆگونجاندنیان لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهانیدا نییە.

بە شێوەیەکی گشتی هاوڵاتیان لەو وڵاتانەدا کێشەی جۆراوجۆریان هەیە، کەسێک بۆ نمونە ڕوت و ڕەجاڵ و برسی بێت، یان کێشەی ئازادی هەبێت، هێندە بە پێداویستییە سەرەکییەکانەوە سەرقاڵە؛ ناپەرژێتە سەر ئارێشە کولتووریەکان. لەکاتێدا هاوڵاتی بە خەمی ژیانەوە ئەتلێتەوە؛ وڵاتەکەی وردە وردە کەوتووەتە ژێر ڕەحمەتی هەژموونی کولتووری ئەوانی ترەوە، بێ ئەوەی هەست بکات، یان بێ ئەوەی بەلایەوە گرنگ بێت.
کەواتە ڕاگەیاندن لەپاڵ پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەییدا؛ ئەرکی بەرگریکردن و ڕێگرتن لەو شاڵاو و هەژموونە کولتووریەشی دەکەوێتە ئەستۆ. ئەمەش پێمان دەڵێت

کە ڕاگەیاندن بە تەواوی شێواز و پلاتفۆرمەکانییەوە تا ئاستێکی زۆر دەتوانێت ڕۆڵێکی باش لە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی زمانەوانیدا بگێڕێت، لەو ڕێیەشەوە شکۆ و پێگەی زمانی کوردی لە چەند ئاستێکدا بەرز ڕابگرێت:

-گرنگیدان بە زمانی کوردی، لە ڕووی ڕێنووسی ڕاست و زمانی پاراو و وشەی نوێ بۆ چەمکە نوێکان.

-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە هەموو بوارەکاندا، لە نێویشیاندا بواری زمانەوانی.

-بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی زمان و کولتوورە بێگانەکان.

ئەرکی ڕاگەیاندن لە هەموو وڵاتێکدا هەستیارە، بەڵام لە کوردستاندا هەستیارترە، چونکە کوردستان بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش مامەڵە و بەرنامەیەکی تایبەتی دەوێت، بە تایبەت لە بواری زمانەوانیدا، چونکە ئەم بوارە بە ئەندازەیەکی زۆر هەستیار و ئاڵۆزە. ئەم ئاڵۆزیەش لە چەند لایەنێکەوە هەستی پێدەکرێت، وەک: مەترسی زمانەکانی تر و خراپ بەکارهێنان و لێتێگەیشتنیان، لەگەڵ فرەڕەنگی و هەمەچەشنی لە زمان و شێوەزار و بنزارەکانی کوردستاندا.

> **” ڕاگەیاندن بە تەواوی شێواز و پلاتفۆرمەکانییەوە تا ئاستێکی زۆر دەتوانێت ڕۆڵێکی باش لە داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانی زمانەوانیدا بگێڕێت، لەو ڕێیەشەوە شکۆ و پێگەی زمانی کوردی لە چەند ئاستێکدا بەرز ڕابگرێت “**

ئەگەر بێینە سەر مەترسی زمانەکان دەبینین مەترسییەکی واقعییە و ناکرێت بە کەم سەیر بکرێت، ئەگەرچی لێککەوتەکانی دووریش بن. بەشێک لەو مەترسییە لە بەزۆر سەیرکردنی زمانی بێگانە و بەکەم سەیرکردنی زمانی نەتەوەییدایە، ئەم مەترسیەش

لە ئێستادا بوونی هەیە و دوور نییە، لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی ڕاگەیاندنەکانیش ببێتەوە، چونکە هەم لەلایەک دەبێت ئەو تێڕوانینە هەڵەیە ڕاست بکەنەوە، هەم لەلایەکی تریشەوە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان زەمینەیەکی گونجاویان بۆ گەشەکردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ڕەخساندووە، بە کردنەوەی کەناڵی تایبەت بە زمانی بێگانە، یان تەرخانکردنی پانتاییەکی فراوان بۆ بڕگە و بەرنامە بە زمانی بێگانە، بەتایبەت ئینگلیزی، کە ئاڕاستەی منداڵان دەکرێن.

لە ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن یان میدیا سنورێکی فراوان و تاڕادەیەک ئازادی هەیە، هەموان بە ئاسانی دەستیان پێی دەگات، بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت، لەوانەش فێربوونی زمانی دووەم، بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێت زمانێکی تر فێر ببێت، یان خێزانێک بیانەوێت منداڵەکەیان زمانێکی تر فێر ببێت؛ زۆر پێویستیان بە میدیای ناوخۆیی نابێت، بۆیە دەکرێت کەسێک بپرسێت: ئیتر میدیای ناوخۆیی چ ڕۆڵێک دەبینێت لەو بوارەدا، بە باش یان بە خراپ؟

لە ڕاستیدا ئەو پرسیارە لە جێی خۆیەتی، بەڵام وەک پێشتریش وتمان کێشە هێندە لە تێڕوانینماندایە، هێندە لە فێربوونی زمانی بێگانەدا نییە. هەر هیچ نەبێت میدیای ناوخۆیی ئەرکی ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینەی لەسەرە، بەگرنگیدان بە زمانی کوردی و بەرزڕاگرتنی شکۆ و پێگەکەی، بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پێویست، بە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە کات و جۆری بەرنامەی پەخشکراو بە زمانی بێگانە، یان بە هەر جۆرێکی تر.

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕاگەیاندن تووشی بابەتێکی تر دەبێتەوە، کە مامەڵەیەکی ژیرانە و واقعی دەوێت، ئەویش بابەتی فرە ڕەنگیی زمان و شێوەزار و بنزارەکانە. لەڕاستیدا چارەسەری بابەتێکی لەم جۆرە لە بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن گەورەترە، پێویستی بە بەندی یاسایی و بڕگەی دەستووری هەیە، تا هەموان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسێکی لەو جۆرەدا بەرچاو ڕوون بن، ئایا یەک زمان بەکار بهێنرێت، یان یەک شێوەزار، یان چەند شێوەزارێک؟ بەکارهێنانەکە چۆن دەبێت؟ ئایا زمانێکی ستانداردی سەرانسەری لە گەڵ پشتگوێخستنی ئەوانی تردا؟ یان زمانێکی ستاندارد و بەفەرمی ناساندنی ئەوانی تر لە سنور و هەرێمەکانی خۆیاندا؟ یان بە فەرمی ناساندنی چەند شێوەزارێک لەهەمان کاتدا؟

ئەوەی سەیری باری یاسایی زمانی کوردی بکات؛ دەبینێت لە پاڵ زمانی عەرەبیدا وەک زمانی فەرمی لە عێراقدا ناسێنراوە، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئەو زمانە کوردییەی لە دەستووری عێراقیدا ئاماژەی پێکراوە یەکسانە بە شێوەزاری سۆرانی، بۆیە لە کوردستانیشدا ئەو شێوەزارە پشکی شێری لە بەکارهێنانیدا بەرکەوتووە، ئەمە لە

ڕاگەیاندنیشدا ڕەنگیداوەتەوە. بە پلەی دووەم شێوەزاری کرمانجی دەبینین، لە نووسین و ڕاگەیاندن و خوێندن و مامەڵە کارگێڕییەکاندا، هەرچی شێوەزار و بنزارەکانی ترن بە تەواوی پشتگوێ خراون.

لێرەدا ڕاگەیاندنی فەرمی و نافەرمی دەتوانێت ئەو بۆشاییە یاساییە بەشێوەیەکی کاتی پڕبکاتەوە، دەتوانێت بەپێی پێویست و گونجاندن پانتاییەکی باش بۆ شێوەزارەکانی تریش بکاتەوە، هیچ نەبێت لە ناوچەکانی خۆیاندا، بۆ ئەوەی تورەیی بەجێی ئاخێوەرەکانیان هەلمژێت، تا ئەوکاتەی چارەسەرێکی ڕیشەیی ئەم بابەتە هەستیارە دەکرێت، کە بابەتێکە پەیوەستە بە ئاسایش و شکۆی نەتەوەوە.
بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ڕاگەیاندن ئەرکێکی قورس و هەستیاری لەم قۆناغەدا هەیە، پێویستی بە تێگەیشتنی ورد و واقعی دەبێت بۆ سروشت و باری زمان و شوناسی نەتەوەیی لە کوردستاندا، تا بتوانێت وەک پێویست ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ڕۆڵێک لە ئاستی بەرزی پێگە و شکۆی زمانی نەتەوەییدا بێت.

# دەربارەی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی



د. مەغدید سەپان، مامۆستا و نووسەر و توێژەر.
* دکتۆرا لە راگەیاندن
* مامۆستا لە بەشی راگەیاندن، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

پ. ی. د. مەغدید سەپان

هەرگیز ئەو دەرفەتە زێڕینە بۆ کورد نەڕەخساوە، تا زمانی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێت و تێیدا بتوانێت، بەوردی باس لە کێشە و گرفتەکانی خەڵک و گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکان بکات. نەبوونی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی، زیاتر پەیوەندیی بە ڕەوشی سیاسیی گەلی کورد و وڵاتی کوردستانەوە هەیە، کە جگە لەوەی ٢٨٩ ساڵ لە دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامە لە جیهان لەدواوەیە، یەکەم ڕۆژنامەی خۆشی لە وڵاتی دایک دەرنەکردووە، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دەریشکراون هەتا ڕاپەڕین، پچڕ پچڕ و بە تیراژ و لاپەڕەی کەم دەرچوون.

ئەوانەی سەرەوە هۆی سەرەکین، کە کورد نەبێتە نەک خاوەنی زمانی ڕاگەیاندن، بەڵکو هەتا ئێستا کارکردن لەسەر زمانی ستانداردیش لە نیوەی ڕێگادایە، بە هەمان شێوە لە زۆر بواری دیکەش وەک: (شانۆ، سینەما، مێدیسین...هتد) زمانی تایبەتی نییە.

کە باس لە زمانی ڕاگەیاندن دەکەین، زیاتر مەبەستمان زمانی ڕۆژنامە و گۆڤارە، کە هەتا پێش ڕاپەڕین، پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان نەبوو، یان زۆر دەگمەن بوو. لەوکاتەی باس لە پیشە دەکەین، مەبەست ئەوەیە، کە کەسی خاوەن پیشە، بتوانێت بە پیشەکەی خۆی، خۆی بژێنێت، نەک تەنیا وەک ئارەزوو پیشەکە بەکاربێنێت و نەتوانێت لە ڕێگایەوە هیچ داهاتێکی دەستکەوێت.

ئەگەر سەیری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکەین، بەتایبەتیش لە سەد ساڵی یەکەمیدا، زیاتر شاعیر و نووسەر بابەتیان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی نووسیووە، دیارە ئەوانیش زمانی ئەدەبییان بەکارهیناوە. لە ڕاستیدا، ئەوان نەیاندەزانی، زمانێک هەیە بەناوی زمانی ڕاگەیاندن، چونکە لە زانکۆ و ئینستیتوتەکان بەشی ڕاگەیاندن نەبووە و لەو بەشەی ڕاگەیاندنی بەغداش، کە لە ١٩٦٤ دامەزرا، بۆ ماوەیەکی زۆر قوتابیی کورد وەرنەدەگیرا، چونکە بە مەترسی لەسەر ئەمنی قەومی عێراقی دادەندرا.

دیارە ڕۆژنامە بە مانا دروستەکەی زۆر دەگمەن بوون و قەبارەی لاپەڕەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لە A٤ گەورەتر نەبووە و ڕۆژانە نەبوون، بۆیە ئەوان زیاتر بۆ گۆڤارەکانیان دەنووسی و گۆڤارەکانیش هەموویان ئەدەبی بوون و هەواڵی ڕۆژانە و هەفتانەیان بە دەگمەن تێدابووە. لە نووسینی ڕێپۆرتاژ و هەواڵەکانیش کەموکوڕی هەبوو و وەڵامی هەر شەش پرسیار (کێ، چ، لە کوێ، کەی، چۆن، بۆچی) نەدەدرایەوە و ژانرەکانی ڕۆژنامەوانیی وەک (گۆشە، هەڤپەیڤین، ڕێپۆرتاژ)یان بە دەگمەن تیایاندا بەرچاودەکەوت.

نووسین بە زمانی ئەدەبی بۆ گۆڤاری ئەدەبی، بێگومان گونجاو و دروستە. بەڵام هەمان جۆر نووسین بۆ ڕۆژنامە بە کەموکوڕی دەژمێردرێت. ڕۆژنامەی ڕۆژانە، پێویستی بە زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کورد زیاتر لە دوای ڕاپەڕین ئەو دەرگایەی بۆ کرایەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە ئازادی لە شارەکانی باشووری کوردستان بە زمانی کوردی دەربکات. بۆیە هەر لەو کاتەدا کورد پێویستی بە دانان و بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە ڕاگەیاندن هەبوو.

نەبوونی زمانی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار هەرگیز نەبووەتە کێشە، چونکە لەگەڵ کات، ڕاهاتوون و توانیویانە، لەسەر هەموو بابەتێک بنووسن و زانیارییەکان بۆ خوێنەران بگوازنەوە. گفتوگۆکردن و نووسین لەبارەی (زمانی ڕاگەیاندن)، زیاتر پەیوەندیی بە چینێکی زۆر تایبەتیی کۆمەڵەوە هەیە و خەڵکی شارەزا و پسپۆر ناوە ناوە قسەی لەسەر دەکەن، بۆیە ئەو بابەتە هەتا ئێستا نەبووەتە بوارێکی شایان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەیەوە و دەوڵەمەندکردنی. بە گەڕانێکی خێرا بەناو کتێبخانەی کوردی، ئەوە بە زەقی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش بابەتێکی زۆر زیندووە و بە زمانەکانی ئەورووپی کتێب و توێژینەوەی زۆر هەن.

ئەگەر بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو بابەتە، باس لە زمانی ڕاگەیاندنی ڕووسی بکەین، تێدەگەین کە کاری زۆریان کردووە و کتێبی زۆریان نووسییە و گوتار و توێژینەوەی زۆریان بڵاوکردووەتەوە. یەک لەو تێبینییانەی زانایانی ڕووس لەسەر زمانی ڕاگەیاندنی ڕووسی و ڕۆژنامەنووسانی گەنج هەیانە، پەیوەندیی بە بەکارهینانی وشەی بیانییەوە

هەیە. ئەوان لەو بڕوایەدابوون، کە ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە وشەی وەرگیراو، بۆ جوانکاری و گەشەدان و پتەوکردنی بابەت بەکاربهێنێت, بەڵام ئەوەی جێگای داخە، بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان لەکاتی بەکارهێنانی وشەی بیانی، تووشی ئەو هەڵەیە دێن، کە وشەکان جگە لەوەی لە شوێنی خۆیان بەکارناهێنن بە هەڵەش بەکاریاندێنن، ئەنجام نووسینەکە دەشێوێت و پەیامەکەی نووسەر بە تەواوی ناگاتە خوێنەر.

بۆ ئەوەی نووسەر لەکاتی بەکارهێنانی وشەی بیانی تووشی هەڵە نەبێت، بەڕای شارەزایانی زمانی ڕاگەیاندن، باشترین شت ئەوەیە، کە هانا بۆ فەرهەنگی وشەی بیانی و فەرهەنگی ئێتمۆلۆژی (ڕیشەی وشە) ببات.

ئەو ئامۆژگارییەی سەرەوەی زانایانی ڕووس، بۆ ڕۆژنامەنووسانی خۆیان نووسیویانە، لە ڕاستیدا بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردییش گونجاوە و دەتوانن سوودی لێوەربگرن، چونکە ڕۆژنامەنووسانی کورد بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەنووسانی ڕووس یان بیانی، زۆر لەو وشە و دەستەواژانەی غەیرە کوردی، جگە لەوەی بە هەڵە و لە شوێنی خۆی نانووسن و دانانێن، ڕێنووسەکەشیان دروست نییە. هەر بۆ نموونە: بە ڤیزە دەڵێن فیزە، بە بلێت دەڵێن پلێت، بە فانتە دەڵێن ڤانتە، بە ڤلادێمیر پوتین دەڵێن پۆتین... هتد. لە بواری وەرزش و ئابووری زمانەکەمان زۆر خراپترە. باس لەوە هەرناکەین، لە هەندێك ڕۆژنامەدا حکومەت، سودانی، سوریا و زۆر وشەی دیکە، کە دەبێت بە یەک "واو" بنووسرێت، ئەوان بە دوو "واو"ی دەنووسن...

” کەڵەکەکردنی ئەزموونی سەدان
ساڵەی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار،
یارمەتیدەربووە وڵاتانی ڕۆژئاوا بتوانن ببن
بە خاوەن زمانی تایبەتیی ڕاگەیاندنی خۆیان.
بەداخەوە، ئەو دەرفەتە بۆ کورد نەڕەخساوە “

مەبەست لە زمانی ڕاگەیاندن، بەکارهینانی ئەو وشانەیە، کە بۆ زۆربەی خوێنەران ئاشنان و بە ئاسانی تێیدەگەن. هەروەها ڕستەکان کورت دەنووسرێن، خاڵبەندی بایەخی زۆری پیدەدرێت و لە شوێنی خۆی بەکاردێت، هەمووشی بۆ ئەوەیە، خوێنەر بە ئاسانی لە پەیام و ناوەرۆکی بگات. ڕۆژنامە بۆ خەڵک دەردەکرێت، لەناو خەڵکیش هەموو جۆرە چین و توێژێک هەیە، دەبێت هەموو بە ئاسانی لە ناوەرۆکی بگەن.

کەڵەکەکردنی ئەزموونی سەدان ساڵەی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، یارمەتیدەربووە

وڵاتانی ڕۆژئاوا بتوانن ببن بە خاوەن زمانی تایبەتیی ڕاگەیاندنی خۆیان. بەداخەوە، ئەو دەرفەتە بۆ کورد نەڕەخساوە، لەگەڵ ئەوەش بەو ئەزموونە کەمە، تواندراوە هەنگاوی زۆر بنرێت، ئەمە لەوەدا دەردەکەوێت کە گۆڤارەکانی پێش نزیکەی سەد ساڵ دەخوێنینەوە, دەبینین نووسینەکان پڕن لە وشەی عەرەبی، هەروەها ڕێنووس و خاڵبەندییش بەجۆری دیکەبوو، کە کەم لە ڕۆژنامەنووسانی گەنجی سەردەم، دەتوانن بیخوێننەوە و لە ناوەڕۆکی بگەن.

ڕۆژنامەنووسانی کورد لە پێش سەد ساڵ، لە هەڵبژاردن و بەکارهینانی وشە و دەستەواژەی عەرەبی و فارسی و تورکی بۆ جوانکردن و گەیاندنی پەیامیان بە خوێنەران ئازا و بوێربوون. ئەوان نەدەترسان وشەی بیانی لە نووسینەکانیان بەکاربێنن. لە ڕاستیدا، زمانەکانی تورکی و فارسیش بە هەمان شێوەی ئەوکاتی زمانی کوردی، پڕبوون لە وشەی کوردی و عەرەبی و بیانی.

یەک لە دیارترین کەموکوڕییەکانی ڕۆژنامەنووسانی هەنوکەی کورد، خۆدوورخستنەوە و بەکارنەهێنانی وشەی پێویست و گونجاوە، کە لە زمانەکانی فارسی و عەرەبیدا هەن، بەڵام لە زمانی کوردی بەو زاراوەی نووسەر پێی دەنووسی، نییە یان ئەو نایزانێت، بۆیە ناچار دەبن، لە نووسینەکانیان، ئەو وشە کوردییە لاواز و داتاشراوانە بەکاربێنن، کە ڕۆژنامەنووس دەیزانی، ئەوەش بێگومان کاردەکاتە سەر ناوەرۆکی تێکست و تەواوی نووسینەکە لاواز دەکات.

زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی کورد، لە بەکارهینانی وشەی عەرەبی سڵدەکەنەوە، لە کاتێدا، زۆرجار بەکارهێنانی وشەی عەرەبی، بەرهەمەکە زۆر جوانتر و بەهێزتر دەکات. ئەوان هەتا بۆیان بکرێت، تەنیا وشە کوردییەکان بەکاردێنن، بەڵام دەرکی ئەوە ناکەن، کە زۆر لەو وشانەی بەکاریاندەهێنن لە نەژاددا کوردین و لەگەڵ زمانی فارسی و تورکی هاوبەشن. زۆر ڕۆژنامەنووسی کورد، تەنیا وشەی عەرەبی بە بیانی تێدەگەن، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هیچ زمانێک ناتوانێت تەنیا وشە پەتییەکانی خۆی بۆ نووسینی تێر و تەسەل بەکاربێنێت، بەڵکو هەموو زمانێک هەزاران وشەی لە زمانەکانی دیکە وەرگرتووە و بە موڵکی خۆیانی دادەنێن و هیچ شەرمیان پێی نییە و هەرگیزیش زمانی خۆیان بە لاواز و هەژار تێناگەن.


لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و پەیدابوونی ئامێری زیرەک و هەبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی، کورد دەبێت بیر لە زمانی ئەو لقە تازانەی ڕاگەیاندنیش (سۆشیال میدیا) بکاتەوە.

نووسەر و توێژەری سویدی Siv Strömquist لە پرسیاری کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر نووسینەکانمان، بۆ ڕۆژنامەی (Svenska Dagbladet) دەنووسێت:

- توانای پەیوەندیکردن بە قسە و نووسین، لە کۆمەڵگا و سەردەمی تەکنۆلۆجیای زیرەک، بایەخی زیاتر و زیاترە و لە ڕاستیدا هەموو کەسێک دەبێت بتوانێت لەبەردەم جەماوەر قسەبکات و بنووسێت. گرنگترین ئیمکانیاتی نووسەر لە قۆناغی ئێستادا، دەبێت بتوانێت نووسینەکانی خۆی بۆ بابەتی جیا و ئامرازی جیا بگونجێنێت. هەموو کەسێک زۆر لە جاران زیاتر دەنووسێت، بەتایبەتیش لە سۆشیال میدیادا. ئەوەش دەکاتە ئەوەی، کە مرۆڤ دەبێت خۆی فێری نووسینی جیا بکات. هەر بۆ نموونە، لە نووسین بۆ تویتەر (Twitter)، نووسەر ناچارە بەدوای وشە و پیتی گونجاودا بگەڕێت، چونکە سنوور بۆ ژمارەی پیت و وشە دانراوە. هەروەها دەبێت ڕستەکانیش کورت بن، وشەکان کورت دەکرێنەوە، زمانی قسەکردنیش زیاتر بەکاردێت. ئەو زمانە، هەمان زمانە، کە لە تەلەفزیۆن و ڕێکلام و بلوگ بەکاردەهێنرێت.

## ” لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و پەیدابوونی ئامێری زیرەک و هەبوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی، کورد دەبێت بیر لە زمانی ئەو لقە تازانەی ڕاگەیاندنیش (سۆشیال میدیا) بکاتەوە “

ڕۆژنامەگەریی کوردی زمانی تایبەتی خۆی نییە، بەڵام هەرگیز درەنگ نییە خێرا کار لەسەر ئەو بوارە بکرێت، ئەگەر لە کاتێکدا، کاریش لەسەر ئەو بوارە نەکرا، کتێب و توێژینەوە نەنووسران و وەرنەگێڕدران، لەوانەیە بە ڕێگە سروشتییەکەی خۆی و لەگەڵ کات، کوردییش ببیتە خاوەن زمانی تایبەتیی ڕاگەیاندنی خۆی، بەڵام کاتی گەلێک زۆر بۆ ئەوە پێویستە. نووسین و قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە، ئەگەر لە شێوەی گوتاریش بێت سوودی زۆری بۆ پێشخستنی ئەو زمانە و ئەو لقە هەیە.



# میدیا؛ زمان و کولتوور

# چۆن سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر زمان جێدەهێڵێت؟

محەمەد ئیمامۆڵ حەسەن
وەرگێڕان: عەزیز ڕەئووف

ئێمە ڕۆژانە بە مۆبایلەکانمان پەیوەندیی لەگەڵ زۆر کەسدا دەکەین، بەڵام هەر ڕۆژێک بەشێوەیەک توانای گۆڕینی شێوازی پەیوەندییمان هەیە. سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە تویتەر و فەیسبووک، سەبارەت بە کارلێککردن و گەیشتن بە خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا ژیانمان ئاسانتر دەکەن. سۆشیال میدیا هەندێک کاریگەریی لەسەر زمان و ئەو وشانە هەیە کە بەکاریاندەهێنین. بەگوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، سیناریۆنووس و نوسەر و ڕاوێژکاری سوشیال میدیا جۆن ڕید لە نووسینێکدا لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بەناوی "لە دۆستایەتیی نەکردنەوە بۆ سێڵفی، سۆشیال میدیا بەڕوونی کاریگەریی لەسەر زمان هەیە" باس لەوە دەکات کە وشە زەق و دیارەکانی سۆشیال میدیا هاتنە ناو فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆردەوە.
زۆربەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا گەنجەکانن، کە وشەی زەق و دیار بۆ نامەناردن و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن، ئەمەش تەواو ئاسانە بۆ نووسین. بۆ نمونە "ur" لەجیاتی "you're" بەکاردەهێنن, لەبەرئەوەی پیتەکانی کەمە و لە نووسینەوەی ماندوو نابن. بەگشتی خەڵکی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن و فێری شێوازی نوێی نووسین دەبن. وەک بەکارهێنەرێکی سوشیال میدیا تێبینی ئەوەم کرد کە شێوازی بەکارهێنانی تواناکانی نووسین لە قوتابخانە زۆر جیاوازە لە شێوازی نووسینی ئێمە لە سۆشیال میدیا. هەروەها بینینی کەرەستە و ماددەکان لە سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردن هەیە و دەستەواژەی جیاواز بەکاردەهێندرێت, ئەمەش بەتایبەت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ گروپە جیاوازەکاندا. ئەمەش کۆمەکمان دەکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بکەین. کەواتە پرسیار ئەوەیە ئایا سۆشیال میدیا کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر زمان دروست دەکات یان نا؟

یاریدەدەری بەڕێوەبەری کۆرس لە قوتابخانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی لەندەن نینا جاسیلێک (٢٠١٣) لە وتارێکیدا بەناونیشانی "کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر زمان" باس لەوە دەکات کە کاریگەریی سەرەکی سۆشیال میدیا ئەوەیە کە وشەی زەق و دیار کورتتر دەکاتەوە، بۆ نمونە ڕستەی وەک" نامەیەکی بۆ دەنێرم" بەسادەیی دەبێت بە "I'll fb her". ئەمەش گواستراوەتەوە بۆ نووسینی فەرمیتر بەجۆرێک ئەو ڕستە و دەستەواژانەی کە لە کتێبدا دەیانووسین بۆ نووسینی نامەی پیشەیی بەکاریاننەهێنین و نووسینی نامە ئێستا زۆر کورتتر بووە, ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی نووسینمان لە سوشیال میدیا و سایتەکان. هەروەها لێرەدا دەردەکەوێت کە سۆشیال میدیا نەک تەنها کاریگەریی لەسەر شێوازی نووسینمان هەبووە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنیشمان جێهێشتووە. جاسیلێک نمونەی تویتەر وەک کردارێک بەکاردەهێنێت بۆ کورتکردنەوەی ئەو ڕستانەی کە سنووردارکردنی ١٤٠ پیتیان لە تویتێکدا هەیە. سۆشیال میدیا وشەسازی نوێ دەناسێنێت کە خەڵک بەکاریاندەهێنن و فۆرمی کورتکراوەی وشە دەگۆڕن، بۆ نمونە بە "OMG" بە واتای " ئای خوایە گیان". واتە یەک ڕستەی تەواو بە سێ پیت دەنووسین و هەڵدەسنە سەرپێ.

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر شێوازی کارلێککردنمان لەگەڵ یەکتر هەیە. ستاتیستا بریتیە لە پۆرتاڵێکی ئۆنلاین، کە دەستڕاگەیشتن بە داتاکانی بازاڕ و دامەزراوەکان دابین دەکات. بەپێی ئامارەکانی کۆمپانیای ستاتیستا پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لەسەرتاسەری جیهاندا بگاتە نزیکەی سێ ملیار کەس، کە دەکاتە نزیکەی یەک لەسەر سێی دانیشتوانی سەر زەوی ، ( کە لە ٢٠٢٣ ئەو ڕێژەیە گەیشتە نزیکەی ٤ ملیار و نیو. وەرگێڕ). سۆسیال میدیا کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردن و نووسینی خوێندکاران هەیە. بەپێی ڕاپۆرتێکی یو ئیس نیوس، ڕایان لایتل نووسەری ڕاپۆرتەکە باس لە شێوازی پەیوەندیکردنی خوێندکاران دەکات کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و کورتە نامەوە لەسەرانسەری وڵاتاندا دەخزێنە ناو پۆلەکانی ئامادەییەوە. لە وتارەکەی بلایسدا، تێری وود مامۆستای زمانی بیانی لە قوتابخانەی ئامادەیی سانت مەی ڕایکن لە لیۆنارتاون، میشیگان، باس لەوە دەکەن کە دابەزینێکی گەورە لە تواناکانی نووسینی خوێندکارانیدا دیارە، ئەمەش بەهۆی تویتکردن و فەیسبووک و نامەناردنەوە ڕوویداوە. لە هەمان بابەتدا بەهۆی ڕاپرسییەک کە لەلایەن پرۆژەی پیو ئینتەرنێت و ژیانی ئەمریکاوە ئەنجامدراوە لەسەر نزیکەی ٧٠٠ خوێندکاری تەمەن ١٢-١٧ ساڵ، لەسەدا ٨٥ ی بەشداربووان ڕایانگەیاندووە کە جۆرێک لە پەیوەندیی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن، جا چ لەڕێگەی نامەی کورتەوە بێت یاخود لە سۆشیال میدیاوە بێت.

سۆشیال میدیا کەمێک کاریگەریی لەسەر شێوازی پەیوەندیکردنمان هەیە. لە زۆر بابەتدا دەڵێت سۆشیال میدیا زمانمان لەناو دەبات. ئارگومێنتەکان لەوبارەیەوە بێشومارن، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهێنانی زیادەڕۆیی لە دەستەواژەی نادروستی خوێندنەوە و نووسین دەهێننەوە. هەندێکی تر پێیان وایە سۆشیال میدیا زمان و کورتە وشە و ڕستە تێکنادات و لەکاتی نامە ناردندا کات بۆ خەڵک پاشەکەوت دەکات. وتارێکی TED talk باس لەوە دەکات نامەناردن زمان دەکوژێت، کە لەلایەن زمانزان جۆن مەکوارتەرەوە قسەی لەبارەوە کراوە. ئەو پێی وایە نامەناردن لەڕاستیدا زمانی نووسراو نییە، بەڵکو جۆرێکە لە زمانی قسەکردن. دوای لێکۆڵینەوە لە زۆر بابەت و وتار، پێنج ڕێگەم دۆزییەوە کە سۆشیال میدیا سوود بە زمانەکەمان دەگەیەنێت. مالاری جان تێنۆر لە وتارێکدا بۆ ماڵپەڕی پۆینتەر (پێشەنگی جیهانی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا) دەنووسێت، ئەو لەبارەی پێنج ڕێگا دەربارەی سوشیال میدیا کە سوود بە نووسین و زمان دەگەیەنێت، هۆشیاری داوە. ئەو پێنج ڕێگەیەی کە سۆشیال میدیا سوودی بۆ نووسین و زمان هەیە بریتین لە: "زیادکردنی هوشیاری لە هەڵەکان، یارمەتیدەریشە بۆ ڕێگریکردن لێیان"، کەواتە هەڵەی زیاتر کە ئەنجامی دەدەیت باشتر دەکات بۆ ئەوەی هەنگاوی داهاتووت باشتر بێت. " جیاوازی نووسەران" ئەگەر بینەرەکەت شتێکی شێوەی شلۆق لە سایتەکانی سۆشیال میدیا بنووسێت، ئەوا بیانوویەک ناهێڵێتەوە تۆش دەست بکەی بە نووسینی هەمان شت. بەڵکو وەک دەرفەتێک بیری لێبکەرەوە بۆ ئەوەی بە باشی بنووسیت. تویتەری "سپۆتلایتی کورت نووسین" ئەمەش ڕێگە بە خەڵک دەدات سنوری ١٤٠ پیت بەکاربهێنن کە ناچارمان دەکات هەموو وشەیەک مانادار بکەین و کورت و پوخت بنووسین و وشەی زیادە بەکارنەهێنین.

” زۆربەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا
گەنجەکانن، کە وشەی زەق و دیار
بۆ نامەناردن و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن،
ئەمەش تەواو ئاسانە بۆ نووسین“

سۆشیال میدیا یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ ئەوەی باشتر پەیوەندیی بەیەکترەوە بکەن، بەڵام ئەوەش هەیە کە پەیوەندیی زیان بە تواناکانی خوێندنەوە و نووسینیش دەگەیەنێت. لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی تەلەگراف، بەناونیشانی "هونەری نووسینی وتار

بەهۆی تویتەر و فەیسبووکەوە زیانیان پێکەیشتووە، کامبرج هۆشداری دەدات "کە لەلایەن جولی هێنری باس لەوە دەکات کە لە قوتابخانەی پلە باڵاکان ئەو خوێندکارانەی کە جێگەیان لە زانکۆ وەک نوخبە دەبینرێن, ئێستا سەبارەت بە شارەزابوونیان لە زمانی ئینگلیزی لەکاتی نووسیندا کێشەیان هەیە. ئەو ڕایدەگەیەنێت کە نووسینی گەنجان و هەرزەکاران لەمڕۆ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیادی کردووە و ئەمەش زۆر جیاوازە لە نووسین لە زانکۆکاندا, چونکە ئەم نەوەیە لەکاتی نوسیندا ڕستەی کورت بەکاردەهێنن کە ئەمەش کاریگەریی سۆشیال میدیایە لەسەریان.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند خوێندکارێکی هەڕەمەکی لە کەمپەوە پرسیاریان کرد کە "ئایا سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر زمانەکەت هەیە؟" هەندێک لە خوێندکارەکان وەڵامیان دایەوە کە پێیان وایە دوای بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان و خەڵکدا ئەوەندە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، بەگشتی بۆیان قورسە دوای ئەوە قسە لەگەڵ کەسانی دیکە بکەن و زمانی زبر بەکارنەهێنن. تەنانەت دەیانوت قورسە بە ئینگلیزی دروست بنووسن. هەندێک خوێندکار لەگەڵ ئەمەدا نین و ڕای تریان هەیە. ئەوان پێیان وایە سۆشیال میدیا دەتوانێت یارمەتییان بدات بۆ فێربوونی وشەی نوێ، هەروەها دەتوانێت کاتیان بۆ بگەڕێنێتەوە. ئەوان پێیان وابوو کە کاتێک لە سۆشیال میدیا کورتە نامە بنووسیت پێویستت بەوە نییە ڕستەی تەواو بنووسیت. بۆ نموونە "چۆنی" کە دەنوسی (how are you?) لە جیاتی ئەوە دەنووسی "how r u."، ئەمەش یارمەتیدەرە کە وشەی کورت و ڕستەی کورت دەتوانێت لە پۆلدا یارمەتیدەر بێت.

ئەم توێژینەوەیە گرنگە, چونکە لە جیهاندا زۆر کەس سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن و بینینی مادەی نوێ لە سۆشیال میدیا، کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنمان هەیە و دەستەواژە و شێوازی قسەکردنی جیاواز دەبینین. وەک خوێندکاران زۆربەمان پێمان وایە سۆشیال میدیا وشەی نوێمان پێدەبەخشێت و بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵک بەکاریدەهێنین. بەکارهێنانی وشە و ڕستە هەندێک جار کاریگەریی لەسەر شێوازی نووسینمان دەبێت. وەک بەنگالییەک فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی بەنگلا بووم. بەڵام دوای بەکارهێنانی فەیسبووک دەستم کرد بە نووسینی زمانی بەنگلا بە بەکارهێنانی ئەلف و بێی ئینگلیزی. بە زمانی خۆم لەگەڵ هاوڕێکانم پەیوەندیی دەکەم, بەڵام ئەلف و بێی ئینگلیزی بۆ ڕێنووسی وشەی بەنگالی بەکاردەهێنم. لە بنەڕەتدا، من وشەیەک بە پیتی ئینگلیزی دەنوسم و دەنگەکەی وشەیەکی بەنگلایە. وەک نموونەیەک "how are you?" بە بەنگلا دەبێتە "Tumi kmonknow acho?"، بۆیە من دڵنیام سۆشیال میدیا بەرێوەبردنی توانای نووسینم بە زمانی بەنگلا و کە قسەی پێ دەکەم

کەمێک کاریگەریی لەسەر من هەیە. واتە سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر زمان و نووسین و پیتەکانی نێوان دوو زمانی جیاواز هەیە.
کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر نووسین زیاترە وەک لەسەر شێوازی قسەکردنمان. کاتێک ئێمە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنین ئەوەندە زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنین لەوانە "lol" ئەمە دەبێت بەمانای چی بێت؟ ئەمە مانای پێکەنین دێت بە دەنگی بەرز، بەڵام بە نووسین ئەوەندە بچوکە کە ئێمە لە نووسیندا بەکاریناهێنین، وەک ئەوە وایە من نامەیەک بۆ هاورێکەم دەنێرم و دەڵێم: هێی ئەوە بە درێژایی ڕۆژ لەکوێ بوویت؟ هاورێکەم وەڵامم دەداتەوە "lol" ، من بە درێژایی ڕۆژ لە کتێبخانە بووم. ئەمە بە مانای چی دێت؟ کەواتە زۆربەی ئەوانەی ئەم وشەیە بەکاردەهێنین زیادەیە و پێویستمان بە بەکارهێنانی نییە.

**” بینینی مادەی نوێ لە سۆشیال میدیا، کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنمان هەیە و دەستەواژە و شێوازی قسەکردنی جیاواز دەبینین “**

سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی سەرەکی کاریگەریی لەسەر کەسانی جیاواز هەیە، ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ١٢-١٦ ساڵدایە شێوازی قسەکردن و نووسینیان جیاوازە لە کەسانی تەمەن ١٧-٢٢ ساڵ. منداڵێک کە گەورە دەبێت و سوشیال میدیای بەکارهێناوە شێوازی قسەکردنی جیاوازە لە کەسێک کە تەمەنی هەیە. سوشیال میدیا زیاتر کاریگەریی لەسەر هەرزەکاران هەیە. زۆرێک لە گەنجان وشەی زەق و دیار لە قسەکردندا بەکاردەهێنن لەوانە: OMG)). کەواتە سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی جیاواز کاریگەریی لەسەر کەسانی جیاواز و تەمەنە جیاوازەکان هەیە.
بەگشتی، تەکنەلۆژیا ڕۆڵی گەورەی هەیە سەبارەت بە قسەکردنمان و بەکارهێنانی زمان, ئەمەش بەشێوەیەکی پەیوەندیی لەڕێگەی ئۆنلاین دەردەکەوێت. سۆشیال میدیا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لە ئێستادا ئەو ڕۆڵە دەبینێت. ئەوەش بزانن کە لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە. سۆشیال میدیا هاتە ئاراوە و زمانێکی نوێش لەگەڵیدا دەرکەوت بەوەی کە دەتوانێت ڕستەیەک بە سێ بۆ چوار پیت بنووسیت. بەکارهێنانی زمانی زەق، شێوازی نافەرمی بەکارهێنانی زمان یارمەتی خوێندکاران دەدا بۆ باشترکردنی تواناکانی نووسین. بە ئەزموونی خۆم، چونکە زۆرێک لە پرۆفیسۆر و

مامۆستای قوتابخانە دەیانگوت کاتێک کاغەزی خوێندکارێک دەپشکنن زیاتر وشەی زەق دەبینن. من پێم وایە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا کەمێک کاریگەریی لەسەر زمان هەیە, بەڵام کاریگەرییەکەی زیاتر لەسەر گەنجی هەرزەکار دەبینرێت, بەوەی کە ئەوان زۆرتر بەکاریدەهێنن. سۆشیال میدیا زیاتر کاریگەریی لەسەر نووسین هەیە نەک زمان، بۆ نمونە ئێستا زمانی بەنگلا و ئینگلیزی تێکەڵ دەکرێت و زمانی بەنگەلادیشی و ئینگلیزی تێکەڵ دەکەم و قسە لەگەڵ هاورێکەمدا دەکەم، ئەمە بۆ زمانەکاتی تریش ڕاستە. لە لاپەڕەی نوسینەکەمدا زیاتر کێشەی ڕێزمانم هەبوو و شتەکانم بە زمانی وەک سۆشیال میدیا دەنووسی. هەر بۆیە سۆشیال میدیا نەک هەر کاریگەریی لەسەر زمانەکان هەیە, بەڵکو کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانەشمان هەیە. سەیرکە زۆربەمان لەسەر ئینتەرنێت کاتێکی زۆر بەسەردەبەین.

# میدیا چۆن بەشداری لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت و پلاندانانی زماندا دەکات؟



م. داستان سابر مامە

* م. ی. داستان صابر مامە، لە شاری هەولێر لەدایکبووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.
* چەند ساڵێک وەک مامۆستا لە خوێندنگە ناوەندی و ئامادەییەکاندا وانەی گوتووەتەوە.
* لە ساڵی ٢٠٢١ بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.

جیاواز لەو پێناسە نەریتیانەی لە ڕابردوودا بۆ زمان کراوە لە ئێستادا لەم سەردەمی شۆرشی نوێی تەکنەلۆژیا و ململانێی نێوان زمانەکان دیارترین و پەسەندترین پێناسەی نوێ بۆ زمان هاتوەتەئاراوە، کە زمان تەنیا کەناڵێک نییە بۆ پەیوەندیکردن و گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو خودی زمان بریتییە لە بنیاد و پێکهاتەی شتەکان، هەر بۆیە زمان تەنیا ئاماژە نییە بە مێژوو و کولتوور و ڕەسەنایەتی، بەڵکو خودی زمان خۆی مێژووە. ڕەسەنایەتی و فەرهەنگ و کولتووری هەموو نەتەوەکانە. زمان شارستانیەتی دروستدەکات، هیچ شارستانیەتێک بەبێ زمان بوونی نییە. بوونی هەر نەتەوەیەکیش بە زمانەکەیەوە بەستراوەتەوە. زمان واتە شوناسی نەتەوە بە نەبوونی زمان بوونی نەتەوەیەک دەسڕێتەوە.

زمان وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیام لە ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت و ڕاگەیاندن بەبێ زمان بوونی نییە، چونکە خودی زمان ڕاگەیاندنە. ڕاگەیاندن پرۆسەیەکە تیایدا نێرەری پەیام، ئاگادارکەرەوەیەک، هەواڵێک یان زانیارییەک کە بە هێمای زمانی یاخود نازمانی دەنێرێت بە مەبەستی گۆڕین و هەموارکردنی ئاراستەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری وەرگرانی پەیام بۆ گەیشتن بە کۆمەڵە ئامانجێکی پلان بۆ داڕێژراو.

ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ هۆکارە جۆراوجۆرەکانی پشت بە زمان دەبەستێت، زمانیش بۆ بڵاوکرنەوە و گەشەسەندنی پشت بە ئامرازە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن

دەبەستێت. هەردوو بوارەکەش زمان و ڕاگەیاندن وابەستەی ژینگەی کۆمەڵایەتین، چونکە ئەرکی ڕاگەیاندن تەنیا گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی نییە، بەڵکو ئەرکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو سازکردنی ڕای گشتییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزگرتنە لە بەها کۆمەڵایەتییەکان، چونکە هەر خۆی ڕاگەیاندن گرێدراوی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییە، لە هەمانکاتدا زمانیش بە بەهێزترین هۆکاری یەکیەتی و بەیەکەوە گرێدانی کۆمەڵ دادەنرێت، کە ڕۆڵی گرنگی لە یەکخستنی بۆچوون و دروستکردنی ڕای گشتییدا هەیە و بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنانی کولتووری هاوبەشی گەلانە, بەتایبەتی لەو ناوچانەی پێکهاتەی دانیشتوانی لە گروپ و نەتەوەی جیاواز پێکهاتبێت، واتە فرە زمان و فرە زاربن، ئەوا ڕۆڵەکەی بەرجەستەتر دەبێت، ئەگەر ستراتیژێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی هەبێت. بەمەش ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە خزمەتی پەرسەندنی کولتوور و زمان دەبێت. بەمجۆرەش زمان و ڕاگەیاندن دەبن بە دوانەیەکی تەواوکەری ئاوێتەی یەکتر دەبن و تاڕادەیەک هاوئەرک دەبن، چونکە هەموو ئەو ئەرکانەی ڕاگەیاندن دەیانبینێت لەڕێگەی زمانەوە پیادە دەکرێن.

ڕاگەیاندن لە ڕووی هەمەجۆری کارکردنەوە دەکرێت بە چەند جۆرێک لەوانە: (ڕاگەیاندنی نوسراو وەک: گۆڤار و ڕۆژنامە...، ڕاگەیاندنی بیستراو وەک: ڕادیۆ... ، ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو تەلەفزیۆن، میدیاو کەناڵە ئاسمانییەکان... ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان... بەهۆی جۆراوجۆری لە ڕاگەیاندندا ئەم بوارە توانیویەتی لەم سەردەمەدا لەڕێگەی زمانەوە ببێتە گرنگترین هۆکاری پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک. بەجۆریک ڕاگەیاندن وەک زەنگێکی خێرای لێهاتوو بەزووی دەچێتە هەموو ماڵێک و بەخێرایی کاردەکاتە سەر ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی گشتی خەڵک. هەر بۆیە زۆر گرنگە کە کەسانی پسپۆر و شارەزا لەم بوارەدا لە پشت میدیاکان و ڕاگەیاندنەکاندا ڕۆڵ بگێڕن, تاوەکو کۆمەڵ بەرەو ئاڕاستەیەکی دروست هەنگاو بنێت و کاریگەریی لەسەر بۆچوونەکانیان دروستبکات، چونکە زمان خۆی (دەبانێکی دوو تیغە) چەکێکی دوو سەرە چۆنمان بوێت بەوشێوەیە ئاڕاستەی دەکەین, یەکەمیان ئەرێنیە لە خزمەت گەشەپێدانی زمان و هۆکارێکە بۆ دروستبوونی بە جیهانیبوونی زمانێک بەرەو لوتکە بردنی ئەو زمانەی بەکاریدەهێنی. ئەمە جگە لەوەی لەتوانایدا هەیە ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی ببینێت لە بنیاتنانی هۆشیاریی خەڵک و لێکنزیککردنەوەی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ و توندوتۆڵکردنی پرۆسەی پەیوەندی و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون و فێرکردن و ڕاهێنانی ئەندامانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگە پەیرەویان دەکات. دووەمیان نەرێنیە هۆکارێکە بۆ لێکترازانی زمان و دابەشبوونی بۆ

چەندین زار و بن زار. ڕێگەیەکە بۆ بڵاوبونەوەی هەڵەی زمانی و جێگیرکردنی لە هزری تاکەکاندا، جگە لەمەش بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە و دروستبوونی کێشە و گرفت لە بوارە جیاجیاکاندا, وەک پێشێلکردنی یاساکان و تێکدانی کولتووری گشتی و هاندانی تاک بۆ گوێنەدان بە کولتووری نەتەوە, ئەمەش لەڕێگەی ڕیکلام و دراما و فیلمەکان و بەرنامە جۆر بە جۆرەکانەوە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین تیۆری زانستیمان هەیە، کە باس لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی میدیاکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات لەسەر تاک و کۆمەڵگە, لەوانە: لە بواری میدیای هەواڵیدا تیۆری (لەچوارچێوەدان) مان هەیە. بۆ میدیاش بەگشتی تیۆری (دەرگاوان) و هەندێك تیۆری دیکەش هەن، کە دەبنە ڕەچەتەیەکی زانستی بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکان و لادانە پیشەییەکان لە میدیادا, لەوانە: تیۆری (چاندنی ڕۆشنبیری) کە بەیەکێک لەو تیۆرە گرنگانە دادەنرێت کە مامەڵە لەگەڵ کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات لەسەر تاک و کۆمەڵگە لە ڕوانگەیەکی زۆر فراوان هەژمارێک بۆ بەهای ڕۆشنبیریی دادەنێت, لە کاتی شیکردنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە ڕوودەدات لە لایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ناوەرۆکی ڕاگەیاندنەوە. هەڵبەتە چاندنی ڕۆشنبیریی باس لە کاریگەریی کۆمەڵایەتیی دەکات بەتایبەتی کاریگەریی ئامێرە نوێیەکان تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاریی لەسەر هەست و بیر و باوەڕ لە (واقیع) کەتواری کۆمەڵایەتیدا، بۆیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریی زۆری لەسەر زانیاری و درکپێکردنی تاکەکان هەیە، چونکە بەشێوەیەکی فراوان دەوروبەری هەموو تاکێکی تەنیووە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت لە بیر و هۆشی بینەر چاندن بکات بەوەی کەتواری تۆڕەکانی پەیوەندیی شوێنی جێگرەوەی کەتواری کردەیی یاخود سروشتی بێت.

**” ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ هۆکارە جۆراوجۆرەکانی پشت بە زمان دەبەستێت، زمانیش بۆ بڵاوکرنەوە و گەشەسەندنی پشت بە ئامرازە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت “**

بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندندا وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیام پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی زمانییەوە خزمەت بە زمان بکەن بەشێوەیەک زمان بەرەو گەشەسەندن ببەن لە هەڕەشە و مەترسی

زمانان بیپارێزن. ئەم ڕێکخستنەش پێویستی بە سیاسەت و پلانی زمانی هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەرێنی لە خزمەتی پەرەسەندنی زماندابێت، هەر بۆیە زمانی ڕاگەیاندن پێویستە خاوەنی چەندین خاسیەت و تایبەتمەندیی بێت. لێرەدا گرنکترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن دەخەینەڕوو:

**١-سادەیی و ڕەوانی:** زمانی ڕاگەیاندن پێویستە زمانێکی سادە و بێ گرێ بێت, ئەمەش لەپێناو تێگەیشتنی زیاتر لە پەیام. واتە: وشە و زاراوەکان دووربن لە زاراوەی زانستی و ئەدەبی، کە تەنیا کەسانی ئاست بەرز لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لێی تێدەگەن، چونکە پرۆگرام و هەواڵ ئاراستەی هەموو جەماوەر دەکرێت، نەک تەنیا بۆ کەسانی تایبەتمەند, جگە لەمەش کاتێک دەڵێین سادەیی لە زمانی ڕاگەیاندن, مەبەستمان لە قسەکردنی ڕۆژانە و بازاڕ نییە, بەڵکو ئەو زمانەیە کە هەموو خەڵکی لێی تێدەگات، هاوکات لە یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکانیش بەدەر نەبێت، واتە سادەیی بۆ ئەوە بێت هەموو خەڵکی لێی تێبگات بە جیاوازی پاشخانی ئابوری و زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان. ئەوەی لە ڕاگەیاندن بەکاردێت لە شێوەی نووسین و دەربڕین لە زمانی ئەدەبی و زانستی جیاواز بێت بەجۆرێک کە هەموو هاوزمانان تێیبگەن.

**٢-تازەگەریی و هاوچەرخیەتی:** مەبەست لەم خاسیەتە ئەوەیە کە وشە و دەستەواژە و پێکهاتە و بنیاتی ڕستەکان لەگەڵ گیانی سەردەم گونجاو بێت و ئاوازی ڕستەکان هاوڕێک بن.

**٣-گونجاوی:** مەبەست لە گونجاوی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکانی زمانی ڕاگەیاندنە، کە لەگەڵ ئاستی جەماوەری وەرگر بگونجێن. واتە ڕەچاوی ئاستی کۆمەڵایەتیی وەرگر بکرێت و لایەنی دەروونیش لەبەر چاو بگیرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییەکە بەردەوامی هەبێت.

**٤-چێژداری و پاراوی:** مەبەست لێی دەربڕینەکان و بەکارهێنانی وشەکان بەجۆرێک بێت توانای سەرنجراکێشانیان هەبێت و چێژبەخش بن. دەربڕینە وشک و بەتاڵەکان بینەر و بیسەر لە خۆیان دووردەخەنەوە.

**٥-زمانی نەتەوە/ ستاندارد:** پێویستە زمان لە ڕاگەیاندندا زمانی ستاندارد/ زمانی نەتەوەیی بێت، چونکە زمانی ستاندارد زمانی فەرمی و بنەڕەتییە بنەمای زمانی پەرلەمان و خوێندن و یاسا و ڕاگەیاندن و ئەدەب و دام و دەزگاکان و...تاد نەتەوەیە. زمانێکی نمونەیی و پێوانەیە لە ئاخاوتندا, دەربڕ و تومارکەری کولتوور و ڕەسەنایەتی و داب و نەریتی هەر نەتەوە و کۆمەڵێکە وەک زمانی هاوبەش زمانێکی باو باڵادەستە.

**٦-ڕێنووسی یەکگرتوو:** زمانی نووسینی ڕاگەیاندن پێویستە هەر زمانێک خاوەنی ئەلفبێ و ڕێنووسی یەکگرتووی تایبەت بەخۆی بێت، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیڕەوی

ئەم ڕێنووسە بکرێت. بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی چەند جۆرێک لە ئەلفبێ و ڕێنووس خزمەت بە زمان ناکات و دەبێتە هۆکارێک بۆ لێکترازانی زمان و دوورخستنەوەی ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی زمانێکی دیاریکراو.

٧-**کورتبڕی:** بەگشتی خواستی جەماوەری وەرگر بەجۆرێکە زۆرترین زانیاریی بە کەمترین کات و کورتترین دەستەواژە بەدەستبهێنێت، چونکە ڕستە ئاڵۆز و درێژەکان قورسایی دەخەنە سەر یادگە و لە شیکردنەوەی زانیارییەکان و کردنەوەی کۆدەکان بیسەر و بینەر زیاتر ماندوودەکات.

٨-**فراوانی:** پێویستە فەرهەنگی زمانی ڕاگەیاندن بەجۆرێک پڕ لە وشە و یەکەی واتایی بێت، کە توانای پڕکرنەوەی هەموو پێویستییە جۆربەجۆرەکانی هەبێت، چونکە بوارەکانی ڕاگەیاندن هەموو لایەکی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتووەتەوە. لەوانە: بواری (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، تەندروستی، هونەری... هتد).

٩-**توانای گەشەسەندن:** واتە جیاوازی و هەستپێکردنی گۆڕانکاری بەرەوپێشچوونی زمانێک بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی هەمان زمان. بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی زمان لە تەواوی زمانانی جیهان شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام خاڵی گرنگ لەم گۆڕانە ئەوەیە، کە ئایا گۆڕان لەم زمانە هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشبردنی زمانەکە و هەنگاونانە بۆ زیاتر بەجیهانیبوونی زمانێک، یاخود بە پێچەوانەوە لەدەستدانی وشە و زاراوە ڕەسەنەکان و شوێنگرتنەوەیان بە وشەی بێگانە ئەمە زیاتر لێکترازان و بەلاڕێدابردنی زمانە بەرەو ئاقارێکی خراپ.

> ” پلانی زمانی لەگەڵ سیاسەتی زمانی دوو چالاکی تەواوکەری یەکترن بەشێوەیەک، کە پلانی زمانی شوێنکەوتەی سیاسەتی زمانییە، هەروەها پلانی زمانی چالاکییەکی دەستوەردانی مرۆڤە لە زمان یان زمانەکان “

جێبەجێکردنی هەموو ئەم خاڵانە وەکو خۆی و بە سەرکەوتوویی لەهەر وڵات و لە لایەن هەر نەتەوەیەک، پێویستی بە بوونی سیاسەتێکی تۆکمە و پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە. جا ئەگەر باس لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی بکەین،

سەرەتا پێویستە بزانین، کە خودی سیاسەتی زمان و پلانی زمانی چییە و بەگشتی چۆن پێناسە دەکرێن. سیاسەتی زمان بریتییە لە پەیڕەوێکی گشتی و چەند دەستوور و یاسایەک بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی زمان، بۆ ڕێکخستنی زمانەکان لەنێو کۆمەڵگە و هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات. ئەمە سەرباری پاراستن و گەشەپێدانی زمان, هەروەها هەندێکجار بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی زمانێک یان هەندێک زمان لە ژینگەی زمانیدا پەیڕەو دەکرێت.
هەروەها لەبارەی پلانی زمانییەوە دەتوانین بڵێین: پلانی زمانی جێبەجێکردنی ئەو یاسا زمانەوانیانەیە، کە وا دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لەنێو کۆمەڵگە دایاندەرێژێت. چالاکییەکی فەرمییە کەوا دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێت و پلانێکی بۆ ڕێکخستنی شێوەی زمان لە وڵاتدا لێ بەرهەمدەهێنێت و پەیوەندییەکی یەکانگیری لەگەڵ سیاسەتی زماندا هەیە. بەمجۆرە پلانی زمانی لەگەڵ سیاسەتی زمانی دوو چالاکی تەواوکەری یەکترن بەشێوەیەک، کە پلانی زمانی شوێنکەوتەی سیاسەتی زمانییە, هەروەها پلانی زمانی چالاکییەکی دەستوەردانی مرۆڤە لە زمان یان زمانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج گەلێک، کە لەلایەن دەزگاکانی یاسادانانەوە ڕەنگرێژکراوە وەک پێویستییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمان لە ژینگەی زمانیدا، واتە پلانی زمان بە قۆناغی پیادەکردنی سیاسەتی زمانی دادەنرێت بۆ هەموو وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمان, بۆ ئەوەی گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پەیوەندیکردن لە چوارچێوەی وڵاتێک یان هەرێمێک بەهۆی یاساوە چارەسەربکرێن و بۆ ئەوەی هاوبەشی لەنێوان ئاخێوەرانی زمانێک بنیاتبنێت، هەروەها ئەم نەتەوە بایەخ و گرنگی بۆ زمانی نەتەوەیی دابنێت و بە پایەیەکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەکەی بزانێت.
گرنگی و کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر سیاسەتی زمانی و دواتر پلانی زمانی دوای ئەوە دەرکەوت، کە ڕاگەیاندن کاریگەریی زۆری لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ هەبوو, ئەمەش بەهۆی ئەو ناوەڕۆکەی لە پەیامەکانیاندا پێشکەشی تاکەکانی کۆمەڵی دەکەن و کولتووری ژیانی کۆمەڵ بەخێرایی دەگۆڕن، لەگەڵیدا زمانی کۆمەڵگەش دەگۆڕن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژانە چەندین توخمی نوێ و کولتووری بەهۆی ڕاگەیاندنەوە دێنە نێو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین کەرەسەی زمانی نوێ جێگەی کەرەسەی زمانی ڕەسەن بگرنەوە. هەروەها کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنیش لەڕووی دەربڕین و ڕێزمان و ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتادا دروستدەکات. هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆربەی وڵاتان لە ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمیەکانی لە پەرلەمانی کوردستان دەرکرد، کە وایکرد قەوارەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی زمانی سەربەخۆی گشتگیر

بۆ هەموو کایەکان واتە لە ڕێگەی یاسایەکی تایبەت بەشێوەیەکی فەرمی پەرلەمانی کوردستان سیاسەتی زمانی بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان داڕشت بۆ ئەوەی بەکارهێنانی زمانەکان لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا دیاری بکات. بەڵام ئەم سیاسەتە زمانییە، کە پەرلەمانی کوردستان بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دایڕشتوە نەیتوانیوە کێشەکانی زمانی کوردیی لە ڕووی زمانی فەرمی لە ڕاگەیاندن لە زمانی ئاخاوتن و نووسین چارەسەر بکات, هەرچەندە لە سیاسەتە زمانییەکەیدا ئاماژەی بە زمانی کوردیی کردووە کە لە بواری ڕاگەیاندن زمانی فەرمییە، بەڵام کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زمانێکی یەکگرتووی هاوبەشی نەتەوە پەیڕەو ناکەن، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە دەقە یاساییەکاندا سیاسەتی زمانی نەیتوانیوە پێناسەی زمانی کوردیی بکات, کە مەبەستی کام زار و شێوەزارە؟ واتە لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوریی وەک زمانی فەرمی لە ڕاگەیاندندا دیاریکردووە، بەڵام هیچ یەکێک لە زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیی بە دیاریکراوی دەستنیشان نەکردوە, لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا چەندین زار و شێوەزاری جیاواز هەن, واتە لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بەهیچ جۆرێک ئاماژەی بەم لایەنە نەکردووە.

**” لە کوردستاندا قەیرانی دروستکردنی میدیایەکی نیشتمانیمان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی چەندین ڕاگەیاندنی حزبی ئاڕاستەکراو “**

جگە لەمەش سیستەمی نووسین (ئەلفبێ)ی زمانە فەرمییەکەی دیارینەکردووە، کە کام (ئەلفبێ) لە زمانی نووسیندا بۆ زمانی کوردیی فەرمییە لەبەر ئەوەی زمانی کوردیی دوو جۆر سیستەمی نووسینی هەیە، ئەلفبێی عەرەبی و پیتی لاتینی، هەروەها پێگەی زمانە بیانییەکانی بە ڕوونی دیارینەکردووە, بەڵکو ئاماژە بەوە دەدات کە لە کاتی پێویست زمانی تر بەکاردەهێنرێت، جگە لەمانەش کاری لەسەر فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیی نەکردووە بۆ داهێنانی وشەی نوێ بەشێوەی (دارشتن یان وەرگرتن), واتە گوزارشکردن لە ماناکان بە زمانی نەتەوە کە پێشتر بە زمانی بیانی بووە. بێگومان ڕوونکردنەوەی زیاتری سیاسەتە زمانییەکە لە یاساکەدا دەیتوانی چارەسەری گونجاو بۆ ئەم ئاریشانەی زمانی کوردیی لە ڕاگەیاندندا بدۆزێتەوە، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دانانی سیاسەتی زمانی چارەسەرکردنی ئەم جۆرە ئاریشانەیە،

کە لە ژینگە زمانیدا هەن. بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەهانە هێنانەوە بۆ ئەم سیاسەتە زمانییە و ڕێکنەخستنی ئەم بارودۆخە دەست بۆ دروشمەکانی (ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و قبوڵکردنی جیاوازیەکان...) دەبات. ئەمە لە کاتێکدایە، کە دانانی یاسا بۆ بەکارهێنانی زمانێکی فەرمی یەکگرتوو لە ڕاگەیاندندا بە مانای بەرتەسکردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین نییە، بەڵکو ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە تاوەکو میدیاکان و ڕاگەیاندنەکان زیان بە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و ناسنامەی کولتووری نەگەیەنن.
بەم جۆرە سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەی فەرامۆشکردووە، هەڵبژاردنی زارێکی زمانی نەتەوەیی و کردنی بە زمانی فەرمی وڵات هەنگاوی بۆ نەنراوە، لە کاتێکدا کە زمانی فەرمی حکومەت لە قەوارەکەدا دەبێتە ناسنامەی نەتەوەکە، ئەمەش بۆ پاراستنی کولتووری نەتەوە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت، چونکە زمانی فەرمی بەشێکی گرنگی سیاسەتی نێوخۆی هەر دەوڵەت و حکومەتێک پێکدێنێت بۆ پارێزگاریکردن لە زمان و یەکبوونی نەتەوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی بێ زمانی فەرمی و ستاندارد وەکو وڵاتی بێ ئاڵا و سنوور وایە.
سەبارەت بە ئاستی گەشەسەندنی میدیا و تەکنیکی میدیاکان لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ سەدەی ڕابردوو، لەڕووی تەکنیکەوە لە ئاستێکی بەرزی گەشەسەندندایە، بەڵام لە ڕووی کاریگەری و خزمەتکردنی پرسە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکان کەمتر توانیویانە ڕۆڵی ئەرێنی ببینن و بەرپرسیاریەتی نیشتمانی لەهەموو کایەکاندا کەمتر دەرکی پێدەکرێت. جگە لەمەش لە کوردستاندا قەیرانی دروستکردنی میدیایەکی نیشتمانیمان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی چەندین ڕاگەیاندنی حزبی ئاڕاستەکراو، کە تا ئێستا نەگەیشتووین بەو ئاستەی میدیایەکی سەربەخۆی نیشتمانیمان هەبێت. لە کوردستاندا ئەو بەشەی پێی دەوترێت کاریگەریی میدیا لەسەر بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ئەرێنی نییە، بەڵکو نەرێنییە، میدیاکان کێبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کێ زۆرتر تەماشایان دەکات یاخود کێ زۆرتر هەواڵ و بابەتەکانیان دەخوێنێتەوە نەوەک کێبرکێیان بێت لەسەر ئەوەی کامیان باشتر ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەکردن و بەرەوپێشبردن ئەنجام دەدات، هەر بۆیە زۆرجار لەبری چارەسەر بۆ ئارێشەکان گرفت و ئارێشەی زیاتر دەهێننەئاراوە.
زمانی کوردیی وەکو زۆربەی زمانە زیندووەکان هەندێک وشە و زاراوەی لە زمانانی بیانی وەرگرتووە، واتە شتێکی سروشتییە هیچ زمانێک نییە لە دونیا، کە هەموو وشەکانی بریتیبێت لە وشەی ڕەسەنی خۆی، سروشتی هەموو زمانێک وایە کە بەلایەنی کەمەوە ٣٠٪ وشەکانی وشەی خوازراوبن، ئەگەر هاتوو زمانێک ئەم سروشتەی نەبێت بە

زمانێکی لەکارکەوتوو دادەنرێت. هەر زمانێک لە کاتی نەبوونی وشەی پێویست پێویستە پەنا بۆ وەرگرتنی وشەی بیانی ببات، واتە ئەگەر لەهەر بوارێکدا وشەکانی زمانی کوردیی بتوانێت پێویستییەکانی زمان پڕبکاتەوە پێویست بە وەرگرتنی وشەی بیانی ناکات، بەڵام لە ئێستادا دەبینین میدیاکان بوونەتە کارگەیەکی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی بیانی زیاد لە پێویست، کە وەکو دیاردەیەکی لێهاتووە و هیچ خزمەتێک بە زمانی کوردیی ناکات, بە پێچەوانەوە کاریگەریی لەسەر نەوە بە نەوە دروستدەکات و زمانی کوردیی بەرەو هەڵدێر دەبات. ئەو وشە بیانیانەی کە لە میدیاکاندا بەکاریاندەهێنن وەنەبێت هەموویان زاراوەی زانستی بن و زمانی کوردیی وشەی بەرانبەریانی نەبێت, بەڵکو هەندێکیان وشە و زاراوەی ئاسایی ڕۆژانەی سەر زاری خەڵکن و لە زمانی مامەڵکردنی ڕۆژانەدا بەکاریاندەهێنین, هەر چەندە لە زمانی کوردیی وشەی خۆماڵی بەرانبەریان هەیە بۆ نموونە وشەکانی: (ڕێستورانت، کەمپ، مۆدێرن، دیالۆگ، سپۆنسەر، کابینە... هتد). لە زمانی کوردیدا وشەکانی (چێشتخانە، کۆمەڵگە یان ئۆردوگا، هاوچەرخ یان نوێگەری، گفتوگۆ، پشتیوانی دارایی، پێکهاتە...هتد) هەن. ئەم بەکارهێنانی وشەی بیگانە وەکو دیاردەیەک بووەتە هۆی برەودان بە بەکارهێنانی ئەم وشانەی زمانی ئینگلیزی لەنێو زمانی ئاخاوتن و نووسینی تاکی کورددا.

جگە لەمانەش هەندێك لە میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناوی کەناڵەکە و ناوی بەرنامەکانیشیان بە ئینگلیزییە وەک: (نێت تیڤی، نایت شۆ، شۆ مەگەزین، باک ستەیج...هتد).

**” هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆربەی وڵاتان لە ساڵی ٢٠١٤ یاسای زمانە فەرمیەکانی لە پەرلەمانی کوردستان دەرکرد، کە وایکرد قەوارەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی سیاسەتێکی زمانی سەربەخۆی گشتگیر “**

لێرەدا ئەکادیمیای کوردی پێویستە هەڵوێستی هەبێت، چونکە بە یاسا دەسەڵاتی پێدراوە پێویستە بەدواداچوونی هەبێت و سنوورێک بۆ ئەم لێشاوەی بەکارهێنانی زمانی بیانی ئەم پاشا گەردانییەی کەناڵەکان دابنێت, لەڕێگەی کاراکردنی لێژنەی

فەرهەنگ و زاراوەی دەزگاکە، هەروەها جێبەجێکردنی یاساکانی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، چونکە وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی بەمشێوە فراوانە لایەنێکی نەرێنی لەسەر زمانی کوردیی دروستکردووە و خەریکە زمانی کوردیی سیمای خۆی لەدەستدەدات. یەکێک لە کێشەکانی میدیا و ڕاگەیاندنەکان بەکارهێنانی ڕێنووسی لاتینییە, لە کاتێکدا فێربوونی فەرمی لە هەرێمی کوردستان ئەلفبێی ئارامی یان دەکرێت بڵێین عەرەبییە, ئەوەی گرفتەکەی ئاڵوزترکردووە ئەوەیە کە ڕێنووسە لاتینەکەش هەر لایەنێک بە ئارەزووی خۆی بەکاریدەهێنێت لە کاتێکدا ئەلفبێی عەرەبی بەشێوەیەکی تەواو چەسپیوە و شێوەی کۆتایی خۆی وەرگرتووە, ئەم تێکەڵەیە لە ئەلفبێی لاتینی کاریگەریی خراپی لەسەر دروستبوونی زمانی فەرمی و زمانی نەتەوەی لە هەرێمی کوردستان دەبێت. پێویستە پاکسازی لەهەموو لایەنەکانی دەنگ و وشە و ڕستە و دەربڕینەوە بکرێت.

لەم ڕووەوە بایەخی تەواو بە زمانی دایک بدرێت، چونکە بناغەی سەرەکی مانەوەی هەر زمانێک ڕێزمان و ئاستی دەنگەکەیەتی, ئەگەر هاتوو ئەم دوولایەنەی زمان شێوێنرا, بە دڵنیاییەوە زۆر ئەستەم دەبێت کە ئەم زمانە بەر لێشاوی لەکارکەوتن نەکەوێت. هەروها لەکاتی وەرگرتنی هەر وشەیەکی بیانی پێویستە بەپێی پێوەرکان و ستانداردەکانی زانستی زمان مامەڵە لەگەڵ ئەو وشەیە بکرێت و بخرێتە ژێر یاساکانی فۆنۆلۆژی زمانی کوردییەوە و بەپێی لێکدانی مۆرفیمەکانی زمان زاراوەیەکی دروستی بۆ دیاربکرێت، کە لە ژێر سیستەمی دەنگی زمانی خۆماڵی لە ڕووی دەنگسازییەوە وەک ئەندامێکی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات. لە ڕووی چاودێرییەوە پێویستە بوونی ڕاوێژکاری یاسایی و زمانەوانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەک مەرجی پێدانی مۆڵەتی کارکردن هەبێت, بۆ ئەوەی بتوانرێت لەم ڕێگەیەوە ڕێگری لە بڵاوبونەوەی پێشلکاری و لادانی پیشەیی و یاسایی بکرێت و ببنە چاودێر بەسەر هەڵە و کەموکورییەکان لەڕێی دامەزراوەی نیشتمانییەوە چاودێری کایەی میدیای کوردی بکرێت. ئەو کەناڵ و دامەزراوانەی سەرپێچی یاساکان دەکەن دەستنیشانبکرێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی بکرێنەوە.

هەرچی سەبارەت بە بەکارهێنانی دوو زاری جیاواز لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان, دەتوانین بڵێین لە ئێستادا (زاری کوردی ناوەڕاست) لەسەر ئاستی عێراق و جیهان وەک زمانی فەرمی هەرێمی کوردستان بەهێزی خۆی, خۆی سەلماندووە، بۆیە پێویستە بڕیاری سیاسی و یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەربکرێت بە مەبەستی بە ستانداردکردنی ئەم زارە کوردییە لە هەرێمی کوردستان, تاوەکو ببێتە بناغەیەک بۆ زمانی فەرمی یەکگرتوو، هەر بۆیە جێگای خۆیەتی وەزارت و بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان

دوور لە عەقلیەتی ناوچەگەری و خۆپەرستی لە پێناو بەژەوەندیی گشتی بۆ دروستبوونی زمانی فەرمی یەکگرتووی کورد لە هەرێمی کوردستان, بەم ئاراستەیە دەست لەناو دەست ئەم هەنگاوە بەیەکەوە بنێن.

**سەرچاوەکان:-**


١-ئازاد عزیز سلێمان، سیاسەت و پلانی زمان لە راگەیاندندا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، ٢٠٢٢، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

٢-شیلان عومەر حسێن، بنەما پەروەردییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا، ٢٠١٦ ، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفراسی پرۆگرامەکان هەولێر ٢٣- ٢٤ تشرینی دووەمی (٢٠١٦)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣-رەفیق سابیر، بە ستانداردکردنی زمان و ئەلفبێی کوردی، ٢٠١٤، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی بڵاوکردنەوەی غەزەلنوس بۆ چاپ بڵاوکردنەوە.

٤-هاوژین عومەر، تەکنیکی نوسینی میدیایی، ٢٠١٣، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٥-علی القاسمی، الفصحی و عامیتها ط١، ٢٠٠٦، منشورات المجلس الاعلی للغة العربیة، الجزائر.

٦-عبدالعزیز شرف، المدخل الی علم الاعلام اللغوی، ١٩٨٣، منتدی سور الازبکیة، بدون دار نشر.

٧-هدی الصیفی، علاقة السیاسة اللغویة بالتخطیط اللغوی (دراسة حالات من الوطن العربی)، ٢٠١٥، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب والعلوم، جامعة قطر.

# زمان لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا

**سڤین تۆماس، زانکۆی پادیربۆرن، ئەڵمانیا**
**وەرگێڕان: م. پەرۆش محەمەد**

**سەرەتا**

بەهۆکاری پێشکەوتنی جیهانگیریی و هاوکات پێویستبوون بە وەرگێڕان، پشکی پیشەسازیی وەرگێڕان لە بازاڕدا لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٣ بلیۆن دۆلارەوە تا ساڵی ٢٠٢٠ بۆ نزیکەی ٤٨ بلیۆن دۆلاری ئەمریکی بەرزبووەتەوە. تەنها بە تەماشاکردنێکی ئەم ژمارانە مرۆڤ لەوە دەگات کە بۆچی خواستی هەڵکشاو لەسەر تەکنەلۆژیای وەرگێڕان بە ئامێر هەیە-تەکنەلۆژیایەک کە هەر ئێستا هاتووەتە ناو ژیانی ڕۆژانەمانەوە. لە کاتی گەڕان بە ناو تویتەردا مرۆڤ دەتوانێت پەنجەیەک بنێت بە دوگمەی وەرگێڕاندا تویت و نووسین بە زمانەکانی تری جگە لە زمانی خۆی بخوێنێتەوە؛ کاتێک لە یوتوب تەماشای پانێلێک دەکەین بە زمانی فەرەنسی، ئێمە دەتوانین خۆکارانە سەبتایتڵە وەرگێڕدراوەکەی بخوێنینەوە؛ یاخود دەتوانین گوگڵ کرۆم بۆ وەرگێڕانی تەواوی پەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربێنین. وەرگێڕانی ئامێریی لە ئێستادا شێوە دەدات بە کارلێککردنمان لەگەڵ جیهاندا.

ئەو پرسیارەی لەم توێژینەوەیەدا بۆ وەڵامی دەگەڕێین دەکرێت بەمشێوە دابڕێژین: تەکنەلۆژیای وەرگێڕان بە ئامێر چۆن کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی زمانەکانمان دەبێت؟ ئێمە چیمان بەسەر دێت ئەگەر هەموو ئەوەی دەمانەوێت بیخوێنینەوە بە زمانی خۆمان بخرێتە بەردەستمان؟ وەکو یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوە ئێمە تەماشای گۆڕانی کات دەکەین پەیوەست بە پرۆسەی وەرگێڕانەوە لەگەڵ کاریگەرییەکانی.

بۆ ئەنجامدانی ئەمە یەکەم شت بۆ فەلسەفەی زمان و وەرگێڕان لای واڵتەر بنیامین دەگەڕێینەوە. شێوازەکەی بنیامین ڕێگایەکمان بۆ ڕوانین لە زمان پێشکەشدەکات

وەکو ئەوەی لە ئامرازێك زیاتر بێت. دوای ئەوە تەماشای چۆنێتی کارکردنی وەرگێڕانی ئامێریی دەکەین لەگەڵ ئەوەی بۆچی دەکرێت وەرگێڕانی ئامێریی وەکو بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی سەیر بکرێت, کە زمان خۆی بەرهەمدێنێتەوە. بە پێکەوە گرێدانی ئەم دوو گۆشەنیگایەی بنیامین ئێمە دەتوانین گۆڕانێک لە پەیبردنماندا بەدیبکەین لە دەستدانی چرکەساتە دیالەکتیکییەکان لە کارلێکمان لەگەڵ جیهاندا.

**واڵتەر بنیامین لەبارەی زمانەوە**

واڵتەر بنیامین لە ١٨٩٢ لە بەرلین لە دایکبووە، فەیلەسوف و ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بووە کە لە ١٩٣٣ ناچاربوو بۆ پاریس هەڵبێت بەهۆی هاتنە سەر کاری ڕژێمێکی فاشیستییەوە لە ئەڵمانیاو ئەمیش لە بنچینەدا جوولەکە بووە. نەک هەر ئەوەی کە بەرهەمەکانی دەربارەی تیۆری ئیستاتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی لە زۆر ڕشتەی ئەکادیمیدا کاریگەریان پەیدا کرد, بەڵکو بنیامین بە وەرگێڕانی کارەکانی ئۆنۆر بەلزاک، چارلس بۆدلێر و مارسێل پراوست بەناوبانگە. ئارەزووی فەلسەفیی بنیامین لە زمان و وەرگێڕان لە هەردوو وتاری دەربارەی زمان وەکو ئەوەی هەیەو زمانی مرۆڤ لەگەڵ ئەرکی وەرگێڕدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوەو ئەمەش بە سەرنجی بنیامین گرێدراوە لەسەر ئەوەی کە تەکنەلۆژیا چۆن ڕوانین و پەیبردنمان بە جیهان دەگۆڕێت, کە لە وتارە بەناوبانگەکەیدا کاری هونەریی لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردووە. ئەمەش بنیامین دەکات بە کەسێکی گونجاو بۆ یارمەتی لێوەرگرتن, گەر حەزمان لە تەکنەلۆژیای وەرگێڕانی ئامێریی و کاریگەرییەکانی لەسەر زمان بێت. بەر لەوەی تەماشای لایەنی بەرهەمهێنانەوەی وەرگێڕانی ئامێریی بکەین دەبێت یەکەمجار لەو شتە بگەین کە بەرهەم دەهێنرێتەوە: زمان. لەبەرئەوە یەکەمجار خاڵە سەرەکییەکانی فیکری بنیامین لەسەر زمان و وەرگێڕان باسدەکەین و پاشان دەچینە سەر بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی.

ئێمە لە کاتی قسەکردن، گوێگرن، خوێندنەوەو نووسیندا زمان وەکو ئامرازی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنین. زۆربەی کات ئێمە سەرنجمان لەسەر ئەوەیە کە وتراوە یان نوسراوە. تیشک دەخەینە سەر ناوەڕۆکە زارەکییەکەو دەستدەکەین بە بیرکردنەوە لەو مانایەی لە ڕێگای زمانەوە دەربڕدراوە, بەڵام بنیامین سەرنج دەخاتە سەر لایەنێکی دیکەی زمان. لای ئەو زمان شتێک دەردەبڕێت لە هەنووکەدا کە ناتوانرێت لە ناوەڕۆکە زارەکیەکەیدا کورت بکرێتەوە.

بەرلەوەی بچینە سەر ئەم ناوەڕۆکە هەنووکەییەی زمان لای بنیامین کە لای ئەو لە ناوەڕۆکە زارەکییەکەی باڵاترە، ئێمە تەماشای چەند نمونەیەکی باو دەکەین کە

تێیدا ئەم لایەنەی زمان ئەزموون دەکرێت. یەکەم نمونە تۆنی زمانە. وێنای ئەوە بکە کە قسە لەگەڵ کەسێک دەکەیت بە تونێکی نزم و غەمگین دەدوێت. ناوەڕۆکی زارەکی لای کەسەکە هەر شتێک بێت کە وشەکانی دەری دەبڕن، دەربڕینەکە لە تۆنە غەمبارەکەیدا وات لێدەکات پەیامەکە جیاوازتر وەربگریت لەوەی کاتێک کەسەکە هەمان کۆمەڵە وشە بە دەنگێکی دڵشاد و خۆشەوە بڵێت. ئەوەی لەڕێگەی زمانەوە گوتویەتی هەمان شتە بەڵام ئەوەی لە ڕێگەی زمانەوە دەری بڕیوە شتێکی تەواو جیاوازەو کاریگەریی دەکاتە سەر چۆنێتی ئەزموون و تێگەشتنی تۆ لەم گفتوگۆیە. هاوشێوەی ئەم تۆنە سۆزدارییە ئەو تۆنە ئاماژەییەیە کە تێیدا بە تەنها تۆنەکە خۆی پێمان دەڵێت کە پێچەوانەی ناوەڕۆکە زارەکییەکە مەبەستی ڕاستەقینەیە. نمونەیەکی تر شێوازی زمانە. لێرەدا تەنها سەرنجمان لەسەر دەربڕینی هەمان ناوەڕۆکی زارەکی نییە لە زمانی جیاوازدا, چونکە شێوازەکان نەک تەنها لە هەرێمی جیاواز(دیالێکت) و کاتی جیاوازدا دەگۆڕێن, بەڵکو لەنێوان کەسەکانیشدا دەگۆڕێن. ئەگەر هاوڕێیەکی نزیکی تۆ نامەیەکت بە شێوازێکی تەواو جیاواز بۆ بنووسێت تۆ گومانت بۆ دروستدەبێت کە بەڕاستی ئەوە هاوڕێکەتە ئەم نامەی نووسیوە. ئەم نمونانە نیشانی دەدەن کە زمان شتێکی زیاتر لەوەیە کە تەنها لە مانادا کورت بکرێتەوە.

” شێوازەکان نەک تەنها لە هەرێمی
جیاواز(دیالێکت) و کاتی جیاوازدا دەگۆڕێن،
بەڵکو لەنێوان کەسەکانیشدا دەگۆڕێن “

ئەمەش ئەم پرسیارە قوت دەکاتەوە: ئەو شتە چییە زمان دەیگەیەنێت کە لە هەنووکدا دەریدەبڕێت, بەڵام ناکرێت لە ناوەڕۆکە زارەکیەکەیدا کورتبکرێتەوە؟ "زمان ئەو بوونە زیهنییە دەگەیەنێت کە لەگەڵی دەدوێت. ئەوە شتێکی بنچینەییە کە بزانین ئەم بوونە زیهنییە لە زماندا خۆی دەگەیەنێت نەک لە ڕێگای زمانەوە"(بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە ١٤٢). سەرنجی بنیامین لە زماندا لەسەر ئەو دەربڕینە هەنووکەییەیە کە هەستی پێدەکەین و "ئەگەر کەسێک بیەوێت بەم هەنووکە بڵێت سیحر، کەواتە کێشەی سەرەکی زمان سیحرەکەیەتی" (لاپەڕە ١٤٢). زمانێک کە بەم شێوازە تێیبگەیت بەهێزەو کورتنابێتەوە لەو لایەنە ئامرازیی و تەکنیکییەدا کە بنیامین بە "تێگەشتنێکی بۆرژوازانەی زمان" ناوی دەبات (لاپەڕە ١٤٤). دەربڕینی هەنووکەیی بوونە زیهنییەکە ئەمشێوازی تێگەشتنە لە کاریگەرییەکانی زمان تێدەپەڕێنێت. بۆ سەیرکردنی لایەنە

سیحریەکەی زمان(سپراخماجی) بنیامین ئەو زاراوانە بەکاردێنێت کە بەشێوەیەکی باو لە بارودۆخی عارفانەو سەروسروشتیدا هەیە. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە کە بنیامین دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم کتێبی موسا، کتیبی سەرەتاکان و توێژینەوەکەی لە سیحری زمان بە چیرۆکی ئەفراندن دەسپێدەکات.

هەموو شت لە ڕێگەی زمانەوە خۆی دەردەبڕێت، ئەمەش بنیامین پێی دەڵێت "دەرکەوتن" (لاپەڕە ١٤٦)، هەروەها لە کتێبی سەرەتاکاندا وتراوە کە خودا هەموو شتێک پەیوەست بە ناوە پێدراوەکانیان دەزانێت. لەمەوە بنیامین دەرئەنجامێکی ئەبستمۆلۆژیانە دەردەهێنێت. دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت بوو بە هۆی دابڕانی لە ناوی شتەکان و وایکرد مرۆڤ خۆی ناو لە شتەکان بنێت بە وشە: "لەبەرئەوە بوونی زمانەوانی مرۆڤە وادەکات کە مرۆڤ ناو لە شتەکان بنێت" (لاپەڕە، ١٤٣). وشەو ناو جیاکارییە بنچینەییەکەن لە نێوان زانینی ڕەهاو زانینی ڕوانینخوازی کە لە زمانی خوداو زمانی ئادەمییدا بوونیان هەیە.

قسەکردن لەسەر سیحری زمان(سپراخماجی) کە جیاوازییەکی بنچینەییە لە نێوان ناوەڕۆکی زارەکی کە لەڕێگەی زمانەوە دەگەیەنرێت لەگەڵ بوونی زیهنی کە لە زماندا دەگەیەنرێت تەنها لە وتاری دەربارەی زمان وەکو ئەوەی هەیەو زمانی مرۆڤدا باسنەکراوە. لە وتاری ئەرکی وەرگێڕدا بنیامین ئەم جیاکارییە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی وەرگێڕان لە ناو زمانەکانی مرۆڤدا بەکاردێنێت. ئەگەر بە زاراوە ئینجیلیەکانی بنیامینەوە پابەندبین, دەتوانین بڵێین کە کێشەی وەرگێران دەبێت تەنها لەبارەی دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشتەوە نەدوێت, بەڵکو دەبێت لەبارەی تاوەری بابلیشەوە بدوێت. مرۆڤەکان تەنها لە زانینی ڕەهای ناوە پێدراوە خوودایەکان دانەبڕاون کە ناچاردەبن لەگەڵ زمانێکی ئادەمیدا هەڵبکەن, بەڵکو زمانە ئادەمیەکانی خۆشیان دابەشی بڕێکی نەژمێراو لە زمان بوون، هەر لەبەرئەمە مرۆڤەکان ناتوانن زۆر بەهێزبن.

بۆ پشکنینی کێشەی وەرگێڕان لە ناو زمانەکاندا لەبەر ڕۆشنایی لایەنە سیحرییەکەی زمان خۆیدا بنیامین جیاکارییە سەرەتاییەکەی خۆی بەکاردێنێت, لەنێوان ئەوەی لە ڕێگەی زمانەوە دەگەیەنرێت لەگەڵ ئەوەی لە زماندا دەگەیەنرێت, بەڵام ئەمجارە چەمکی جیاوازتر بەکاردێنێت. لە ئەرکی وەرگێڕدا بەوەی یەکەم دەڵێت ئەو شتەی کە لە ڕاستیدا مەبەست بووەو بەوەی دووەمیش دەڵێت شێوازی مانابوون (بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە ١٤). ئێمە چۆن لەم جیاکارییە تێبگەین؟ ئەگەر سەیری وشەکانی "brot"ی ئەڵمانی و "bread"ی ئینگلیزی بکەین، هەردوو زمانەکە مەبەستیانە هەمان شتە کە نانە. بەڵام شێوازی مانابوونەکە، خوێندنەوەو دەنگەکەی، نەریتی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەکەی دەگۆڕێن. کەواتە ئەوەی لە زمانی جیاوازدا دەگەیەنرێت لە

ئاستی زارەکیدا ڕەنگە هەمان مەبەست و مانا بێت, بەلام بە لەبەرچاوگرتنی لایەنە سیحریەکەی زمان بەهۆی شێوازی مانابوونەکەوە جیاوازی بەهێز هەیە. بەڵام لەبەرئەوەی وشە جیاوازەکان بۆ "نان" لە ڕاستیدا مانایان هەمان شتە, بۆیە دەبینین کە زمانەکان دەکرێت وەرگێڕانیان بۆ بکرێت و شتێکی هاوبەشیان هەیە کە جۆرێکە لە خزمایەتی لە نێوانیاندا. ئەمەش پرسیارێک قوتدەکاتەوە: چ جۆرە خزمایەتیەک لەنێوان زمانەکاندا هەیە؟ ئێمە دەزانین لە لایەنی زارەکییەوە هەمان شت مەبەستەو ئاماژە بۆ هەمان شت دەکرێت. بەڵام لەبەرئەوەی هەموو زمانەکان ئاماژە بە هەمان مانا دەکەن بەشێوازە جیاوازەکانی مانابوونەوە، کەواتە هیچ زمانێکیان مانا ڕاستەقینەکە ناگەیەنێت. ئەوان تەنها وشەی خۆیان بۆ ناوە بنەڕەتیەکە بەیان دەکەن. لەڕێگەی بەراوردکردنی شێوازە جیاوازەکانی مانابوون، چەندان جیاوازیی مەبەستبوون یاخود شێوە جیاوازەکانی ئاماژەکردن بە هەمان شت ئێمە لەم توانای وەرگێرانەدا ئەزموونی "پەیوەندیی هەرە ناوەکی زمانەکان بە یەکترەوە دەکەین. (وەرگێڕان...) خۆی ناتوانێت ئەم پەیوەندییە پەنهانە ئاشکرا بکات، ڕەنگە نەشتوانێت دروستیبکات, بەڵام دەتوانێت لەڕێگەی دانپێدانانی چڕو بە بەرهەمەوە نوێنەرایەتی بکات" (بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە ١٢). لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە تەنها لە وەرگێڕاندا دەردەکەوێت, بۆیە هەر ئەم پەیوەندییە هەرە ناوەکییە کە هەموو مەبەستە پاڵپشتیکارەکان بەرەو ڕووی دەچن و دەبن بە تێڕوانینێکی ئایدیاڵ کە خودایەکی فەلسەفیانە دەکرێت هەڵگری بێت، زمانێکی ئایدیاڵ کە بنیامین بە زمانی پەتی ناوی دەبات (لاپەڕە، ١٣).

**” زمان ئەو بوونە زیهنییە دەگەیەنێت کە لەگەڵی دەدوێت. ئەوە شتێکی بنچینەییە کە بزانین ئەم بوونە زیهنییە لە زماندا خۆی دەگەیەنێت نەک لە ڕێگای زمانەوە “**

چی ڕوودەدات گەر ئێمە ئەم ئارگومێنتە هەڵگەڕێنینەوە؟ ئەم ئارگومێنتە چی دەڵێت دەربارەی زانیاری مومکینی ئێمە لە زمانی دایکی خۆماندا کە تەنها ڕێگایەکی ناونان و مانادانە بە شتەکان لە بەرامبەر ئەوەی بنیامین چەمکی زمانی پەتی بۆ داناوە؟ یەکەم شت ئێمە دەیدۆزینەوە ئەوەیە کە: ئەوەی ئێمە لە ساتێکی دیاریکراوی کاتداو لە زمانێکدا تێی دەگەین, تەنها بەشێکی ئەوەیە کە دەکرێت بە زمانی پەتی دەربېڕدرێت.

بەڵام وەرگێڕان ڕێگایەکمان دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بەشێکی تر بۆ ئەم دۆخە بەشبەش بووەی زمانەکەمان زیاد بکەین. لەڕێگەی پێکەوە گرێدانی ئەم دوو پارچەوە دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەم دووانە تەنها بەشێکن لە وێنەیەکی گەورەتر کە پێشتر نەمانتوانیوە بیبینین. بۆیە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئێمە ئەزموونی هارمۆنیای مانا جیاوازەکان دەکەین کە بەرەو دۆخی زمانی پەتی ئاراستەیان وەرگرتووە. ئەمە تەنها ئەو کاتە گونجاوە کە ئێمە سەرنج بخەینە سەر لایەنە سیحریەکەی زمان لەبەرئەوەی ناوەڕۆکە زارەکیەکەی هەمیشە مانا هاوبەشەکەیە. لەبەر ئەمە بنیامین ئەوە بە ئەرکی وەرگێڕ دەزانێت کە ئەم پەیوەندییە ناوەکییە لە ناو زمانەکاندا پیشان بداتەوە. ئەڵبەت ئەمە هەرگیز کۆتایی پێنایەت، چونکە وەرگێڕانی جیاواز، هەتا لە هەمان زمانیشدا، لە کاتە جیاوازەکاندا بەهۆکاری گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی زمانەکانمان دەگۆڕێن. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هیچ کەس ناتوانێت لەڕێگەی ناوەڕۆکی زارەکیەوە ئەم پەیوەندییە هەرە ناوەکییە دەربڕێت. تاکە شتێک بکرێت ئەوەیە ئەم خزمایەتییە پیشانبدرێت. زمانە پەتیەکە تەنها دەکرێت لە وەرگێڕاندا جەختی لێبکرێتەوە بە پێکەوە گرێدانی پارچەکانی مانا. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو شتەیە کە زمانی سیحری ئاماژەی پێداوە، یان هێمای پێکردووە نەک وەرگێڕانە دروستەکەی مانا-مانا بەپێی بۆچوونە بۆرژوازیەکە. "هەرچەندە بەم پێیە دانبەوەدا نراوە کە کۆی وەرگێڕان ڕێگایەکی تاڕادەیەک کاتییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نامۆیی زماندا"(بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە، ١٤). بۆ ئەوەی وەرگێڕانێک خزمایەتی نێوان زمانەکان نیشانبدات پێویستە هەوڵنەدات ڕێگاکانی مانا لە زمانە ڕەسەنەکەدا بسڕێتەوە. "وەرگێڕانی ڕاست ڕۆشنەو تێکستە ڕەسەنەکە ناشارێتەوە، پێش لە ڕووناکییەکەی ناگرێت، بەڵکو ڕێگا دەدات زمانە پەتییەکە، وەکو ئەوەی بە ئامرازەکانی خۆی گەورە کرابێت، زیاتر بڕژێتەوە سەر ڕەسەنەکە". (لاپەڕە ١٨)

ئەمەش ئەمانبات بۆ لایەنێکی تری گرنگی فەلسەفەی وەرگێڕان لای بنیامین: کاتییبوونی پرۆسەی وەرگێڕان. بەرلەوەی ئێمە قسە یان بیر لە وەرگێڕانی وشە، ڕستە، فرێزێک یان تێکستێک بکەینەوە ئەم تشتە زمانەوانیانە دەبێت یەکەمجار بگوترێن یان بنووسرێن. لەبەرئەوە "وەرگێڕانەکە لە ڕەسەنەکەوە پەیدا دەبێت" (بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە ١٠) وەرگێڕانێک تەنها دەتوانێت دوای ڕەسەنە پەیدا ببێت. هەر بۆیە "وەرگێرانی ڕاستەقینە ڕۆشنە"و ڕەسەنەکە دەخاتە بەر ڕووناکی "زیاترو زیاتر"، وەرگێڕان دەکرێت وەکو "دۆخی بەردەوامیی" ڕەسەنەکە دابنرێت (لاپەڕە ١١). ئەم "دۆخی بەردەوامییە" ئاماژەیە بە مێژوویی‌بوونی زمانەکانمان. بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەتوانین نەریتێکی زمانەوانی بناسینەوە، بە مانایەکی تر لەڕێگەی وەرگێڕانەوە جەختی لێکرابێتەوە-

بەتایبەتی ئەگەر باسی دۆخەکانی ڕابردووی وەرگێڕان لە هەمان زماندا بکەین، تاوەکو دۆخە هاوچەرخەکەی. بە بۆچوونی بنیامین "وەرگێڕانی ڕاستەقینە" دەبێت ئەو پرۆسە دینامیکی و پڕ جوڵەیە نیشانبدات زمانەکانمان بەردەوام تێیدان. وەرگێڕان ئەم پرۆسەیە باشتر دەکات، چونکە شێوازە نوێیەکەی زمانەکەمان ڕێگایەکی دیاریکراوی مانابوون نیشاندەدات، کە وەکو یەک شێوەی مەبەستبوون دەردەکەوێت کە ڕووی لە بابەتی بەردەستە. هەموو ئەمە شتێکی گونجاوە تەنها ئەگەر وەرگێڕان وەها ببینرێت کە "ڕێگایەکی تا ڕادەیەک کاتییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نامۆیی زمانەکاندا" نەک وەکو کۆتا ڕێگای گەیاندنی مانایەکی جێگیر. لە ڕێگای تێڕوانینی سیحریی بنیامینەوە دەزانین گەر ڕوانینێکی بۆرژوازانەمان بۆ زمان هەبێت لە لایەنە بەهێزەکانی زمان تێناگەین.

**" هەموو زمانەکان ئاماژە بە هەمان مانا دەکەن بەشێوازە جیاوازەکانی مانابوونەوە، کەواتە هیچ زمانێکیان مانا ڕاستەقینەکە ناگەیەنێت "**

**وەرگێڕانی ئامێریی وەکو بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی**

بەم تێگەشتنەی بنیامین لەسەر زمان و وەرگێڕان ئێستا دەتوانین بچینە سەر تەکنەلۆژیای وەرگێڕانی ئامێریی و لەوە بکۆڵینەوە کە چۆن وەرگێڕانی ئامێریی زمانەکانمان دەباتە بارودۆخێکی نوێوە. لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوە ڕووندەکەینەوە کە ئەم سیستەمانە چۆن زمانێک بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕن. ئەم تێگەشتنە یارمەتیمان دەدات کە ئەم تەکنەلۆژیایە وەکو بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیی تەماشا بکەین و پاشان ئەمەش بەکاردێنین بۆ پاڵپشتیکردن لە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە کاتیبوونی وەرگێڕان و ڕەنگدانەوەکانیدا.

لە ساڵانی ١٩٩٠ەکان تواناکانی کۆمپیوتەر هێندە گەشەی کرد کە بتوانێت فێربوونی ئامێریی بخاتە بەردەست (هەچینز، ١٩٩٥). بەتایبەتی لە وەرگێرانی ئامێرییدا میتۆدە ئامارییەکان بەکارهاتن بۆ دۆزینەوەی پێکهات و چوارچێوەکان لەو وەرگێڕانانەی کە هەبوون، هەروەها بەکارهات بۆ ژماردنی دەرئەنجامە هەرە باشە وەرگێڕدراوەکان بۆ تێچوو(تێکست)ە پێدراوەکان. بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات دەبوو ئالگۆریتمەکان هەگبەیەکی گەورە لە تێکستی وەرگێڕدراوی پرۆفیشناڵیان "دەرخوارد" بدریت-وەکو ئەوەی لە تەکنەلۆژیای فێربوونی ئامێریدا پێی دەگوترێت. ئەم شێوازە ئامارییە لە

وەرگێڕانی ئامێریی بۆ نمونە لە لایەن گوگڵەوە هەتاوەکو ٢٠١٦ بەکارهاتووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕە دەمارییەکان و بەکارهێنانی فێربوونی قوڵ لە وەرگێڕانی ئامێرییدا لە ناوەڕاستی ٢٠١٠ەکانەوە ئەم میتۆدانە تابێت وردتر و کارامەتر دەبن (فۆرکادا، ٢٠١٧). بەهۆی دووبارەبوونەوە، داتای زۆرو زەبەلاح و کەمبوونەوەی تێچوونی خەزنکردنەوە, ئەم سیستەمانە دەرئەنجامی زۆر باش دەخەنە بەردەست-بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەو زمانانەی کە ئەم برە زۆرو زەبەندەی داتا بەردەستە. هەتا ئەگەر ئێمە بەتەواوی لەو پەیوەندییانە تێنەگەین کە ئەم تۆڕانەی وەرگێڕانی ئامێریی لە شیکردنەوەی داتاکاندا دەیدۆزنەوە، بەڵام هەر ئەوەی کە ئەم سیستەمانە بەو ڕەنگە کاردەکەن بەسە بۆ پاڵپشتیکردنی ئارگومێنتەکەی ئێستامان. با ئێستا دووبارە بگەڕێینەوە سەر بۆچوونەکانی بنیامین لەبارەی لایەنە کاتییەکانی پرۆسەی وەرگێڕانەوە. ئەم بارودۆخە کاتییە گۆڕانی بەسەردا دێت کاتێک سیستەمی وەرگێڕانی ئامێریی بەکاردەهێنین. ئامێرەکانی وەرگێڕان لە وەرگێڕانەکانی ڕابردوومانەوە فێردەبن, لەبەرئەوە ئەم وەرگێڕانانە وەکو بنەما دۆخی زمانەکانمان لە ئێستادا وەرناگرن. بەو هۆکارەی کە لە تێکستە وەرگێڕدراوەکانەوە فێردەبن دەکرێت ئەم ئەلگۆریتمانە بە پارێزگار(کۆنزێرڤاتیف) ناو ببرێن-بەو مانایەی کە کراوە نین بەڕووی گەشەکردنە نوێکاندا. هەرچەندە هەندێك لە سیستەمەکان لە کارکردن لەگەڵ بەکارهێنەراندا فێردەبن, بەڵام ئەو پەیوەندییانەی ئەم تۆڕانە دەیدۆزنەوە لە ڕاهێنان و داتاکانەوە شێوازی ئیشکردنیان دیاریدەکات.

ئێمە پێشتر بە وەرگێڕانمان گوت بەردەوامبوونی دەقە ڕەسەنەکە. "وەرگێڕانی ڕاستەقینە" دەبوو ئەوە بێت کە ڕەنگدانەوەی ئەو پرۆسە دینامیکیە بێت کە زمانەکانمان تێیدان و دەبوو لە ڕێگای گۆڕینی سنورەکانی زمانەکانمانەوە ئەو پرۆسەو پێشکەوتنەش باشتر بکات, بەڵام بەهۆی شێوازی کارکردنی پارێزگارانەی سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێریی چیدی وەرگێڕانەکانیان ناکرێت بە بەردەوامیی ناوببرێن. بەو پێیەی ئەم سیستەمانە بارودۆخەکانی پێشتری زمانەکانمان دووبارە چالاک دەکەنەوە, کەواتە وەرگێڕانەکانیان دەبێت وەکو دووبارەبوونەوە تەماشا بکرێن. لەجێی ئەوەی دینامیکییەتی گرنگی زمانەکانمان برەو پێبدات، وەرگێڕانی ئامێریی بارودۆخی دووبارەوەبووی زمانەکانمان دروستدەکاتەوە.

بەهۆکاری ئەم دووبارەبوونەوە پارێزگارانەو لێڵکردنی سروشتی هەمیشە گۆڕاوی زمانەکانمان تێڕوانینی خۆشمان بۆ زمان دەگۆڕێت. کاتێک ئێمە وەرگێڕانێکمان دێتە بەردەست کە هاوکارمان دەبێت لە مانای زمانێکی دیکە بگەین بەبێ ئەوەی دان بنێت بە ڕێگا جیاوازەکانی مانابووندا، ئا لەو کاتەدا لایەنە سیحرییەکەی زمان دەکەوێتە دوای بەکارهێنانە سودگەراکەی زمانەوە. بەڵام شتەکە هەر ئەوە نییە، بەڵکو "گەواهیی

مێژوویيانەی کەس" خۆشی لێرەدا ڕووخێنراوە (بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە، ٤٣٨). وەکو ئەوەی بنیامین لە وتاری کاری هونەریی لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا دەیڵێت ئەم "گەواهییە مێژووییە" ڕوخێنراوە خەسڵەتی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکییە. "دەکرێت بە گشتی بگوترێت تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانەوە بەرهەمهاتوو لە پانتایی نەریت دادەبڕێت"(لاپەڕە ٤٣٨).

## ” لە وەرگێڕانی ئامێرییدا میتۆدە ئامارییەکان بەکارهاتن بۆ دۆزینەوەی پێکهات و چوارچێوەکان لەو وەرگێڕانانەی کە هەبوون “

بەمشێوەیە دەکرێت وەرگێڕانی ئامێریی وەکو بەرهەمهێنانەوەیەکی میکانیکی ببینین کە زمان خۆی بەرهەمدێنێتەوە. دابڕان لە نەریت خەسڵەتی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکییە کە لە حاڵەتی زماندا کاریگەریی گرنگی هەیە. لایەنی "ئێرەو ئێستا"ی زمان، "بوونی تاقانەیی زمان لە شوێنێکی دیاریکراو" و کاتێکی دیاریکراو کە دەبوو لە وەرگێڕاندا دەربکەوێت مانای خۆی لە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا لەدەستدەدات. ئەڵبەت ئەم ڕاستەقینەیی و مێژوویيبوونەی زمان لە دیدی سیحریی زمانەوە شتێکی سەرەکییە نەک لە ڕوانینە بۆرژوازیەکە بۆ زمان. بنیامین ئەم گەشەکردنە بەمشێوە کورت دەکاتەوە: "ئەوەی لە سەردەمی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکیدا ئەژاکێت (...) خەرمانەی زمانە" (فورکناس، ٢٠٠٠). خەرمانەی سیحریی زمانەکان لەگەڵ ڕێگاو شێوازە جیاوازەکانییان بۆ ئاماژەکردن بە هەمان مانا لەناودەچێت؛ هۆکاری ئەمەش دووبارەبوونەوەی پارێزگارانەی بەرهەمهێنانەوە ئەلگۆریتمییەکانە کە سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێریی بەرهەمیدێنن. لەدەسدانی خەرمانەی زمانەکانمان دەرئەنجامی مەعریفیانەی هەیە، چونکە تێڕوانینێکی تەواو سودگەرایيانە لە زمان داماندەبڕێت لە توانای دەربڕینی خزمایەتیی هەرە ناوەکی نێوان زمانەکان. لەڕێگەی ئەزموونکردنی ئەم خزمایەتییە لە وەرگێڕانی ڕاستەقینەدا ئێمە دەمانتوانی خەسڵەتی ڕوانینخوازی وشەکانمان لە بەرامبەر زانینی ڕەهای ناوەکان لە زمانی خودادا بناسینەوە. بە هۆکاری لەدەستدانی خەرمانەوە ئێمە چی تر وەها بیرناکەینەوە کە وشەکانمان بەشێک بن لە کۆی مەبەستەکان. بەتایبەتی ئەگەر ئەم ئامێرانە باشتر بن ئێمە ئەزموونی ڕێگای تری مانابوون ناکەین. بەمپێیە وەرگێڕانی ئامێرەکانی وەرگێڕان لەوە دەکەون وەکو پرۆسەیەکی جوانیناسی ببینرێن کە بە بۆچوونی بنیامین وەها بوون، بەڵکو تەنها

وەکو ئامرازێک دەمێننەوە. بەکارهێنانی ئەم سیستەمانە وەهامان لێناکات بیر لە شێوازە جیاوازەکانی مانابوون لە زمانە جیاوازەکاندا بکەینەوە-تا ئەو کاتەی کاربکەن و سەرنجمان ڕانەکێشن. تەنها پچڕانێک لەنێوان ئەم وەرگێڕانە ئەلگۆریتمیانەو بەکارهێنانی هەنووکەییمان بۆ زمان وامان لێدەکات پرسیار لە شێوازەکانی مانابوون بکەین کە سیستەمی وەرگێڕانی ئامێریی دەیخاتە بەردەستمان. ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە زۆربەی توێژینەوەکان لەبارەی کاریگەرییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی لەسەر زمانەکانمان بۆ لایەنگیریی جێندەریی لە وەرگێڕانەکاندا تەرخانکراوە(میهرابی و ئەوانی تر، ٢٠٢١، ساڤۆلدی و ئەوانی تر، ٢٠١٢). ئەمە دەردەکەوێت چونکە ئێمە وەکو کۆمەڵگاکان زیاتر وشیاربووینەوە لە جێندەرو لایەنگیری لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا. ڕەنگە ئەم جۆرە لە توێژینەوە بەزۆری پاڵپشتی دارایی پێبدرێت لەبەرئەوەی ئەو کۆمپانیایانەی ئامێرەکانی وەرگێڕان دەفرۆشن نەیانەوێت پەیوەندییەکی خراپیان لەگەڵ جەماوەردا هەبێت.

هەموو ئەوەی کە گوترا دەکرێت بەمشێوەیە کورتبکرێتەوە: دووبارەبوونەوەی پارێزگارانەی زمان کە سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێریی بەسەر زمانەکانمادا دەیسەپێنن بەدوای خۆیدا خەرمانەی زمانەکان دەژاکێنێت. ئەمەش ڕوانینە بۆرژوازیەکە بۆ زمان زەق و بەهێزدەکات و زمانە سیحرییەکە(سیراخماجی) دەچەپێنێت. بەبێ تیشکۆ خستنە سەر شێوازە جیاوازەکانی مانا ئێمە خزمایەتی نێوان هەموو زمانەکان نابینین لەگەڵ ئەو دانپێدانانەی کە زمانی خۆمان تەنها زانیارییەکی ڕوانینخوازیمان دەخاتە بەردەست بەراورد بە زانینی ڕەها کە زمانی پەتی نوێنەرایەتی دەکات. بەمشێوەیە سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێریی لەو چرکەساتە دیالەکتیکییانە لە ئەزموونمان لەگەڵ زماندا هەمانە بێبەشماندەکات.

کاریگەرییەکانی ئەم بارودۆخە نوێیە لەسەر زمانەکانمان دەبێت زیاتر توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت. لەگەڵ بنیامین ئێمە دەزانین کە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکی کاریگەریی لەسەر پەیبردن و هەستکردنمان بە جیهان هەیە. بنیامین دەنووسێت: "لە ماوەی مێژوویی گەورەدا، تەوای شێوازی بوونی کۆمەڵگا مێژووییەکان لەگەڵ هەستکردنیاندا گۆڕانی بەسەردا دێت"(بنیامین، ١٩٧٢، لاپەڕە ٤٣٨). بەڵام ئەگەر وەرگێڕانی ئامێریی بەڕاستی تەکنەلۆژیایەکی بەرهەمهێنانەوە بێت کە زمان خۆی بەرهەمدێنێتەوە ئێمە لە سەرەتای ئەو توێژینەوانەداین.

## کۆتایی

ئەم پەیپەرە لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا پێویستە سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێریی وەکو تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان تەمەشابکرێن کە زمان خۆی بەرهەمدەهێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە یەکەم شت گەڕاینەوە بۆ فەلسەفەی زمان لای بنیامین کە تێیدا جیاکاری دەکات لەنێوان ناوەڕۆکی زارەکی و بوونی زیهنی وەکو جیاکاری نێوان ئەوەی دەگەیەنرێت لە ڕێگەی زمان و لە زمان خۆیدا. بەیارمەتی چەمکی سیحریی زمان(سپراخماجی) گەڕاینەوە سەر فیکرەکانی دەربارەی وەرگێڕان و چەمکی زمانی پەتی. ئا لێرەدا لایەنی کاتیی زمان و ڕۆڵی ئەم لایەنە لە دینامیکیەتی ئەزموون و تێگەشتن لە زماندا گرنگ وەسفکرا.

لەم ڕێگایەوە ئێمە دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە لە شێوازی کارکردنی سیستەمی وەرگێڕانی ئامێریی و بینیمان کە ڕێگاکانی کارکردنی ئەم سیستەمە پارێزگارو کۆنزێرڤاتیڤە. بە تیشکخستە سەر ئەوەی کە ئەم سیستەمانە بارودۆخەکانی پێشتری زمانەکانمان دووبارەدەکەنەوە بۆمان دەرکەوت کە وەرگێڕانی ئامێریی بەوشێوەیە مێژوویبوونی زمانەکانمان لاواز دەکەن. لەبەرئەوەی ئەمەش لای بنیامین خەسڵەتێکی گرنگی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانەوەیەو ئێمەش بۆمان دەرکەوت کە سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێریی وەکو تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانەوە وەهان کە زمان خۆی بەرهەمدەهێننەوە, بەڵام پارێزگارانەو کۆنزێرڤاتیڤانە. لەدەستدانی خەرمانەی زمان لەگەڵ بەرهەمهێنانەوەکانی دیکەی زماندا بەو تێگەشتنەی گەیاندین کە ئێمە لە چرکەساتە دیالەکتیکییەکان دابڕاوین، چرکەساتەکانی شێوازی بیرکردنەوەو ئەزمونکردنمان بەشێوەیەکی گشتی.

ئەگەر وەگێڕانی ئامێریی بەڕاستی وەکو بەرهەمهێنانەوەی زمان خۆی تەماشابکرێت، کەواتە زۆر پرسیار هەیە کە پێویستیان بە وەڵامە. بنیامین لە هێنانەکایەی ڕێگەیەکی نوێدا ساتێک دەبینێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هەستکردن و پەیبردن خۆیان. ئەگەر ئێمە زمان وەکو ڕێگایەک بۆ بیرکردنەوەکانمان تەماشابکەین، کەواتە لێکەوتەکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی زمان لەسەر توانای بیرکردنەوەو کارکردنمان لەناو جیهاندا چی دەبێت؟

---

**سەرچاوەکان:**


Benjamin, W. (1972a). Das Kunstwerk im Zeitalter seiner technischen Reproduzierbarkeit [The Work of Art in the Age of its Technological Reproducibility]. In R. Tiedemann and H. Schweppenhäuser (Eds.), Gesammelte Schriften I. Suhrkamp.

Benjamin, W. (1972b). Die Aufgabe des Übersetzers [The Task of the Translator]. In

R. Tiedemann and H. Schweppenhäuser (Eds.), Gesammelte Schriften IV. Suhrkamp.
Benjamin, W. (1972c). Über Sprache überhaupt und über die Sprache des Menschen [On Language as Such and on the Language of Man]. In R. Tiedemann and H. Schweppenhäuser (Eds.), Gesammelte Schriften II. Suhrkamp.
Forcada, M. L. (2017). Making Sense of Neural Machine Translation. Translation Spaces. 6(2), 291-309. https://doi.org/10.1075/ts.6.2.06for
Fürnkäs, J. (2000). Aura. In M. Opitz and E. Wizisla (Eds.), Benjamins Begriffe. Suhrkamp.
Hutchins, W. J. (1995). Machine Translation: A Brief History. In Concise history of the language sciences (pp. 431-455). Pergamon.
Mehrabi, N., F. Morstatter, N. Saxena, K. Lerman, and A. Galstyan (2021). A Survey on Bias and Fairness in Machine Learning. ACM Computing Surveys, 54(6), 115. https://doi.org/10.1145/3457607
Savoldi, B., M. Gaido, L. Bentivogli, M. Negri, und M. Turchi (2021). Gender Bias in Machine Translation. Transactions of the Association for Computational Linguistics, 9, 845–874. https://doi.org/10.1162/tacl_a_0

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی؛ وەك زمانی یاسا



د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە

د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەیاسای گشتی-یاسای کارگێڕی.
سەرۆک بەشی یاسا لە زانکۆی جیهان_ سلێمانی.
ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان-سلێمانی

**دەستپێك:**

لەگەڵ بڕوابوونی تەواومان بەوەی زمانی کوردی، زمانێکی دەوڵەمەند و لەبارە بۆ ئەوەی ببێتە زمانی یاسایی لە هەرێم و لەعێراقیشدا، زمانێکە بۆ نووسینەوەی دەقە یاساییەکان لە هەر ئاستێکدا بن، چ ئاستی دەستووریی بێت یان ئاسایی (پەرلەمانی) یان لاوەکی، هەروەها زمانێکە بۆ نووسینەوەی پەڕاوەکانی دادبینی و نووسینەوەی بڕیارە دادوەرییەکان.

هەروەها زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر ساز و ئامادەیە بۆ نووسینی توێژینەوە و کتێبە یاساییەکان لەلایەن توێژەران و یاساناسانەوە لە هەر ئاست و پلەیەکدا بن، چ نووسینی ماستەرنامە یان تێزی دکتۆرا، یاخود توێژینەوەی مامۆستایانی زانکۆ و کتێبە دانراوەکانی بواری یاسا لەلایەن ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ یاسادا هەیە..

بەڵام سەربارى ئەو ڕاستییەی سەرەوە ناکرێت ئەوەش نادیدە بگرین کە نووسینی یاسایی بە زمانی کوردی لە هەر ئاست و جۆرێك بێت، بێ ئاستەنگ و ئاڵنگاریی نییە، بەشێکیان بە ئاڵنگاریی کەسیی پەیوەندارن، بەشێکی دیکە وابەستەی خودی زمانەکەن و لایەنێکی دیاری ئەو ئاستەنگانەش بەڕای ئێمە خۆی لە ئەزموونی خراپ و ناسەرکەوتوو و نابەردەوامی هەوڵەکانی بەکوردیکردنی یاسادانان و دانراوە یاساییەکانەوە هەیە لەدامەزراوەکاندا.. لەم پەیپەرەماندا بەکورتی لە چوارچێوەی

چەند ناونیشانێکەوە خوێندنەوەیەك بۆ ئەم بابەتە دەکەین تا دەگەینە کۆبەندیی یان ئەنجامگیریی بابەتەکە:

**یەکەم: بەرەوپێشچوونەکانی زمانی کوردی, وەك زمانی یاسا:**

لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە و دروستکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە بەشێك ناوچە و پارێزگا کوردستانییەکانی عێراق، لەدوای هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومی بەردەوام بەکوردیکردنی یاسا و ڕێساکان و زمانی دادبینی لەدادگاکاندا یەکێك بووە لەو داواکاری و داخوازییانەی باسدەکران و بۆ لایەنی پەیوەندار دەخرانەڕوو، بابەت و نووسینی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بەو بابەتە بڵاودەکرانەوە.. تاڕادەی ئەوەی وردە وردە لە ئاستی کەسیی و دامەزراوەییش لێرە و لەوێ و لە ئاستە جیاوازەکاندا هەوڵی کورداندنی یاساکان و کتێبە یاساییەکان دەدران، ئەو هەوڵانەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرجەستە و بەرهەمدارتر دەبوون.

بۆ کەسێك ئەم بابەتە جێگەی گرنگی پێدانی بێت، دەتوانێت بەئاسانی ئاگاداری هەنگاوەکانی ئەو پرۆسەیە بێت لە ئاستی چەندی واتە ژمارەی ئەو یاسایانەی بە زمانی کوردی دەردەکران، ئێستا ئەو ژمارانە لەچ ئاستێکدایە؟ و لە ئاستی چۆنیش پەیوەندار بە زمانی داڕشتنی کوردی دەقە یاساییەکان و زاراوە و دەستەواژە یاساییەکان.. بەجۆرێك لەسەرەتادا زمانی عەرەبی بەکاردەبردرا دواتر شانبەشانی زمانی عەرەبی بە کوردیش دەردەکران, تاوەکو دەگاتە دوا خولی پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم) کە وەك بنەما یاساکان بە زمانی کوردی دەردەکران, ئەوەش خودی دەسەڵاتی یاسادانان ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو کاتێك یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤ لە خولەکانی پێشویدا پەسەندکرد، کە تێیدا بەڕوونی ئەوەخراوەتەڕوو لە ماددەی ٤یدا (پرۆژە یاسا و بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی ئامادەدەکرێن و دەردەکرێن). لەوەش زیاتر ماددەی ٦ی یاساکە باڵادەستی داوەتە وێنە کوردییەکەی یاسا بڵاوکراوەکان لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بەسەر وێنە عەرەبییەکەیدا کاتێك دەڵێت گەر جیاوازی لەنێوانیان هەبوو ئەوا دەقە کوردییەکە دەبێتە سەرچاوە و بنەما.

هەروەها یاساکە بەوەوە نەوەستاوە, بەڵکو هەنگاوێکی زیاتر لە بابەتەکە چووەتەپێش کاتێك ڕێکارەکانی دادبینی و بڕیارەکانی دادگا بە پابەندکاریی دانـاوە کە بە کوردی بنووسرێن، ئەوەش بەپێی م/ یەکەم لە یاساکە کە دەڵێت: (هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنووسرێن). لەوەش زیاتر گەر یەکێك لە لایەنەکانی داواکە زمانی کوردی نەزانێت، پێویستە کە دادگا وەرگێڕێکی

بۆ دابین بکات(م٦/دووەم).

لەو سۆنگەیەوە وەك جێبەجێکردنێکی یاساکە دادگاکان کە تاڕادەیەکی زۆر لەپێشدا لە سەنگەری بەعەرەبی هێشتنەوەی زمانی یاسا بوون، سەد و هەشتا پلە هەڵوێستیان گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوەتا ئەنجومەنی دادوەری بڕیاری داوە بەوەی بڕیارە دادوەرییەکان و هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە زمانی کوردی بنووسرێت، تەنها لەکاتی پێویست بە زمانی عەرەبی بنووسرێت . ئەگەرچی لەخودی ئەو نووسراوەدا دوو خاڵ دەبنە جێگەی تێبینی و مەترسی بۆ سەر کرۆکی بابەتەکە، یەکەمیان: بڕیارەکە بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەرنەچووە، بە واتای ئەوەی هێشتا لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری بەڕێزیشدا هێشتا پارێزەرانی هێشتنەوەی زمانی عەرەبی وەك زمانی نووسین لەدادگاکاندا هەن، واتە ویستێکی ئاست باڵا هەیە بۆ بەکوردینەکردنی زمانی دادگاکان لەهەرێمدا. دووەمیان: لە بڕگەی کۆتایی بڕیارەکە خۆی دەبینێتەوە کاتێك دەڵێت: (.. تەنها لەکاتی پێویست بە زمانی عەرەبی بنووسرێت..) ئەم دەربڕینە تاڕادەیەکی زۆر ناوەرۆکی بڕیارەکە پوچەڵدەکاتەوە، چونکە هیچ جۆرە پێوەر و مەرجێك دیارینەکراوە لە چ کاتێك ڕێگەدەدەرێت بڕیار و پەڕاوەکانی دادگا بە عەرەبی بنووسرێت، تاوەکو ڕێگە نەدرێت لە دەرەوەی (.. کاتی پێویست..) هەر جۆرە نووسینێك بە زمانی عەرەبی ڕێگەپێدراو نەبێت.

**” زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر ساز و ئامادەیە بۆ نووسینی توێژینەوە و کتێبە یاساییەکان لەلایەن توێژەران و یاساناسانەوە لە هەر ئاست و پلەیەکدا بن “**

لە لایەنێکی دیکەوە خوێندنی یاسا لە کولێج و بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمدا، زمانی کوردی بووەتە زمانی خوێندنی بنەڕەتی لەڕووی واقیعی کردارییەوە، ئەوەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارگەلێك لەپێشی هەموویانەوە لاوازی ئاستی بەشی خوێندکاران لە زمانی عەرەبی و تێگەشتنیان بۆ ئەو زمانە. لەوەش زیاتر لەو بەشە زانستییانە تێبینی دەکرێت نامە و تێزی دکتۆرا بە زمانی کوردی دەنووسرێن، ئەگەرچی ئەم بابەتە بۆ خۆی بێ ئاڵنگاریی نییە وەك لەخوارەوە باسیان دەکەین.

پەیوەست بەناوەندیی ئەکادیمی و دادوەرییەوە تێبینی ئەوەش دەکرێت بەرهەمی زانستی لە توێژینەوە و کتێب و دانراوە یاساییەکان کەم کەم بە زمانی کوردی دەنووسرێن

و بڵاودەکرێنەوە، ئەوەش خاڵێکی ئەرێنییە لەدیوێکیدا و پنتێکی بێ ئاڵنگاریی نییە لە دیوەکەی دیکەیدا.

**دووەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی یاسایی کوردی:**

سەرباری ئەو پێشوەچوونانەی لەسەرەوە باسکران تایبەت بە هەنگاوەکانی کوردانددنی زمانی یاسایی کوردی لە ئاستە جیاوازەکاندا، بەڵام هێشتا ئاڵنگاریی جیاجیا لەبەردەم ئەو پرسەدا هەیە. لە نمونەی ئەو ئاڵنگارییانە پەیوەنیدارە بە خودی زمانەکە، بەشێکی پەیوەستە بەخودی کەسە یاساییەکانەوە. بێگومان ئاڵنگاری کەمی نووسین بە زمانی کوردی لە بواری یاسادا بۆ خۆی گرنگترین ئاڵنگارییە، لەولاشەوە خراپی و هەڵەکاری لە وەرگێڕانی کتێبە یاساییەکان بەتایبەت لە زمانی عەرەبیەوە هەنگاوەکانی بەکوردیکردنی ئەو کتێبانەی ڕووبەڕووی مەترسی و دڵەڕاوکێ کردووەتەوە.

لەخوارەوە بە چەند خاڵێك گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانە باسدەکەین:

**١.ئاڵنگاریی پەیوەست بەخودی زمانەکە:** بابەتێکی نامۆ و شاراوە نییە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا نەتوانراوە بە یاسا زمانێکی ستاندارد پەیڕەوی لێبکرێت، ئەوەتا لە یاسای زمانە فەرمییەکانیشدا هیچ ئاماژەیەك نییە کە چ شێوەزارێکی کوردی دەبێتە زمانی ستانداردی کوردی، بێگومان ئەم بابەتە دەکرێت خوێندنەوەی جوارجۆری بۆ بکرێت پەیوەست بە جیاوازیە ناوچەیی و سیاسی و دیمۆگرافییەکانەوە.. ئەگەرچی لەڕووی کردارییەوە یاسا و بڕیارەکان بە شێوەزاری کرمانجی خواروو دەنووسرێن. بەڵام هێشتا لە چەند ئاستێکی فەرمیدا شێوەزاری کرمانجی سەروو زمانی نووسینی فەرمییە. بەجۆرێك دەگونجێت بڵێین ئەم بابەتە ڕادەی پابەندکاریی بە زمانێکی ستانداردی کوردی لەسەر ئاستی فەرمی لانی کەم لە ئاستە مامناوەندەکان خاودەکاتەوە.

**٢.ئاڵنگاریی پەیوەست بە یاساناسان:** تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆر لەیاساناسان (مامۆستایانی زانکۆ، دادوەران، توێژەران..) گومانێکی هەستپێکراویان سەبارەت بە زمانی کوردی هەیە وەك زمانێکی یاسایی، ئەوەش بەڕای ئێمە بۆ هۆکارگەلێك دەگەڕێتەوە، کە دیارترینیان بریتین لە:

-باگراوندی کەسیی خۆیان دەربارەی زمانی یاسا، بەشێکی زۆر لەیاساناسان ئەوانەی لە ئاستی باڵای پۆستە یاساییەکاندان بۆ خۆیان کۆلێج و بەشەکانی یاسایان بە زمانی عەرەبی خوێندووە، خوێندن و خوێندنەوەیان بۆ یاسا زیاتر لە کەناڵی زمانی عەرەبییەوە بووە. لەوەش زیاتر کتێبخانە کەسییەکانیان بە ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو کتێبە یاساییە عەرەبییەکان لەخۆدەگرێت.

-نەبوونی شارەزای پێویست سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین

هۆکار ڕەنگە دیارتینیان گرنگینەدانی پێویست بێت بە زمانی کوردی بەگشتی و زمانی یاسای کوردی لە ناوەندەکانی خوێندندا.
-نەبونی سەرچاوەی زانستی ڕەسەن لە بوارە جیاوازەکانی یاسا ئەو هەستەی لە لای ئەو بەشەی یاساناسان قووڵتر کردووەتەوە.
**٣.ئاڵنگاریی پەیوەست بە دامەزراوەکان:** زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین ئەم ئاڵنگارییە ئاڵۆزترین ئاستەنگی لەبەردەم بەکوردیکردنی زمانی یاسایی کوردی دروستکردووە. لەپێشدا باسمان لە گرنگترین دامەزراوە یاساییەکانی (پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەریی) کرد, تایبەت بە پێگەی زمانی کوردی وەك زمانی یاسادانان و بڕیار و دادبینیە دادوەرییەکان.. بۆیە ئەو بابەتە لێرەدا دووبارە ناکەینەوە، بەڵکو زیاتر باس لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دەکەین، وەك دامەزراوەگەلێکی گرنگ و پەیوەندار بەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکەین.
لەپێش ئەوەشەوە شیاوی باسکردنە وەزارەتی پەروەردە ئەگەرچی زمانی خوێندنی لە خوێندنگە حکومییەکانی کردووەتە کوردی، بەڵام لەبەرانبەردا دەیان و سەدان مۆڵەتی بەخشیوەتە قوتابخانەو خوێندنگەی کەرتی تایبەت، ئەوانەی زمانی ئینگلیزییان وەك زمانی فەرمی خوێندن مامەڵە دەکەن. ئەوەش گەر ڕاستەوخۆش نەبێت ناڕاستەوخۆ و نیمچە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گرنگینەدانی پێویست بە زمانی کوردی بەجێهێشتووە.

> ” هێشتا پارێزەرانی هێشتنەوەی زمانی عەرەبی وەك زمانی نووسین لەدادگاکاندا هەن، واتە ویستێکی ئاست باڵا هەیە بۆ بەکوردینەکردنی زمانی دادگاکان لەهەرێمدا “

هەرچی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵایە؛ بەتایبەت لەسەرووی هەموویانەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی, لایەنێکی گرنگن لەمەڕ بەکوردیکردنی زمان و پرۆگرامەکانی خوێندنی یاسا لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیدا لە وێنەی کۆلێج و بەشەکانی یاسا لە زانکۆکانی هەرێم. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت وەزارەتی خوێندنی باڵا تاوەکو کاتی نووسینی ئەم پەیپەرە هەنگاوێکی کرداری هەستپێکراو لەو بارەیەوە بەدیناکرێت، تەنها ئەوە نەبێت ئەو وەزارەتە، لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی تایبەت بە سەرپەرشتیکردنی

خوێندنی پێنج ساڵەی یاسا، ڕێگەی داوە خوێندکارانی یاسا لەقۆناغی بەکالۆریۆس بابەتەکان بە زمانی کوردی بخوێنن و بە زمانی کوردی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجامبدەن، هەرچەند لەو بڕیارەشیاندا لە هەر قۆناغێکدا دوو بابەت دەستنیشاندەکران کە دەبێت خوێندن و وانەبێژی و تاقیکردنەوە تێیدا بە زمانی عەرەبی بێت, ئەوەش وەك داننانێك بەوەی زمانی عەرەبی هێشتا زمانی سەرەکی خوێندنی یاسایە و دەبێت خوێندکاران گرنگی زیاتری لەوبارەیەوە پێبدەن.

لە لایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی خوێندنی باڵاشدا، بۆ خوێندنی دیبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆراش تێبینی دەکرێت زمانی عەرەبی زیاتر لە زمانی کوردی پەیڕەوکراو و خوازراوە لە لایەن ناوەندەکانی خوێندنی یاسا، سەربارى ئەو هەوڵە تاکەکەسییانەی لەپێشەوە باسمانکرد.

لەلایەنی سێیەمەوە؛ لە بەرزکردنەوەی نازناوی زانستی مامۆستایانی زانکۆش بەتایبەت بۆ نازناوی پرۆفیسۆری، دەخوازێت توێژینەوە پێشکەشکراوەکان بە زمانی عەرەبی نووسرابن، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان لیژنە تایبەتمەندەکان ئەو توێژینەوانە بۆ هەڵسەنگێنەرێکی دەرەوەی وڵات دەنێرن و لەبەرئەوەی ئەو لیژنانە وا ڕاهاتوون ئەو توێژینەوانە بۆ هەڵسەنگێنەر لە وڵاتە عەرەبییەکان بنێرن، بۆیە خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی پرۆفیسۆری ناچاردەبن بە زمانی عەرەبی توێژینەوەکانیان بنووسن، یان توێژینەوە نووسراوەکانیان بە زمانی کوردی وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی! تاوەکو کارەکانی بۆ ڕایی بکرێت.

خاڵێکی دیکەی هەرە گرنگ لەمەڕ ڕۆڵی وەزارەت، تایبەت بەکوردینەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەکۆلێج و بەشەکانی یاسادا، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە دوای داڕشتنەوەی پرۆگرامی خوێندنی پێنج ساڵەی یاسا، بەشێك لە پرۆگرامی وانەکان لە لایەن مامۆستایانی لقە جیاوازەکانی یاساوە بەڕەزامەندیی لایەنی تایبەتمەندیی وەزارەت کتێبی مەنهەجییان بە زمانی عەرەبی نووسیەوە، ئەوەش بۆ خۆی هەنگاوێکە جێگەی هەڵوەستەکردنێکی بەرچاوە و پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت، بۆچی بۆ خوێندکارانی کوردزمان و لەلایەن مامۆستایانی کوردزمانەوە کتێبی مەنهەجی یاسا بە زمانی عەرەبی دەنووسرێت؟

ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەبێت کە لە وڵاتی عێراقدا زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە، ئەوا ئەو قسەیە بۆ زمانی کوردیش هەر دروستە، چونکە لە عێراقدا زمانی کوردیش زمانی فەرمی وڵاتە، لە هەرێمیشدا یەکەم زمانی فەرمییە.. ئەگەر وەڵامەکەش ئەوە بێت کە خودی مامۆستاکان وەك هەنگاوێکی تاکەکەسی ئەو بابەتە پەیڕەودەکەن و دەستی وەزارەتی تێدا نییە. ئەوا لەوەشدا وەزارەت دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەریی لەو

بوارەدا هەبێت، بۆ نمونە دەکرێت پاڵپشتی ئەو مامۆستایانە بکات کە زیاتر هەردوو وێنەی کتێبەکە (بە زمانی عەرەبی و کوردییەوە) لەلایەن خودی ئەو مامۆستایانەوە پێکەوە چاپبکرێن..

هەروەها وەزارەتی رۆشنبیرییش گرنگە بە هەماهەنگی وەزارەتی خوێندنی باڵا رێگری بکات لەو وەرگێڕانانەی کە بۆ کتێبە یاساییەکانی پرۆگرامی خوێندنی پێنج ساڵە دەکرێت، بەجۆرێك خوێنەری یاسایی و ئاسایی هەست بە چەندین هەڵەی رێزمانی و زمانەوانی و دەستەواژەکاری تێیدا دەکات. لەوەش زیاتر هەڵەی گواستنەوەی واتای برگە و رستەکان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی..

بۆیە دەتوانین لێرەدا بڵێین؛ بەشی زۆری ئەو هەوڵانەی بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن و کتێبە یاساییەکانی دیکەش دراون سەرباری پڕکردنەوەی بۆشاییەك بۆ خوێندکاران، بەڵام بەدەرنین لەکەموکورتی و نەنگی زەق، بەجۆرێك رێگەمان بۆ خۆشدەکات بەراشکاوی بڵێین بەشێك لەو وەرگێڕانانە بوونەتە هۆی وەرگەرانی واتای زاراوە و دەستەواژە یاساییە بەکارهاتووەکان لەهەر لقێکی یاسادا، بەردەوام ئەو هەڵانە لەنێو خوێندکاران و مامۆستایان و خودی وەرگێڕەکانیشدا باسدەکرێن.

**” هێشتا ئاڵنگاریی جیاجیا لەبەردەم ئەو پرسەدا هەیە. لە نمونەی ئەو ئاڵنگارییانە پەیوەنیدارە بە خودی زمانەکە، بەشێکی پەیوەستە بەخودی کەسە یاساییەکانەوە“**

**سێیەم: کۆبەندیی:**

لەپێناو ئەوەی ئەم پەیپەرە ببێتە هەوڵێکی رژد بۆ بەکوردیکردنی زمانی یاسا هەوڵدەدەین بە تەنها باس لەپێشنیاز و راسپاردەکان بکەین، بەمجۆرە:

١. **پەرلەمانی کوردستان:** وەك دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمدا ئەگەرچی رۆڵێکی باشی گێڕاوە لەمەڕ بە کوردی دانانی یاساکان، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەرکارن و جێبەجێدەکرێن یاساگەلێکی کۆنن و سەرەتای تەشریعکردنیان دەکەوێتە پێش دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانەوە.. بۆیە گرنگە ئەو دامەزراوەیە پرۆسەیەکی گشتگیر بخاتەگەڕ لەمەڕ بەکوردیکردنی ئەو یاسایانە، یاخود دەرکردنی یاسای نوێ لەجێگەیان بە زمانی کوردی، بەتایبەت گۆڕانکارییە زۆر و زەوەندەکان بۆ

خۆیان دەخوازن چاو بەو یاسایانەدا بخشێنرێتەوە و لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی لە هەرێمدا بگونجێندرێن.

**٢. ئەنجومەنی دادوەریی و دادگاکانیش**؛ داواکراون گرنگی زیاتر بدەن بە زمانی کوردی و دادوەرانی بەڕێزیش لەم بابەتەدا ڕۆڵی بەرچاویان لێ چاوەڕواندەکرێت، لەڕێگەی پابەندبوون بەو بڕیارەی ئەنجومەنی دادوەرییەوە کە لەسەرەوەدا باسکرا، بەجۆرێك زمانی کوردی زمانی بنەڕەتیی دادوەریی بێت.

**٣. وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی:** بەڕای ئێمە بۆ بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی یاسا دەبێت هەڵمەتێکی گشتگیر پەیڕەو بکات، لەو پێناوەشدا ئامرازی جۆراوجۆری لەبەردەست دەبێت باشترینیان؛ هاندان و پاڵپشتیکردنی مامۆستایانی بواری یاسایە بۆ نووسینی توێژینەوەی زانستی و دانانی کتێبی یاسایی بە زمانی کوردی، لەپێش ئەوانەشەوە وەرگێڕانی پرۆگرامەکانی خوێندنی یاسا و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی زانستی و زمانەوانی بۆ ئەو وەرگێڕانانە بەر لەچاپکردنیان. هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا داواکراو دەبێت هەموو ئەو ڕێسا و ڕێنماییانە بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم جێگیرکردنی زمانی کوردی وەك زمانی یاسا هەموار بکاتەوە.

**٤. یاساناسان:** توێژی یاساناسان لەڕێگەی ئەو وتار و توێژینەوە و کتێب و دانراوانەوە کە دەینووسن و بڵاویدەکەنەوە, لایەنێکی دیکەی چەسپاندن و پێشخستنی زمانی یاسایی کوردیین، بۆیە دەبێت زیاتر گرنگی بە نووسین بە زمانی کوردی بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویست دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری یان وەزارەتی داد یان هەر لایەنێکی فەرمی پەیوەندار بەر لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە یاساییانە هەڵسەنگاندنی زمانەوانی و زانستییان بۆ بکات. بەوجۆرەش کتێب و وەرگێڕانە یاساییەکان لەو بارودۆخە نەخوازراوانە دەربازدەکرێن.

**پەراوێزەکان:**

١-یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤.

٢-بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە ٦٧ لەڕێکەوتی ٢٦ی٩ی٢٠٢٢.

# توێژینەوەکان

# خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان؛ ئاڵەنگاری و دەرفەتەکان




* ماستەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و دکتۆرا لە سیاسەت و پلاندانانی زمان.
* سەرۆکی بەشی وەرگێڕانە لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.
* سەرنووسەری گۆڤاری وەرزنامەی زمانەوانی لە زانکۆی جیهان-سلێمانی.

د.مؤمن یاسین محمدامین



**پوختە:**

خوێندنی زمانی دایک هەمیشە بابەتێکی یەکجار گەورەی لە سیاسەتی زمانەوانی و سیاسەتی خێزانی زمانەوانییدا هەبووە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆگرتن، پێگەشتن و تێگەشتنی منداڵدا هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پرسی خوێندنی زمانی دایک لە ناوچەیەکی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان/عێراق کە ناوچەی هەورامانە لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ منداڵانی ئەو ناوچەیە بخاتەڕوو، کە جگە لە خستنەڕووی وێنەیەکی نزیکتر و گەورەتری زمانی کوردی و شێوەزارە جیاوازەکانی، چاو دەخاتە سەر پێگە و دابەشبوون و ڕەوتی هەورامی و شێوەزارە جیاوازەکانی هەورامی. ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی زمانەوانی-کۆمەڵایەتی بۆ خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان دەکات، هەوڵە جیاوازەکان، ئاڵنگاری و دەرفەتەکان شیدەکاتەوە، هەروەک وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ دەداتەوە، لە بەشێکیتری توێژینەوەکەدا، سیاسەت و پلاندانانی زمانیی لە هەرێمی کوردستان و مافی زمانەوانی ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتاییشدا کاریگەریی خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان وەک هەنگاوێکی کرداری بۆ سەرپێخستنی سیاسەتی زمانی کوردی شیکراوەتەوە، لەکۆتاییشدا پێشنیازی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا خراوەتەڕوو.



**وشە کلیلییەکان:** سیاسەت و پلاندانانی زمان، مافی زمانەوانی، خوێندنی زمانی دایک، هەورامی، هەورامان، کوردستان.

## ١. پێشەکی:

### ١.١ هەورامان و هەورامییەکان:

هەورامییەکان لە هەورامان دەژین. هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی فرە کولتوورییە، لە هێڵی سنووری عێراق (٥٠٠ کم بۆ بەغدا) و ئێران (٤٠٠ کم بۆ تاران) دەکەوێتە ناو سێ پارێزگای هەردوو وڵات. ژمارەی دانیشتوانی هەورامان بە ٦٠٠-٧٠٠ هەزار مەزەندە دەکرێت. بۆ ئەوەی وێنەیەکی ورد سەبارەت بە ژمارەکە بەدەست بهێنین، پێویستە ئاماژە بە داتای دیمۆگرافی پارێزگا و قەزا و گوندەکانی هەردوو وڵات بکرێت. لەڕاستیدا هەورامی زمانەکان لە پارێزگای کرماشان ٣٠٠ هەزار کەسە و ژمارەی ئەوانەی لە پارێزگای کوردستانی ئێران دەژین نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسە. جگە لەوەش، لە عێراقدا ٦٠ هەزار کەس لە شێوەزاری ڕەسەنی هەورامی بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەڵەبجە دەژین، نزیکەی ١٥ هەزاریش لە پارێزگاکانی دیکەدا دەژین. ژمارەی ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین بە ٢٥ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت(Amin, ٢٠٢١).

هەورامییەکان زۆربەیان موسڵمانی سوننەن و بە قوتابخانەی شافعییەوە پابەندن. جگە لەو ئایینە کۆنەی تر لەگەڵ لایەنگرانی لە هەورامانەوە زەردەشتییە, کە ساڵانە لە ناوەڕاستی زستاندا لە گوندی هەورامان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن. پیاوانی ناوساری هەورامی لە وێنەی سەیدی، میرزا پاوەیی، بێسارانی، خانەیی قوباد کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەدەبی کوردی هەبووە. هەورامییەکان بەشدارییەکی بەرچاویان لە سیاسەت و ئەکادیمیا و حوکمڕانی و هتد هەیە. مستەفا زەڵمی بە بیرۆکە داهێنەرەکانییەوە وەک زانای ئیسلامی مۆدێرنیستی و کاریگەر لە جیهاندا وەسف دەکرێت، کە کتێبەکانی لە سەدان زانکۆی جیهانیدا بەکارهێنراون(Amin, ٢٠٢١). لەڕاستیدا لەنێو نووسەر و شاعیر و زانا و کەسایەتییە سیاسییەکاندا شوێنکەوتووی زۆری هەیە. هەرچەندە ژمارەکە بەردەوام لە دابەزیندایە، بەڵام هەورامییەکان بەردەوامن لە بەکارهێنانی زاراوەی ڕەسەنی خۆیان. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت زاری هەورامی کە یەکێکە لە چوار زارەکەی زمانی کوردی، بەهۆی کۆرپوس و ڕێزمان و فۆنۆلۆژی و دۆمەینی بەکارهێنانەوە لە زمانی سەرەکی کوردی جیاوازە. لەڕاستیدا، بە پێچەوانەی زمانی کوردی و فارسییەوە، هەورامی لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕەگەزبەندی کراوە و هەر کردار و ناو و سیفاتێک یان پێگەی نێر یان مێی بۆ دیاری کراوە. سێ شێوەزاری سەرەکی هەورامی هەیە. یەکێک لەوانە زاراوەی "تەخت و شامیان" کە قسەکەرانی بە شێوەیەکی سەرەکی لە گوندی هەورامان و دزلی و مەریوان و زەڵم و خورماڵ لە هەردوو دیوی عێراق (ڕۆژهەڵات) و عێراق (باشوور) دەژین. دووەمیان "هەورامی ژاوەرۆ"یە، ئاخێوەرەانی ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگای کوردستانی

ئێران (سنە) دەژین، هەروەها کامیاران، ئەو ناوچەیەی دابەشکراوە بەسەر جوانرۆی ڕۆژئاوا و جوانرۆی ڕۆژهەڵات، بریتییە لە بێساران، تەنگیسەر، ئاویهەنگ، هویە، پایگەلا. سێیەمیان شێوەزاری "هەورامی لهۆن"ە، ئەم شێوەزارە لە پارێزگای کرماشانی ئێران (کرماشان)، قەزاکانی پاوە، نەوسود، نۆدشە، تەوێڵە، بەلخە و بیارە لە هەرێمی کوردستانی عێراق قسەی پێدەکرێت(Amin, ٢٠٢١).

### ١.٢ سیاسەت و پلاندانانی زمان

سیاسەت و پلاندانانی زمان چەمکێکی بەرچاوە لە بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەی زماندا. پەیوەندیی بە هەوڵە سیستماتیکییەکانی دەزگاکانی حکومەت، دامەزراوە ئەکادیمییەکان، یان ڕێکخراوە تایبەتەکانەوە هەیە، بۆ کاریگەریی دانان لەسەر بەکارهێنان، فێرکردن و تێڕوانین بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا(کاپلان و بالدەوف، ١٩٩٧). ئەم بابەتە باس لە گرنگی سیاسەت و پلاندانانی زمان دەکات، هاوکات مانای گشتی چەمکەکە، پێکهاتە سەرەکییەکان، کاریگەرییە ئەگەرییەکان و پێویستبوونی دارشتنی سیاسەتی ئاگادار و گشتگیر دەخاتەڕوو.

**" ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمان بەشداری دەکات لە هەردوو پاراستن و پێشخستنی هەمەجۆریی زمانەوانی. هەروەها لە پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی "**

لە جیهانێکدا کە تا دێت جیهانگیری زیاتر دەبێت، زمان زۆرجار وەک زیاتر لە تەنها ئامرازی پەیوەندیکردن کاردەکات، لەکاتێکدا خۆی بەرجەستەکردنی کولتوور و شوناس و مێژوو و حوکمڕانییە، بە شێوەیەک کە جۆرێتی و چەندێتی دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی دەسەڵات ڕێکدەخات. لێرەدایە کە ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمان دەبێتە دیدێکی چارەنووسساز بۆ بەڕێوەبردن و دارشتنی بەکارهێنان و پێگە و فێرکردنی زمانەکان، ڕۆڵی سیاسەت و پلاندانانی زمان بەشداری دەکات لە هەردوو پاراستن و پێشخستنی هەمەجۆریی زمانەوانی. هەروەها لە پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی(کاپلان و بالدەوف، ١٩٩٧). سیاسەت و پلاندانانی زمان

چەمکێکی فرەلایەنەیە، کە دۆمەینە جیاوازەکانی وەک پلاندانانی زمان لە ئاستی دەوڵەت، پلاندانانی گەنجینەی زمانەوانی، پلاندانانی فێرکردن و وەرگرتنی زمان و پلاندانانی شکۆمەندی زمانەوانیی لەخۆدەگرێت(هاورێنبەرگێر، ٢٠٠٦).
پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت، بریتییە لە تەرخانکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا(کۆووپێر، ١٩٩٩). ئەمەش دەتوانێت لە دەستنیشانکردنی زمانێکەوە دەست پێبکات وەک زمانی فەرمی یان نیشتمانی، میدیای فێرکردن لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، یان زمانی کارگێڕی و دادوەری لە ئاستی حکومەت و دەسەڵاتدا. پلاندانانی بۆ گەنجینەی زمانەوانی، بریتییە لە پەرەپێدان و چاکسازی و ستانداردکردنی زمانێک بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێت. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە دروستکردنی وشەسازی نوێ، ستانداردکردنی ڕێسای ڕێنووس و ڕێزمان، یان مۆدێرنکردنی زمان بۆ جێگیرکردنی چەمکە تەکنەلۆژی یان زانستییە نوێیەکان(هاوگین، ١٩٨٣). پلاندانانی بۆ فێربوون یان وەرگرتنی زمانی، پەیوەندیی بە چۆنیەتی فێربوون و بەکارهێنانی زمانەکانەوە هەیە. ئەو دەسەڵاتانەی کە لەم ئاستەدا کاردەکەن ستراتیژ و سیستەمەکان دادەڕێژن بۆ پێشخستنی فێربوون و بەکارهێنانی هەندێک زمان لە چوارچێوەی تایبەتدا، وەک لە پەروەردە، کارگێڕی گشتی، یان یەکخستنی کۆچبەران(کاپلان و باڵدەوف، ١٩٩٧).
پلاندانانی شکۆمەندی زمان، لە کۆتاییدا، مامەڵە لەگەڵ کاریگەریکردن لەسەر هەڵوێست و بەهاکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە هەندێک زمان دەکات. ئەمەش دەتوانێت بریتی بێت لە پێشخستنی هەستکردن بە شکۆمەندی و بەها بۆ هەندێک زمان بەسەر زمانەکانی دیکەدا، زۆرجار بە بەکارهێنانی میدیای گشتی، پەروەردە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە(ئێستمان، ١٩٨٣).
کاریگەرییەکانی سیاسەت و پلاندانانی زمان، قووڵ و دوور مەودان، چونکە لە لایەک سیاسەتە زمانییە چەواشەکراوەکان یان بە خراپی جێبەجێکراون و دەتوانن ببنە هۆی لەناوچوونی زمانەکان، پەراوێزخستنی هەندێک پێکهاتەی زمانەوانی، وەرینی کولتووری و تەنانەت ململانێی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە، سەپاندانی زمانێکی بیانی بە زۆر لە دامەزراوە پەروەردەییەکان لەسەر حیسابی زمانە لۆکاڵی و فەرمی و زمانە دایکییەکان، دەتوانێت ببێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی کولتووری و ناتەبایی کۆمەڵایەتی(ریسێنتۆ، ٢٠٠٦). لە لایەکی دیکەوە، سیاسەت و پلاندانانی گشتگیر و سەرکەوتوو و سیستەماتیکی زمان دەتوانێت فرە زمانەوانی، هەمەجۆریی زمانەوانی، پاراستنی کولتووری، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرەوپێش ببات، بۆ نموونە، سیاسەتەکانی پەرەپێدانی پەروەردەیی دوو زمانی یان فرە زمانی دەتوانن

توانا مەعریفیەکان (کۆزانییەکان)، تێگەیشتن لەنێوان کولتوورەکان و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەرز بکەنەوە(هۆرنبێرگێر، ٢٠٠٦).
بە سەرنجدان بەم کاریگەرییە ئەگەرییانە، زۆر گرنگە کە سیاسەت و پلاندانانی زمان بە پلەیەکی بەرزی هەستیاری، گشتگیری و لەسەر بنەمای بڕیاردانی ئاگایانە و هۆشیارانە دابڕێژرێن. داڕێژەرانی سیاسەت و پلاندانی زمان پێویستە چەندین هۆکاری وەک هەمەجۆریی زمانەوانی، زەمینە کولتوورییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی کەمینە زمانەوانییەکان لەبەرچاو بگرن. هەروەها پێویستە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگە زمانەوانییەکان، پەروەردەکاران، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسەت و پلاندانی زماندا بکەن. سەرەڕای ئەوەش، چاودێریکردنی بەردەوام و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان لەسەر بنەمای ڕای و سەرنجەکانی کۆمەڵگە و گۆڕانی قۆناغ و دۆخ و پێداویستییەکان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە(ریسێنتۆ، ٢٠٠٦).

### ” پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت، بریتییە لە تەرخانکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا “

لە بنەڕەتدا سیاسەت و پلاندانانی زمان ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیستەمی زمانەوانی کۆمەڵگەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخێکی ئاڵۆزە لەنێوان ئاستی دەوڵەت و پێگە، گەنجینەی زمانەوانی، فێرکردن و وەرگرتنی زمان و پلاندانانی شکۆمەندی زمان، کە پێویستی بە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ورد و گشتگیر و ئاگادارانە هەیە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەکان بەرەو جیهانگەرایی و دونیای پێشکەوتووی تەکنەلۆجیا، گرنگی سیاسەت و پلاندانانی زمان باش و گشتگیرتر دەردەکەوێت، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پراکتیک و داکۆکیکردنێکی سەرسەختانە هەیە.

### ٢. توێژینەوەکانی پێشوو

زمانی دایك، ئەو پەیوەندبەست و پەیوەستە هەڵقوڵاوەی خێزانە کە منداڵ لەدایکبوونەوە قسەی پێدەکات و ئاخاوتنەکانی لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەی

پێ ئەنجامدەدات، بەواتایەکی تر زمانی دایك زمانی منداڵی (بومی)یە کە ئامرازی پەیوەندییەکانە لەسەر بنەمای زۆرترین شارەزایی منداڵ پێی، واتە منداڵ لە پەیوەندیکردندا یەکەمجار پەنا بۆ ئەو زمانە دەبات کە زمانی پێی پژاوە، بۆیەش گرنگە لێرەوە و لە چەمکی (زمانپژانەوە) چاو بخەینە سەر (زمانی خوێندن)، ئەم بیرکردنەوەیەش لەوەوە تۆخبوویەوە کە زمانی بیانی بووە زمانی خوێندن لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا، وەك چۆن ئێستاش لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی خوێندنی تایبەت زمانی بیانی جێپێی بە زمانی دایك لێژکردوە، زمانی بیانی لە جێگای زمانی دایك بووەتە زمانی خوێندن. بۆیەش لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەشێك لە وڵاتان بیریان لە ڕیفۆرمی یاساکانی وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندن کردەوە تا ڕێگری لەم هەژموونە بێ بەزەییە بگرن کە منداڵ ناچاردەکات زمانی دایکی خۆی لەبیربچێتەوە، هەستی شانازی پێوەکردنی کەم بێتەوەو وشەسازی و ڕستەسازی لاوازبێت. بێگومان منداڵ کە پێش قوتابخانە بە زمانی دایکی ئاخاوتنەکانی ئەنجام دەدات، کاتێك دەچێتە قوتابخانە پێویستە بە هەمان شێوە زمانی دایکی بخوێنێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو بۆشاییەکی زمانەوانی و دابڕانی گەورەوە کە هەر لە سەرەتاوە لە زمانی دایکی داببڕێت، چونکە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێتە سەر هەموو کارلێککردنێکی ئەو منداڵە لەگەڵ پرۆسەی خوێندن و فێربووندا.

سیاسەتی زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دارشتنی پەروەردەی نەتەوەدا دەگێرێت، کاریگەریی لەسەر هەردوو گەشەسەندنی زمانەوانی و کۆزانیی هاووڵاتیانی هەیە. لایەنێکی بەرچاوی سیاسەتی زمان کە لەم ساڵانەی دواییدا سەرنجی ڕاکێشاوە، پەروەردەکردنی منداڵانە بە زمانی دایکی. یەکێک لە ئارگیومێنتە سەرەتاییەکان لە باسی پەروەردەی زمانی دایک، ڕۆڵی پەروەردەی زمانی دایکییە لە پاراستنی ناسنامەی کولتووری. لێکۆڵینەوەکانی موهانتی (١٩٩٤) و سکوتناب-کانگاس (٢٠٠٠) ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی کە خوێندنی سەرەتایی خۆیان بە زمانی دایکی وەردەگرن، ئەگەری ئەوە زیاترە کە پەیوەندییەکی بەهێز بە میرات و ناسنامەی کولتووری خۆیانەوە بپارێزن. ئەم پەیوەندییە بۆ ژیانی گشتی تاکەکان و زیندوویی کۆمەڵگەیەکی فرە کولتووری زۆر گرنگە. توێژینەوەیەک کە لەلایەن بەیکەر (٢٠٠٦) و کامینز (٢٠٠٠) ئەنجامدراوە، دەریدەخات کە منداڵان لە ساڵانی سەرەتاییدا کاتێک بە زمانی دایکی خۆیان پەروەردە دەکرێن، کاریگەرتر فێر دەبن. ئەم بناغەیە بە زمانی یەکەمیان ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەیەکی نەرمتر بۆ فێربوونی زمانی دووەم یان زمانی بیانی، کە دەبێتە هۆی باشتربوونی گەشەکردنی کۆزانیی و سەرکەوتنی ئەکادیمی. توێژینەوەکانی بێنسۆن (٢٠٠٤) و هیو (٢٠٠٩) دەریانخستووە کە پەروەردەی زمانی دایک توانای پەیوەندیکردن

بەرزدەکاتەوە. ئەو منداڵانەی کە بە زمانی زگماکی خۆیان پەروەردە وەردەگرن، باشتر توانای خۆیان بۆ دەربڕین و تێگەیشتن لە بیرۆکە ئاڵۆزەکان و بەشداریکردن لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا وەگەڕدەخەن. ئەم شارەزاییە زمانەوانییە لە دەرەوەی پۆل درێژدەبێتەوە و لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا کاریگەریی جێدەهێڵێت.
هەروەها سیاسەتی زمان کە پەروەردەی زمانی دایکی لە پێشینەی کارەکاندایە، بەشدارە لە گشتگیری و یەکسانی لە پەروەردەدا. توێژینەوەکانی یونسکۆ (٢٠٠٣) تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکیان قسە ناکەن زۆرجار ڕووبەڕووی جیاکاری و ئاستی خوێندنی لاوازتر دەبنەوە. پەروەردەکردنیان بە زمانی دایک، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی کوالیتی یەکسان مسۆگەر دەکات. زمانناسانی وەک مەی (٢٠١٤) جەختیان لەسەر ڕۆڵی پەروەردەی زمانی دایک لە پەروەردەی بەشداریکردنی کۆمەڵگادا کردووەتەوە. کاتێک منداڵان بە زمانی دایکیان پەروەردە دەکرێن، خێزان و کۆمەڵگاکانیان زیاتر سەرقاڵی پرۆسەی پەروەردە دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی تۆڕی پشتیوانی و هەستکردن بە خاوەندارێتی لە پەروەردەدا.
لە کاتێکدا کە سوودەکانی پەروەردەی زمانی دایک بە باشی بەڵگەدارن، بەڵام داننان بە ئاڵەنگارییەکان و ڕەچاوکردنەکاندا زۆر گرنگە. توێژینەوەکانی تۆڤ-سۆرنسن (٢٠١٩) و کینگ و ماکی (٢٠٠٧) جەخت لەوە دەکەنەوە کە جێبەجێکردنی پەروەردەی زمانی دایک پێویستی بە سەرچاوەی گونجاو و مامۆستای ڕاهێنراو و وردبینی لە فرەچەشنی زمانەوانی لە ناو وڵاتێکدا هەیە.

" سیاسەتە زمانییە چەواشەکراوەکان بە خراپی جێبەجێکراون و دەتوانن ببنە هۆی لەناوچوونی زمانەکان، پەراوێزخستنی هەندێک پێکهاتەی زمانەوانی، وەرینی کولتووری و تەنانەت ململانێی کۆمەڵایەتی"

بە پشکنینی دیدگا جیهانییەکان سەبارەت بە پەروەردەی زمانی دایک، لێکۆڵینەوەکانی بێنسۆن و کۆسۆنێن (٢٠١٣) و ترودێل (٢٠١٨) ئاشکرای دەکەن کە زۆرێک لە وڵاتان گرنگی پەروەردەی زمانی دایکیان لە سیاسەتی زمانەکانیاندا ناسیوە. ئەم سیاسەتانە لە

ڕێبازەکانیاندا جیاوازن، بەڵام جەخت لەسەر گرنگی وەرگرتنی هەمەجۆریی زمانەوانی بۆ گەشەپێدانی گشتی نەتەوەیەک دەکەنەوە.

منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا پێویستە بە تەواوەتی فێری نووسین و خوێندنەوە ببێت، بۆیە کاتێك زمانی خوێندنی زمانێکیتر دەبێت نەك زمانی دایك، هەستکردن بە شکستی لەلا دروست دەبێت و لەم قۆناغە سەرەتاییانەی ژیانییەوە توشی ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی زۆر دەبێت، کە هۆکارن بۆ شکستپێهێنانی لە بیرکردنەوەو فێربوون و خوێندندا، یارید (٢٠١٦) لە توێژینەوەکەیدا لەسەر زمانی خوێندنی منداڵان، گەشتە ئەو بڕوایەی کە خوێندنی زمانی دایك کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و زانستی منداڵان دەبێت. خوێندن لەخۆیدا بە ئامانجی پەرەپێدانی توانای فێربوون و وەرگرتنی زانیارییە لە منداڵدا، بەڵام خاڵی گرنگتر ئەوەیە کە منداڵ ئەگەر لە بنەڕەتیدا زمانی دایکی خوێند، ئاسانتر و باشتر دەتوانێت ڕای خۆی دەرببڕێت. نیشانتی (٢٠١٧) داکۆکی لەوە دەکات کە خوێندنی زمانی دایك لە قۆناغی بنەڕەتیدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێشخستنی بیرکردنەوە و فراوانکردنی هەستی ئەدەبی و توانای زانستی منداڵدا دەبێت.

ئاشکرا پەروەردەی نوێ، جەخت لەسەر بەشداری ڕاستەوخۆ و کاریگەر و فراوانی قوتابی دەکاتەوە، بە شێوەیەك قوتابی چەقی پرۆسەی فێرکردن بێت، بۆیەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی قوتابی سەنتەر بێت، دەرفەتی پێ بدرێت بیرکردنەوەکانی خۆی پێشکەش بکات، بیرکردنەوەی منداڵیش هەمیشە بە زمانی دایکی دەستپێدەکات، کەواتە کاتێك پێویستمان بەوەیە گوێ لە بیرکردنەوەی منداڵ بگرین، پێویستیشە دەرەچەکەی بۆ فراوان بکەین تا لە کەشێکی تەندروست و خێرا و بێ گرێوگۆڵدا بیرکردنەوەکانی دەرببڕێت، کە تەنها بە زمانی دایك دەکرێت. خوێندنی زمانی دایك، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خێزانی قوتابی و قوتابخانەدا، چونکە خوێندنی زمانی دایك دەبێتە پاڵنەرێکی کارا بۆ ئەوەی دایکوباوکی منداڵ دڵخۆش بن بە بەشداریکردن لە پەروەردەی منداڵەکەیاندا و بەدڵنیاییەوە بەشداری دایکوباوك هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنی منداڵەکانیانە. کارسیك و نۆبلێت (٢٠٢٠). خوێندنی زمانی دایك، دەرفەتی باشتر بۆ مامۆستایانی ئەو دەڤەرانە دەرەخسێنێت کە بتوان ئەوانیش بە زمانی دایکی خۆیان وانەکان شیبکەنەوە و هیچ جۆرە کەمبود و کورتهێنانێك لە وەرگرتن و بەخشینی زانیاری و مەعریفە لەنێوان مامۆستا و قوتابیدا دروست نەبێت. بۆ منداڵانی قۆناغە بنەڕەتییەکان خوێندنی زمانی دایك، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لامەرکەزییەت لە پرۆگرامی خوێندندا بێتە ئاراوە، واتە هەمووان ناچارنابن کە پابەندی یەکجۆر پرۆگرامی خوێندن بن.

لەبەرامبەردا پشت بە پرۆگرامێکی خوێندن دەبەسترێت کە زۆر نزیکە لە بازنەی منداڵانەوە لەسەر ئاستی تاك و خێزان و گوند و شار و شارۆچکەکانەوە، چونکە قوتابی کە پرۆگرامی خوێندنەکەی و نمونە کولتوورییەکانی لە قۆناغی منداڵیدا نزیك بوون لە ڕۆحی خۆیەوە، خۆشەویستی زیاتری بۆ خوێندن و هەستێکی بەرزتری بۆ فێربوون لەلا دروست دەبێت(پۆرسوێڵ، ٢٠٢١). زۆر گرنگە قوتابی لە منداڵییەوە لە کولتوور و فەرهەنگ و کەلەپور و شارستانییەتی خۆی دانەبڕێنرێت، بە پێچەوانەوە خوێندنی ڕێزمان و ئەدەبی زمانی دایك، دەرفەتی گەورەی دەداتێ کە شارەزای فەرهەنگ و ڕۆشنگەری و ئەدەبیاتی خۆی و ناوچەکەی ببێت و هەستێکی بەرزی لەلا دروست ببێت، کە خوێندن و پەروەردەو فێرکردن ڕۆشنکەرەوەی ڕێگاکەی دەبن و زیاتر لە زێد و بنەچەی خێزانی و نەتەوەیی خۆی شارەزای دەکەن. لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە تۆخ بکرێتەوە کە لە قۆناغی بنەڕەتیدا خوێندنی زمانی دایك بۆ منداڵ مافێکی تەواو یاسایی و دیموکراتییەو ڕەخساندنی یەکەمین ژینگەی پەروەردەیی تەندروست و ساغە بۆ منداڵ، کە بتوانێت خۆی تیا بدۆزێتەوەو پەرە بە تێگەشتی باشترو بیرکردنەوەی باشترو فێربوونی باشتری بدرێت.

” سیاسەت و پلاندانانی گشتگیر و سەرکەوتوو
و سیستەماتیکی زمان دەتوانێت فرە زمانەوانی،
هەمەجۆریی زمانەوانی،
پاراستنی کولتووری، یەکگرتوویی
کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرەوپێش ببات“

**٣. میتۆدی توێژینەوە:**

**٣.١ گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە کارێکی سەرەتایی تاقانەییە لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت، هەوڵێکە بە ئاراستەی پارێزگاری لە زمان و زاراوەی هەورامییەکان لە کوردستان بە گشتی و هەورامانی باشوور بە تایبەت، بەم پێیەی لەگەڵ بوونی هەورامییەکان لە جومگەی جیاوازەکانی دەسەڵات و حوکمڕانیدا، بەڵام گاپی گەورەی گرنگی پێدان و هەوڵدان بۆ پاراستنی هەورامی وەک زمان کە هەم دەتوانێت گرنگی و بایەخی هەورامی بخاتەڕوو، هەم هەوڵی فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بدات و گەنجینەی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات.

### ٣.٢ پرسیارەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە:

•پ١/ خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان چی گرنگییەکەی هەیە؟

•پ٢/ چی کراوە و هەوڵەکانی پرۆسەی خوێندنی هەورامی بە کوێ گەشتوون؟

•پ٣/ خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان چۆن دەبێتە هۆی سەرپێخستنی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا؟

•پ٤/ ئایا خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان مافێکی زمانەوانییە؟

### ٣.٣ کێشەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە کێشەیەکی هەنووکەیی بکۆڵێتەوە ئەویش ڕێگرییەکان و ئاڵنگارییەکانی بەردەم خوێندنی هەورامییە لەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان بە تایبەت پارێزگای هەڵەبجە، کە هەورامییەکان لە سنوری ئەم پارێزگایەدان، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا کەمتر دەیپەرژێتە سەر ئاڵنگارییە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە، بەو پێیەی ئەو هۆکارانە لەگەڵ ئەوەی ڕوون و بەرچاون، بەڵام دەکرێت ڕێژەیی بن و ناتوانرێت وەک داتایەکی ئەکادیمی پشتیان پێببەسترێت، هاوکات لە شیکردنەوەی داتاکاندا چاو دەخرێتە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو ئاڵنگارییەکانەش. بۆیە خاڵێکی تۆخکراوەی ئەم توێژینەوەیە ئاڵنگارییە زانستی، ئەکادیمی و پرۆگرامییەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە دەخاتەڕوو و هەوڵی پێشنیازکردنی چارەسەری پێویست دەدات.

### ٣.٤ ناساندنی داتاکان:

ئەم توێژینەوە میتۆدی چۆنییەتی لێکۆڵینەوەیی دەگرێتەبەر، واتە میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکە ئەو دیدار و دۆکیۆمێنت و کۆبوونەوە و هەوڵە ئەکادیمی و کارگێڕییەکانە دەبن کە لە پێناو پرۆسەی خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان لە پارێزگای هەڵەبجەی هەرێمی کوردستان گیراونەتەبەر، هاوکات لێدوان و گفتوگۆ و چاوپێکەوتن و ئەزموونی کەسیی توێژەر وەک یەکێک لە ئەندامانی چالاکی لیژنەی خوێندنی هەورامی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان شیدەکرێنەوە.

## ٤. شیکاری داتاکان:

### ٤.١ هەوڵەکانی خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان:

**٤.١.١ هەوڵە گشتییەکان:**

لە ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەیەک لە چالاکوان و گەنجانی هەورامان زیاتر لە ٥٠٠ واژۆیان کۆکردەوە، بە مەبەستی خوێندنی شێوەزاری هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان لە پارێزگای هەڵەبجە، واژۆکان لەگەڵ ئەوەی کە پشتیوانییان لە چەند خاڵێکتری گرنگیپێدان و پاراستنی شێوەزاری هەورامی لەڕووی بەکارهێنان و کارپێکردن لە ڕەوتی کارگێڕی و ڕۆشنبیرییدا لەخۆگرتبوو، بەڵام جەختیان لەسەر ئەوە کردبوویەوە کە ئامانجی سەرەکییان ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە بەدەم داواکارییەکەیانەوە بێت و ڕێگە بدات کتێبی ڕێزمان و ئەدەبی هەورامی لە پرۆسەی پەروەردەی قۆناغەکانی خوێندندا جێگەی بۆ بکرێتەوە.

هاوکات ژمارەیەک هەوڵیتریش لەو چوارچێوەدا ناوبەناو دەخرانەڕوو، لەوانەش لە کامپینەکانی هەڵبژاردندا کاندیدایانی هەورامی گرنگیدان بە هەورامی و پرۆسەی خوێندنی هەورامییان لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنا، بەڵام هیچ یەک لەو هەوڵانە نەیانتوانی بگەنە شوێنی مەبەست و کابینە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێم بە پەسەند کردنی پرۆژەکە ڕازی بکەن.

” داڕێژەرانی سیاسەت و پلاندانی زمان پێویستە چەندین هۆکاری وەک هەمەجۆریی زمانەوانی، زەمینە کولتوورییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی کەمینە زمانەوانییەکان لەبەرچاو بگرن “

گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەگەڵ ئەم هەوڵە جیاوازانەدا جێکردنەوەی هەورامی لە کایە و ڕەوتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستاندا بە چەندین هەوڵی جیاواز و قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، چەند مەڵبەند و ناوەندێکی ڕۆشنبیریی بۆ گرنگیپێدان بە فەرهەنگ و زمان و کەلەپووری هەورامی کرانەتەوە و کاریگەرییان لەسەر زیندوو هێشتنەوەی هەورامی هەبووە، لەوانەش: مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان، ڕێکخراوی ژیوا، ڕێکخراوی سیاچەمانە، بەشێک لە چالاکییەکانی ناوەندیی ڕووناکبیریی خورماڵ، ڕۆژنامەی خورماڵ و گۆڤاری هەورامان، بە تەنیشت ژمارەیەکی زۆر لە پرۆگرامی تەلەفزیۆنیی هەورامی بە ناوەکانی (بە هۆرامی)، (پەیامی هەورامان)، (دیداری هەورامان)، (هەواری

هەورامان)، (هەوارگەی هەورامان)، (هانە ڕەنگینە)، (هانە کەکەوان)، (ئامیان) ... تاد، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی کولتووری-ڕۆشنبیریی لە سنوری ناوچەکەدا لە ساڵانی ڕابردوودا کاریگەریی بەرچاویان هەبووە.

### ٤.١.٢ هەوڵە کارگێڕییەکان:

لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چوونەسەرکاری حەمە سەعید وەک وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، هەوڵەکانی خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان، فۆڕمێکی نوێ و گوڕێکیتریان وەرگرت، چونکە وەزیری ڕۆشنبیری لەگەڵ باوەڕی تەواوی بە گرنگیدان بە زمان و فەرهەنگ و کەلەپووری کودستان، بە بایەخەوە لە مافی زمانەوانی و هەوڵەکانی شکۆمەندیی بۆ زمانی کوردی کاری لەسەر ئەم بابەتانە کرد.

لە میانەی کارنامەی وەزارەتەکەیدا حەمەسەعید دەرگای گفتوگۆ و ڕاوەرگرتنی بۆ ژمارەیەک ڕۆشنبیر و ئەکادیمیست کردەوە، بە مەبەستی گفتوگۆی پرۆژەکەی کە بە پرۆژەی (خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان) ناسراوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین دیدار و گفتوگۆ لە هەڵەبجە و سلێمانی و شارە جیاوازەکان بەڕێوەچوون، هەروەک ئەو کامپەین و هەوڵانەی لە ڕابردوودا کران کۆکرانەوە، هاوکات بەشێک لە پرۆژەکانی پێشووش کۆکرانەوە، لە لایەکیترەوە ناوبراو هەوڵە سیاسی و کارگێڕی و دیبلۆماسییەکانی دەستپێکرد، سەرەتا لەگەڵ وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان باسەکەی کردەوە و داوای ڕای ئەوانی کرد، دواتر پاش ئامادەکاری لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، پرۆژەکەی پێشکەش کرد و پاش گفتوگۆیەکی فراوان و گەرم پرۆژەکە هەڵگیرا بۆ کۆبونەوەکانیتر و لیژنەی بۆ پێکهێنرا، کە لە ئەکادیمای کوردی و وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە و ڕۆشنبیری پێکهاتبوو، هەوڵەکان بەردەوام بوون، پاش چەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەکان دووبارە لە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکە گفتوگۆی لەسەرکرایەوە و دەنگی پشتیوانی بەدەستهێنا.

پاش هەوڵە چڕەکان، دواجار لە شوباتی ٢٠٢٣ وەزارەتی ڕۆشنبیری لیژنەیەکی باڵای بە مەبەستی گفتوگۆ و دیدار لەگەڵ لیژنەیەکی باڵای وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی سەرپێخستنی پرۆژەکە پێکهێنا، لیژنەکە چەند کۆبوونەوەیەکی سازکرد و ڕێککارەکانی سەرپێخستن و جێبەجێکردنی پرۆژەکە دارێژران، دواتر لە چەند کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ لیژنەی وەزارەتی پەروەردە گفتوگۆی جێبەجێکردنی پرۆژەکە کرا و ئاڵنگارییەکان تاوتوێ کران.

**٤.٢ ئاڵەنگارییەکانی بەردەم خویندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان:**

جێبەجێکردنی پرۆژەی خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکی ڕووبەڕوو بوویەوە، کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکاندا دەکرێت بەسەر هەردوو زانستی و نازانستیدا پۆلێن بکرێن:

**٤.٢.١ ئاڵنگارییە نازانستییەکان:**

پرۆژەی خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان، لەگەڵ ئەوەی کە پرۆژەیەکی تەواوی زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییە، بەڵام کۆمەڵێک ئاڵنگاریی نازانستی ڕووبەڕوو بوویەوە، لەوانەش هەستێکی (نازانستی) لە ناو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خوێندەوار و پاساوی ئەوەی کە (خوێندنی هەورامی هەوڵی دابەشکردنی زمانی کوردییە)، لەم ئاستەدا دەیان وتار و بەشداری و نووسین و پۆستی سۆشیال میدیا بڵاوکرانەوە و لە سەر ئاستی میدیا و حزب و حکومەت و کەناڵە نافەرمییەکان دەنگدانەوەی زۆریان بەدوای خۆیاندا هێنا. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆشنبیرێک تەواوی ئەو دۆکیۆمێنتانەی کۆکردووەتەوە وا بڕیارە لە کتێبێکدا چاپیان بکات.

” سیاسەت و پلاندانانی زمان ئامرازێکی بەهێزە بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیستەمی زمانەوانی کۆمەڵگەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخێکی ئاڵۆزە لەنێوان ئاستی دەوڵەت و پێگە، گەنجینەی زمانەوانی، فێرکردن و وەرگرتنی زمان و پلاندانانی شکۆمەندی زمان “

**٤.٢.٢ ئاڵنگارییە زانستییەکان:**

لە میانەی گفتوگۆکانی لیژنەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی خوێندنی هەورامی چەند ئاڵنگارییەکی زانستی هاتنە پێشەوە، لەوانەش: ئایا چۆن زمان و ئەدەبی هەورامی دابنرێت؟ لە چی قۆناغێکدا جێبەجێ بکرێت؟ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی چۆن ئەنجام بدرێت؟ چۆن جیاوازییە ژمارەییە، ڕەگەزی، ڕێزمانییەکان جێ بکرێنەوە؟

بۆ ئەو مەبەستە وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان خۆی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان کۆبوویەوە و لە دوو کۆبوونەوەی جیادا تاوتوێی ئەو ئاڵنگارییانە کرا و دواتریش لیژنە باڵاکەی وەزارەت پرۆژەکەی خۆی هەموارکردەوە و تەواوی ئاڵنگارییەکانی تاوتوێ کرد و چارەسەری زانستییان خستەڕوو.

### ٤.٣ دەرفەتەکانی بەردەم خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان:

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی ناسنامەی منداڵ و گەشەکردنی مەعریفی و سەرکەوتنی گشتی و ئەکادیمیدا دەگێڕێت. پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی دایک، دەرفەتی زۆر دەڕەخسێنێت کە ڕەگیان لە لایەنە زمانەوانی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکاندایە. یەکێک لە سوودە هەرە بەرچاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵانی هەورامان بە زمانی دایکیان، پاراستنی ناسنامەی کولتوورییانە. بە گوێرەی کومینز (٢٠٠٨) زمان تەنیا میدیای پەیوەندیی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ کولتوور. کاتێک منداڵان بە زمانی دایکیان پەروەردە دەکرێن، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە میراتی کولتووری خۆیان بەدەست دەهێنن و پەیوەندییەکی بەهێز بە ڕەگ و ڕیشەی خۆیانەوە پەرەپێدەدەن. ئەمەش یارمەتیدەرە لە پاراستن و ئاهەنگگێڕان بە هەمەجۆریی، کە لە جیهانی جیهانگیریی ئەمڕۆدا زۆر گرنگە.

چەندین  لێکۆڵینەوە باس لەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکی خۆیان خوێندن وەردەگرن، لەڕووی ئەکادیمییەوە ئاستێکی باشتریان هەیە.  تۆماس و کۆلییێر (٢٠٠٢) لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانیان لەسەر پەروەردەی دوو زمانە ئەنجامدا و بۆیان دەرکەوت کە ئەو خوێندکارانەی شارەزای زمانی دایکی خۆیانن، زیاتر دەستکەوتی ئەکادیمییان بەرزترە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەبوونی بناغەیەکی تۆکمە لە زمانی دایکیاندا ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی زمانی زیادە و کارامەیی مەعریفی دەکات.  لە بنەڕەتدا پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی دایک وەک داسەپاوێک بۆ فێربوونی زیاتر کاردەکات، بۆیە خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان دەرفەتی فراوانیان بۆ دەرەخسێنێت تا ئاستی زانستییان بەرزتر بێت.

هەروەها شارەزایی منداڵان لە زمانی دایکیان، توانای پەیوەندیکردن و توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان بۆ دەڕەخسێنێت و منداڵی هەورامان باشتر پەروەردە دەکات.  بەگوێرەی یونسکۆ (٢٠٠٣)، کاتێک منداڵان بە زمانێک پەروەردە دەکرێن کە باشترین تێگەیشتنیان، ئەگەری ئەوە زیاترە کە چالاکانە بەشداری گفتوگۆکانی پۆلەکان بکەن و بیرکردنەوە و بیرۆکەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر دەرببڕن. ئەمەش

نەک هەر ئەدای ئەکادیمییان بەرز دەکاتەوە، بەڵکو بە کارامەیی ژیانی ژیانیش تەیاریان دەکات.
توێژینەوەکانی بێنسۆن (٢٠٠٢) دەریدەخەن کە پەروەردە لەسەر بنەمای زمانی دایک دەتوانێت ڕێژەی خوێندەواری لەنێوان منداڵاندا بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکات. کاتێک منداڵانی هەورامان سەرەتا فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن بە زمانی دایکیان، بناغەیەکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی خوێندەواری بە زمانەکانی دیکە دروست دەکەن. ئەمەش دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری هەبێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکاندا. پەروەردە و خوێندن بە زمانی دایک، لەناو منداڵانی هەوراماندا گشتگیری و یەکسانی کۆمەڵایەتیی بەرەوپێش دەبات. ڕێکخراوی پەروەردەی و زانستی و ڕۆشنبیریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) جەخت لەوە دەکەنەوە کە پەروەردەی زمانی دایک زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە منداڵانی کەمینە زمانەوانی یان پاشخانی بێبەش بە یەکسانی دەستیان بە خوێندنی کوالیتی بگات. ئەمەش یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی بەرەوپێش دەبات و جیاوازیە پەروەردەییەکان کەم دەکاتەوە.

**” جێکردنەوەی هەورامی لە کایە و ڕەوتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستاندا بە چەندین هەوڵی جیاواز و قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، چەند مەڵبەند و ناوەندێکی ڕۆشنبیریی بۆ گرنگیپێدان بە فەرهەنگ و زمان و کەلەپووری هەورامی کراونەتەوە “**

### ٥. هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ:

### ٥.١ خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان وەک بنەمایەکی پەروەردەیی:

بنەما پەروەردەییەکان کە فێرکردنی منداڵان بە زمانی دایکیان بەڕێوەدەبەن، ڕەگیان لە تێگەیشتنێکی قووڵ لە بەدەستهێنانی زمان، گەشەکردنی مەعریفی و گرنگی ناسنامەی کولتووریدا هەیە. پەروەردەکردن و خوێندەوارکردنی منداڵان بە زمانی دایکیان وەک بەردی بناغەی گەشەکردنی زمانەوانی و پێشکەوتنی مەعریفییان

کاردەکات. ئەم بنەمایە دان بەوەدا دەنێت کە: منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی کارامەیی زمان بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەدەست دەهێنن کاتێک بە زمانی دایکی خۆیان فێر دەکرێن. ئاشنابوون بە زمانی فێرکردن یارمەتی گەشەی مەعریفی دەدات بە رێگەدان بە منداڵانی هەورامان کە سەرنجیان لەسەر تێگەیشتن لە چەمکەکان بێت نەک لەگەڵ بەربەستەکانی زماندا ململانێ بکەن.

تێکەڵکردنی زمانی دایکی منداڵ بە پەروەردەی منداڵەکە بنەمایەکی بنەڕەتییە کە بە قووڵی لەگەڵ پەیوەندیی کولتووری و ناسنامەدا تێکەڵ بووە، پەروەردە بە زمانی دایکی مرۆڤ شانازی کولتووری بەهێز دەکات و میرات دەپارێزێت. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ منداڵانی هەورامان، وەک ئەوەی بەشدارن لە هەستکردنێکی بەهێزی ناسنامە، یارمەتی منداڵان دەدات پەیوەندیی بە ڕەگەکانیانەوە بکەن و هەست بە پەیوەندیی زیاتر بە کۆمەڵگاکانیان بکەن. پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی دایکیان بنەمایەکە بە گشتگیری و یەکسانی پشتگیری دەکرێت، دڵنیای دەدات لەوەی کە منداڵان پاشخانی زمانەوانی جۆراوجۆر بە یەکسانی دەستیان بە خوێندنی کوالیتی بگات. پەروەردە لەسەر بنەمای زمانی دایک چارەسەری جیاوازییەکان دەکات و دادپەروەری لە دەرفەتەکانی پەروەردەدا بەرەوپێش دەبات.

سۆزداری منداڵان لە نزیکەوە پەیوەستە بە زمانی فێرکردنەوە. فێرکردن بە زمانی دایک متمانەی منداڵان بەرز دەکاتەوە، وایان لێدەکات فێرخوازێکی چالاکتر و سەرقاڵتر بن. زمانێکی ئاشنا فشار و دڵەڕاوکێی پەیوەست بە فێربوون کەمدەکاتەوە، ژینگەیەکی فێربوونی ئەرێنی و پەروەردەکەر دروست دەکات.

### ٥.٢ خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان وەک مافێکی زمانەوانی:

مافی زمانەوانی مافی بنچینەیی مرۆڤە، کە دڵنیای دەدات تاک و پێکهاتەکان مافی بەکارهێنان و پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکانیان هەیە. ئەم مافانە بە قووڵی پەیوەستن بە لایەنە کولتووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگەیەکەوە. مافی زمانەوانی کۆمەڵێک بنەمای مافی مرۆڤ لەخۆدەگرێت، کە ئامانجیان پاراستنی فرەچەشنی زمانەوانی و بەرەوپێشبردنی یەکسانی لە نێوان قسەکەرانی زمانە جیاوازەکاندا. ئەم مافانە لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا دانپێدانراون، وەک جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ (مادەی دووەم)، پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (مادەی ٢٧)، جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی گەلانی ڕەسەن (مادده ١٣). هێما بۆ گرنگی فرەچەشنی زمانەوانی و پاراستنی زمانە کەمینەکان دەکەن.

مافی خوێندن بە زمانی دایک، بۆ منداڵانی هەورامان لایەنێکی بنەڕەتی مافی زمانە. کاتێک منداڵانی هەورامان بە زمانێک پەروەردە دەکرێن کە باشتر تێیدەگەن، ئەوە پەروەردەیەکی گشتگیر، یەکسان و کوالیتی بەرەوپێش دەبات، کە بنەما سەرەکییەکانی ئامانجی "٤"ی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکانن (SDG ٤). توێژینەوەکان دەریانخستووە کە منداڵان باشتر فێردەبن کاتێکە کە بە زمانی دایکیان فێردەکرێن، یارمەتیدەرە لە گەشەکردنی مەعریفی و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. جگە لەوەش، گواستنەوە بۆ زمانی دووەم دەتوانێت ئاسانتر بێت کاتێک بناغەیەکی پتەو لە زمانی دایکدا دامەزرا. فێربوون بە زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی شوناس و میراتی کولتووریان. منداڵان بە ڕەگ و ڕیشەکانیانەوە دەبەستێتەوە، هەستکردن بە سەربەخۆیی و شانازیکردن بە پاشخانی کولتووری خۆیانەوە پەروەردە دەکات. پەروەردە بە زمانی دایکی منداڵ دەبێتە هۆی پەرەپێدانی گشتگیری و یەکسان، بەو پێیەی دڵنیای دەدات کە کەمینە زمانەوانییەکان و کۆمەڵگە ڕەسەنەکان بەبێ جیاوازی دەستیان بە خوێندنی کوالیتی بگات. پاڵپشتیکردنی پەروەردە بە زمانە دایکییەکان بەشدارە لە پاراستنی فرەچەشنی زمانەوانی، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندی کولتووری کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر گرنگە.

” پرۆژەی خوێندنی هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان، لەگەڵ ئەوەی کە پرۆژەیەکی تەواو زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییە، بەڵام کۆمەڵێک ئاڵنگاریی نازانستی ڕووبەڕوو بوویەوە “

سەرەڕای گرنگی پەروەردەی زمانی دایک، چەندین ئاڵنگاری بەردەوامن. لە زۆر شوێنی جیهان کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان و گەلانی ڕەسەن ڕووبەڕووی هەڵاواردنی زمانەوانی و کەمی سەرچاوە و سنووردداربوونی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان دەبنەوە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانە، حکومەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان دەبێت هەوڵی پەرەپێدانی سیاسەتی پەروەردەی فرە زمانی بدەن و پێویستە حکومەتەکان سیاسەتێک بگرنەبەر کە پەروەردەی فرە زمانی بەرەوپێش ببات، دانپێدانان و پشتگیریکردنی هەمەجۆریی زمانەوانی لە سنوورەکانیاندا گەشەپێبدەن. مافی زمانەوانی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤن کە مافی خوێندن بە زمانی دایک مرۆڤ

لەخۆدەگرێت. پەروەردەکردنی منداڵانی هەورامان بە زمانی دایکیان تەنیا بابەتی پاراستنی زمانەوانی نییە، بەڵکو توخمێکی سەرەکییە لە پێشخستنی پەروەردەیەکی گشتگیر و یەکسان و کوالیتی. کۆمەڵگاکان بە دانـنان بە گرنگی پـەروەردەی زمانی دایک و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددایانەی کە ڕێگری لە جێبەجێکردنی دەکەن، دەتوانن هەنگاوی مانادار بەرەو بەرزڕاگرتنی مافەکانی زمان و پاراستنی فرەچەشنی زمانەوانی بنێن.

## ٥.٣ خوێندنی زمانی دایک بۆمنداڵانی هەورامان؛ هەنگاوێکی کرداری بۆسەرپێخستنی سیاسەتی زمانی کوردی

جێبەجێکردنی پرۆسەی پـەروەردەی منداڵانی هەورامی لـە کوردستـان بە شێوەزاری زگماکی خۆیان، هەورامی، هەوڵێکی بەرچاوە کە دەتوانێت کاریگەریی قووڵی هەبێت هەم لەسەر سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان و هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کـوردی بە گشتی. ئەم دەستپێشخەرییە نەک هـەر هەمەجۆریی زمانەوانی دەپارێزێت، بەڵکو بەشـدارە لە گەشەسەندنی فـراوانتری کولـتووری و پەروەردەیی ناوچەکە.

هەرێمی کوردستـان بە فرەچەشنی زمـانەوانی نـاسـراوە، زاری جـۆراوجـۆری کوردی شانبەشانی زمانەکانی دیکە قسەیان پێدەکرێت. هەورامی یەکێکە لەو زارانە و لە زارەکانی تری زمانی کوردی جیاوازە. هەرێمی کوردستان بە پەروەردەکردنی منداڵانی هەورامی بە زمانی زگماکی خۆیان دان بەو فرەچەشنییە زمانەوانییەدا دەنێت و بەهای بۆ دادەنێت.

ئەم ڕێبازە هاوتەریبە لەگەڵ سیاسەتێکی زمانی فراوانتر کە ئامانجی پاراستن و پێشخستنی شوناسە زمانەوانییە ناوازەکانی ناو دانیشتوانی کوردە. وەک دیارە، زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو کۆگایەکی کولتوور و شوناسە. پەروەردەکردنی منداڵان بە زاری زگماکی خۆیان، هەستکردن بە سەربەخۆیی کولتووری و شانازی پەروەردە دەکات. ئەوان بە میرات و ڕەگ و ڕیشەی خۆیانەوە دەبەستێتەوە، ناسنامەیان وەک کوردی-هەورامی بەهێزتر دەکات. ئەم هەستکردنە بە سەربەخۆیی لە پاراستنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و دەوڵەمەندی کولتووری لە هەرێمی کوردستاندا زۆر گرنگە.
کاتێک منداڵان بە زمانی دایکیان پەروەردە دەکرێن، بناغەیەکی بەهێزتریان بۆ فێربوونی زمان بە گشتی دەبێت. ئەم شارەزاییە سەرەتاییە لە هەورامیدا دەتوانێت ببێتە پردێک بۆ فێربوونی زارەکانی دیکەی زمانی کوردی، ئەمەش بە تایبەتی لە ناوچەیەکدا کە چەندین پێکهاتەی زمانەوانی تێدایە، گرنگە. فرەچەشنی و فرەزاری لە نێو دانیشتوواندا

بەرەوپێش دەبات، کە لە جیهانێکی بەیەکەوە گرێدراودا سەرمایەیەکی بەنرخە. هاوکات پەروەردەکردنی منداڵانی هەورامیش دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە داڕشتنی سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستاندا. لەوانەیە ببێتە هۆی گفتوگۆ سەبارەت بە ستانداردکردن و پەرەپێدانی کەرەستەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش لە بەرامبەردا دەتوانێت زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی زمانێکی دەوڵەمەندتری کوردی شانبەشانی تێرکردنی بە زارە کوردیەکانی دیکە لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و میدیاکان و دەربڕینە کولتوورییەکاندا جێگیر بکات. کوردییەکی ستاندارد دەتوانێت بە بەشداریکردنی وشەسازی و ئیدیۆم و تایبەتمەندیی زمانەوانی نوێ زمانی کوردی بە گشتی دەوڵەمەند بکات.

” زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی ناسنامەی منداڵ و گەشەکردنی مەعریفی و سەرکەوتنی گشتی و ئەکادیمیدا دەگێڕێت. پەروەردەکردنی منداڵان بە زمانی دایک، دەرفەتی زۆر دەڕەخسێنێت کە ڕەگیان لە لایەنە زمانەوانی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی فەرهەنگییەکاندایە “

جێبەجێکردنی خوێندن بە هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان بە شێوەزاری زگماکی خۆیان، زۆرجار بەشداری چالاکانەی کۆمەڵگەی ناوخۆیی لەخۆدەگرێت. ئەم بەشداریکردنە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات، هاندەری پاراستنی نەریتە زارەکییەکانە، پەروەردەکاران و سەرکردە ناوخۆییەکان بەهێز دەکات. هەروەها دەتوانێت ببێتە مۆدێلێک بۆ پێکهاتە زمانەوانیەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، کە گرنگی بەهادان و پاراستنی میراتی زمانەوانی نیشان بدات.

لە لایەکیترەوە ناساندنی هەورامی وەک بەشێکی بەنرخی زمانەوانیی کوردی، دەتوانێت پرۆفایلی نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان بەرز بکاتەوە. دەتوانێت دەرگا بەڕووی بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی کولتووری و هاوکاری ئەکادیمی و زیادکردنی بینین لەسەر شانۆی جیهانی بکاتەوە. هەرێم بە پیشاندانی فرەچەشنی فەرهەنگ و زمانی کوردی، دەتوانێت بەرژەوەندی و هاوکاری نێودەوڵەتیی پەرەپێبدات.

لەکۆتاییدا، پرۆژەی پەروەردەکردنی منداڵانی هەورامی لە کوردستان بە شێوەزاری زگماکی خۆیان، دەستپێشخەرییەکی فرەلایەنەیە کە هەم خزمەت بە سیاسەتی زمان و هەم بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی دەکات. بەڵگەیە لەسەر پابەندبوونی هەرێم بە پاراستنی هەمەجۆریی زمانەوانی و پەروەردەکردنی ناسنامەی کولتووری و پێشخستنی پەروەردە. لە کۆتاییدا هەرێمی کوردستان بە بەهادان و وەبەرهێنان لە دەوڵەمەندی زمانەوانی خۆیدا دەتوانێت پەیکەری ڕۆشنبیریی خۆی بەهێز بکات و پێکهاتەکانی بەهێز بکات و بەشداری لە تابلۆی فراوانتری زمان و کولتووری کوردیدا بکات.

## ٦. ئەنجامگیری و پێشنیاز بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو:

خوێندن بە هەورامی بۆ منداڵانی هەورامان دۆمەینێکی چارەنووسساز و گرنگی پەروەردەیی زمانی دایکییە و کاریگەرییە قووڵەکانی لەسەر گەشەکردن و تێگەیشتنی زمانی منداڵان دەردەکەون. لەم توێژینەوەیەدا بە تیشک خستنە سەر ناوچەی دیاریکراوی هەورامان لە پارێزگای هەڵەبجە، لە چوارچێوەی بەرفراوانتری هەرێمی کوردستان/عێراقدا، بە وردی باس لە زاری هەورامی کرا کە منداڵانی ناوچەکە قسەی پێدەکەن، کە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاوی کۆمەڵایەتی-زمانییەوە بۆ پەروەردەی زمانی دایک بۆ منداڵانی هەورامان، هەروەک بە وردی کاری لەسەر ئەو هەوڵە جۆراوجۆرانە کردووە، ئەو ئاڵنگارییانە شیکراونەتەوە کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە و ئەو دەرفەتانەی کە هاتوونەتە ئاراوە خراونەتەڕوو.

هەروەها توێژینەوەکە پرسیارێکی سەرەکی سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە هەورامی وەک ئامرازێکی کردەیی بۆ پێشخستنی سیاسەتی زمانی کوردی لە ناوچەکەدا خستۆتەڕوو. لە ڕێگەی شیکارییەکی گشتگیرەوە هەوڵیداوە ئەوە بخاتەڕوو چۆن دەتوانرێت پەروەردەی زمانی دایک وەک کاتالیستێک بۆ پاراستن و دەوڵەمەندکردنی زمان بەکاربهێنرێت، لە هەمان کاتدا هەستێکی بەهێزتری شوناسی کولتووری لەنێو کۆمەڵگەی هەورامی زماندا پەروەردە دەکات. لە کۆتاییدا ئەو توێژینەوەی لێرەدا خراوەتەڕوو، جەخت لەسەر گرنگییەکی ڕەخنەیی پەروەردەی زمانی دایک دەکاتەوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هەمەجۆریی زمانەوانی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بەهای پاراستن و بەرەوپێشبردنی شێوەزارە ڕەسەنەکان، وەک هەورامی، وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی شوناسی کولتووری و بەرزکردنەوەی لێهاتوویی زمان و بەشداریکردن لە ئامانجە بەرفراوانەکانی سیاسەتی زمان. دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینێکی بەنرخ دەخەنە ڕوو لە ئاڵۆزییەکان و توانستەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پەروەردەی زمانی دایک، ڕۆشنایی دەخاتە سەر هەردوو تەحەددیات و دەرفەتەکان کە

لەم هەوڵەدا سەرهەڵدەدەن.

لە کۆتاییدا وەک بانگەوازێک بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و پەروەردەکاران و زمانزانان بۆ زیاتر وەبەرهێنان لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکانی پەروەردەی زمانی دایک، نەک تەنها لە هەورامان بەڵکو لە پێکهاتە زمانەوانییەکانی دیکە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەم بوارە پێویستی بە توێژینەوەی زیاترە و بەم کارە دەکرێت تابلۆی زمانەوانی و کولتووری ناوچەکە بەهێز بکرێت و دواجار زمانی کوردی دەوڵەمەند بکرێت و میراتە زمانەوانییە هەمەچەشنەکەی بپارێزرێت.

---

## سەرچاوەکان:


oئەمین، م.ی.م. (٢٠٢١). گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و پلاندانان و سیاسەتی زمانی بیانی لە هەرێمی کوردستان: کەیسی زمانی ئینگلیزی. نامەی دکتۆرا. زانکۆی EMU.

oبێنسۆن، سی. (١٩٩٩). پەروەردە بە زمانی دایک: ئەزموونی بالی. پێداچوونەوەی نێودەوڵەتی پەروەردە، ٤٨(١-٢)، ١٥٥-١٧١.

oبێنسۆن، سی. (٢٠٠٤). گرنگی خوێندن بە زمانی دایک بۆ کوالیتی پەروەردەیی. پێداچوونەوەی نێودەوڵەتی پەروەردە، ٥٠(١)، ٣-١٨.

oبێنسۆن، سی.، و کۆسۆنێن، ک. (٢٠١٣). پرسەکانی زمان لە پەروەردەی بەراوردکاریدا: فێرکردن و فێربوونی گشتگیر لە زمان و کولتووره نابازاڕەکاندا. سپرینگەر.

oبەیکەر، سی. (٢٠٠٦). بناغەکانی پەروەردەی دوو زمانە و دوو زمانەوانی. بابەتی فرە زمانی.

oپۆرسوێڵ (٢٠٢١). گرنگی زمانی دایك لە خوێندندا. ڕۆژنامەی تایمزی هیندی.

oترودێل، بی. (٢٠١٨). سیاسەتی زمان و پەروەردە لە ئوسترالیا ڕەسەنەکان. ڕۆتلێدج.

oتۆڤ-سۆرێنسن، ر. (٢٠١٩). پەروەردەی فرە زمانی لەسەر بنەمای زمانی دایک: بەرەو کۆمەڵگە زمانییە ڕەسەنە بەردەوامەکان. ڕۆتلێدج.

oتۆماس، و.پی.، و کۆلییێر، ڤی.پی. (٢٠٠٢). لێکۆڵینەوەیەکی نیشتمانی لە کاریگەریی قوتابخانە بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی درێژخایەنی خوێندکارانی کەمینە زمانەکان. سەنتەری توێژینەوە لەسەر پەروەردە و هەمەچەشنی و باشی.

oجاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ (١٩٤٨).

oجاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی گەلانی ڕەسەن (٢٠٠٧).

oڕیسینتۆ، ت. (٢٠٠٦). پێشەکییەک بۆ سیاسەتی زمان: تیۆری و میتۆد. چاپخانەی بلاکوێڵ.

oسکوتناب-کانگاس، ت. (٢٠٠٠). جینۆسایدی زمانەوانی لە پەروەردەدا - یان فرەچەشنی جیهانی و مافی مرۆڤ؟ ماهوا، نیوجرسی: لۆرێنس ئێرلبام ئەسۆشیەیتس.

oسکوتناب-کانگاس، ت.، و دانبار، ر. (٢٠٠٦). پەروەردەی منداڵانی ڕەسەن وەک جینۆسایدی زمانەوانی و تاوانێک دژی مرۆڤایەتی؟ ڕوانگەیەکی جیهانی. گالدو چالا – گۆڤاری مافەکانی گەلانی ڕەسەن، ٢(١)، ٦٤-١٠٣.

oکارسیك و نۆبلێت (٢٠٢٠). سیاسەتی زمان و ریفۆرم لەسیستمی خوێندن. ئینسکلۆپیدیای

ئۆکسفۆرد.
oکاپلان، ڕ.ب.، و بالداوف، ڕ.ب.جۆنیۆر (١٩٩٧). پلاندانانی زمان لە پراکتیکەوە بۆ تیۆری. بابەتی فرە زمانی.
oکارسیچ، و نۆبلێت (٢٠٢٠). سیاسەتی زمان و چاکسازی لە سیستەمی پەروەردەدا. لە ئینسایکلۆپیدیای ئۆکسفۆردا.
oکریستاڵ، دی.(٢٠٠٠). زمان مردنە. چاپخانەی زانکۆی کامبریج.
oکوپەر، ڕ.ل.(١٩٨٩). پلاندانانی زمان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی. چاپخانەی زانکۆی کامبریج.
oکومینز، ج. (١٩٩٩). BICS و CALP: دۆخی ئەزموونی و تیۆری جیاکارییەکە. لە ئینسایکلۆپیدیای زمان و پەروەردە (چاپکردنی دووەم، ل ٧١-٨٣). سپرینگەر.
oکومینز، ج. (٢٠٠٠). زمان، دەسەڵات و پێداگۆژی: منداڵانی دوو زمانە لە تەقەی یەکتردا. بابەتی فرە زمانی.
oکینگ، ک.ئە.، و ماکی، و.ف. (٢٠٠٧). لێواری دوو زمانە: بۆچی و کەی و چۆن فێری منداڵەکەت زمانی دووەم بکەیت. هارپەر کۆلینز.
oموهانتی، ئـە.ک.(١٩٩٤). پـەروەردە و سیاسـەتی زمـان: هـەژمـوون و پـراگـماتیزم لـە باشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئـاسیا. (لـە سکوتـناب-کانگاس. ت وەرگێڕاوە) پـەروەردەی فـرە زمانی بـۆ دادپـەروەری کۆمەڵایەتی: جیهانگیری ناوخۆیی (ل٣٧-٥٨). لۆڕێنس ئێرلبام ئەسۆشیەیتس.
oنیشانتی (٢٠٢٠). تێگەشتن لە گروپی زمانی دایك. گۆڤاری (IJTSRD)
oهاوگن، ئی. (١٩٨٣). جێبەجێکردنی پلاندانانی کۆرپوس: تیۆری و پراکتیک. لە J. Cobarrubias & J. A. Fishman (Eds.)، پێشکەوتن لە پلاندانانی زمان: دیدگا نێودەوڵەتییەکان (ل٢٦٩-٢٨٩). بڵاوکەرەوەی مۆتۆن.
oهۆرنبێرگەر، ن.هـ(٢٠٠٦). چوارچێوە و مۆدێل لە سیاسەت و پلاندانانی زماندا. لە تی.ریسینتۆ (وەرگێڕ)، پێشەکییەک بۆ سیاسەتی زمان: تیۆری و میتۆد (ل٢٤-٤١). چاپخانەی بلاکوێڵ.
oهیـو، ک. (٢٠٠٩). پـەروەردەی فـرە زمانی و کاری هەمەچەشنی بـەردەوام: لـە سیاسـەتەوە بۆ پلاندانانی ناوخۆیی. لە (سکوتناب-کانگاس، ت.، وەرگێڕاوە) خەیاڵکردنی قوتابخانە فرە زمانەکان: زمانەکان لە پەروەردە و گلۆکالیزەکردندا (ل٢٠٣-٢١٩). بابەتی فرە زمانی.
oیارید (٢٠١٦) . ئایا زمانی دایك هیچ ڕۆڵێکی هەیە. بەڵگەکان لە ئەسیوبیاوە. گۆڤاری پێداچوونەوەی ئابوری پەروەردە.
oئامانجی چوارەمی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان: پەروەردەی کوالیتی.
oئایار، س. (٢٠١٤). زمان و مافی کەمینەکان: نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم و سیاسەتی زمان. ڕۆتلێدج.
oیونسکۆ. (٢٠٠٣). پەروەردە لە جیهانێکی فرە زمانیدا. یونسکۆ.
oئیستمان، سی.م. (١٩٨٣). پلاندانانی زمان: پێشەکییەک. سان فرانسیسکۆ: چاپخانەی چاندلەر و شارپ.

# "ئایدیای بوون"
# لە شیعرەکانی (مەحوی) دا

## (خوێندنەوەیەکی بەراووردکارییە بۆ فەلسەفەی بوون و بوونگەرایی)




پ.ی.د. سەعید محمد عەبدوڵڵا

پ.ی. د. سەعید محەمەد عەبدوڵڵا

* ماستەری لە کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد لە زانکۆی بەغدا خوێندووە.

* بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە

* مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی.


### پێشەکی

لەگەڵ پێشکەوتنی کات و سەردەمدا, ئەدەبیش وەك بە شێك و دیاردەیەکی مرۆیی لێدەڕوانێت بەرەو پێش دەچێت و هەر ئەدەبێکیش دەتوانێت دەرخەرێکی باشی کات و سەردەمی خۆی بێت و ئەدەب دیسان دەکرێت ببێتە دەرخەری خەم, خولیای کێشە تایبەتی و گشتیەکانی مرۆڤ بێت.

لەم توێژینەوە یەدا هەوڵمان داوە ئەو تەوەرە گشتیانە ڕوونبکەینەوە کە مەحوی بە وێنە جیاجیاکانی بە (بوونەوە) دەبەستێتەوە, هەوڵ بدەین لە ڕوانگەی "بوون"گەریەوە بە ڕابەری فەلسەفەی بوونگەرایی شرۆڤەی بکەین.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەنێو شیعرەکانی مەحوییەوە, گرێدانیان بە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی کە (بوونگەراکان) گرنگیان پێداوە, ئەمەش لەمیانەی ئەوبابەتە هەستیارانەی مەحوی ڕۆچووەتە ناویان و باسی لێکردووە, لەڕووی کێشەوە سەرجەم کێشی شیعرەکانی مەحوی بە پێی بەحرەکانی عەرووزی عەرەبی نوسراون, ئەمە جگە لەدەربڕینی هونەری بەرز لە سایی ئەم کێشانەدا, لەڕووی سەرواوە سەروای شیعرەکانی بەپێی سیستەمی (غەزەل و قەسیدە)ن کە کۆتاییەکانیان یەککگرتووە.

لەڕووی زمانەوە شێوازی سلێمانی و هەندێك وشە لە زمانەکانی (فارسی – عەرەبی) بەکارهێناوە, لەگەڵ ئەوەشدا هارمۆنیەکی دروست بە بەکارهێنانی وشەی

شیاو و جوان لەجێی خۆیدا گونجاندووە. لەڕووی ناوەڕۆکەیشەوە مەحوی شیعری (ئایینی و دڵداری ستایش) جۆرێك لە خوشەویستی نەتەوەو زمانی تیابەدی دەکرێت, بەتایبەتی شیعری ئایینی قووڵ و تەسەوف لای مەحوی بە زەق و دیار دەبینرێت, بەڵام ئەوەی گرنگە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە ئەم بابەتە وەك مەبەستێکی سەرەکی بەکارهاتووە, بەڵام ئەوەی زۆرگرنگەو جێگەی هەڵوەستەیە ئەو شیعرانەی کە پەیوەندییان بە ناخ و دەروونی شاعیرو بۆنە تایبەتی و گشتییەکەی و هەڵچوونەکانی ناخ و دەرخەری هەستە خودییەکانی تاکە, ئەو هەستانەی کە لای گشت مرۆڤەکان هەن و بەڵام کەمتر باس و خواسیان دەربارەی دەکرێت.

خۆی لە کەشی ڕەسەنی زیندوو بە ژیانی خۆیدا پێش چاوبخات, ئەو ڕۆمان و شانۆی و ڕۆژانانەی کە فەیلەسوفە (بوونگەرەکان) نووسیویانە بە جۆرێکی زۆرکاریگەرو گوزارشت لە بیری (بوونگەر)ی دەکەن .

ئایا بوونگەری بەو جۆرەی (کیرکەگورد) بینیمان ئاقارێکە بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەکی (خودی) (بیردیاییف) (یاسپری) کە دوو (فەیلەسوفی بوونگەرن هەریەك (هایدیگەر) و (سارتەر) بەوە تاوانباردەکەن کە دەیانەوێت زانستێك بۆ (بوون) دابمەزرێنن, بەم کارە (بوون) دەبێتە بابەتێك بۆ (بیر) کە ئەمەش مەسەلەیەکە فەلسەفەی بوونگەرایی ڕەتیدەکاتەوە و نایەوێت, بەڵام دەتوانین فەلسەفە (بونگەرییەکان) بەسەر دوو تەوژمی دژبەیەکی ناویەك ڕەگەز دابەش بکەین و بڵێین :

١.بوونگەرییەکی باوەڕدار یاخود ئیمانداری وەکو مەحوی.

٢.یاخود بوونگەراییەکی بێ باوەڕانە.

کەواتە هەڵوێستی یەکەم مرۆڤ بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەزداندا دادەنێت وەکو (مەحوی) و (کیرکەگوڕ- یاسپری – مارسیل) ئەم هەڵویستە وەردەگرن. کاری ئەدەبی وەك کردەیەکی بەردەوام لە تێگەیشتن شتێك نییە بەدەستی بهێنین و خاوەندارێتی بکەین, بەڵکو فۆرمێکە لە فۆرمەکانی بوون لەنێو جیهاندا، کاری خودی خۆی لە بونێکی تایبەتدا پێشکەش دەکات، بونێك کە بەکاری ئەدەبی و هونەرییەوە پەیوەست بێت ئامادەییەکی هەنووکەیی هەبێت، ئامادەییەك کە (حەقیقەت) لەرێگەیەوە دەبێتەوە رووداو! بەمانایەکی دیکە ئەو ئامادەییە دەرکەوتنێکی تایبەتی حەقیقەتە، کە لە کاری هونەریدا ڕوودەدات، دەرکەوتنی شتەکان لە کاری ئەدەبی و هونەریدا مانای چوونیانە بۆ ناو فۆرمێکی ڕێکخراو لە پەیکەرێکی (ئۆنتۆلۆجی)دا, کە ئەوەش دەبێتە فۆرمی کاری هونەری، ئەگەر فۆرم دەرکەوتن و ئاشکرابوونی جیهان بێت لەنێو کاری هونەریدا, ئەوا کار (لەمیانی فۆرم لە بونیدا)یە کە(خودێتی و بابەتێتی) تێدەپەڕێنێت، کەواتە ئەوەی لە (کاری ئەدەبی) پەیڕەودەکرێت کرانەوەی وجودە

بەسەر مەوجودا.
کاری ئەدەبی لە میانی شتەکانی جیهانەوە (شت ئەوەیە کە هەستی پێدەکەین وەك بەرد، ڕەنگ، ئاواز، زمان) دروستدەبێت, بەو مانایەش (زمان وەك شت) کەرەستەیەك نییە بۆ گەیاندن، چونکە شت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەوجود دیاری ناکات، بەڵکو شت بوونی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات، بەو سیفەتە نا، کە خراوەتەوە ژێر ڕکێفی گوتە زاتییەکانی عەقڵی مرۆییەوە، بەڵکو بەو مانایە کە بە هەموو بونەوە بەندەو ناشێت بوونی شت لە نەبوونی جیابکەینەوە.
بوونگەرایی لە هەڵوێستە خودی و مۆرکە ڕەسەنەکان و بارودۆخەکانی تایبەت بە ناخی مرۆڤ و تاك دەدوێت. هەروەها لە ڕوانگەی فەلسەفەی هایدیگەرەوە لە بوونی مرۆڤ (دازاین) و ئەوە ڕووندەکەینەوە کە دەشێت لای گشت کەس و نوسەرێك ئاسەواری تایبەت بە بوونگەرایی بدۆزینەوە, چونکە هەر نووسین و دیاردەیەکی ئەدەبی جا لە هەر بوارێك لە بوارەکانی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و ...تاد، یاخود ئەدەبیات بە گشتی پشکێکی گەورەی لەو حاڵەتە تایبەتی و بارە دەروونییە بەردەکەوێت, کە کەسی نووسەری تێدادەژی و کاریگەریی ژیانی تایبەتی و ئەندێشەکانی نووسەر دواجار بە ئاشکرا بە بەرهەمە ئەدەبیەکەوە دیاردەبێت.

**” کاری ئەدەبی وەك کردەیەکی بەردەوام لە تێگەیشتن شتێك نییە بەدەستی بهێنین و خاوەندارێتی بکەین، بەڵکو فۆرمێکە لە فۆرمەکانی بوون لەنێو جیهاندا “**

دەکرێت شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ ئەو شیعرانەی مەحوی بکرێت کە دیاردەکانی بوونگەرایی بە زەقی تێدا ڕەنگی داوەتەوە و دەرکەوتوون, ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی بوونگەراییدا.
(سارتەر) کە بە ڕای زۆرێك بە ڕابەری بوونگەراکانی دوای جەنگ لە قەڵەم دەدرێت، بە جۆرێك لە مرۆڤ دەدوێت ئەوەی هەبێت هەستی پێدەکرێت, بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێی وانییە کە لە دروستکراوەکانی دیکە دابڕابێت, بەڵکو وای دەبینێت کە مرۆڤ بە توندی دەرگیر و تێکئالاوی ژینگەکەی بووە و لێی جیا نابێتەوە. ئەو بەجۆرێك لە (بوون) بە گشتی دەدوێت, کە پێی وایە سەرجەم هەبووەکانی دیکەی جگە لە مرۆڤ (ماهییەت)

واتە چییەتیان پێش بوونیان کەوتووە، بەو واتایەی بەر لەوەی بێنە بوون بۆیان دیاری کراوە کە دەبێت چی بن و چی نەبن. وێڕای ئەوە دەبێت لەسەر ئەو ڕەوتە بڕۆن کە پێشتر بۆیان دەست نیشان کراوە و چەندەها هەبووی دیکەی پێش ئەوان پیایدا تێپەڕ بوونە و بە هیچ کلۆجێك بۆیان نییە لێی لابدەن.

**بەر اییەك بۆ نێو باسەکە**

لەم توێژینەوەیەدا بوون لە شیعرەکانی مەحویدا ئامادەکراوە و ئایدیای شیعری مەحوی دەخاتەڕوو, شیعرەکانی مەحوی پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژی عەقیدەیی بە ڕێبازی بوونەوە هەیە، مەحوی باوەڕێکی پتەوی بە ئایدیای ئایینی هەبوو, بەڵام دەیویست بزانێت بوون چ خزمەتێك بە بیروباوەڕی دەکات و چۆن دەگاتە پایەیی یەقین, چونکە بە ڕادەیەك بوون وەکو باوەڕو ڕێباز لەنێو شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بوون بابەتێکە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیی بە قۆناغەکانی ڕەوتی مێژووی ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە هەیە, بەتایبەتی بە ئەدەبی کوردییەوە، مێژووی شیعری کوردیش لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە سەردەمی کلاسیزمیی بابە تاهیرەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم, تاڕادەیەك لای هەندێك شاعیران سیمایەکی ئایینی پێوە دیارە, بەڵام هێشتا بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زۆری لەسەر نەکراوە, ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لایەنێك لە لایەنەکانی ئایدیای بوون بخاتەڕوو .

**گرنگی بابەتەکە:**

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە تیشك دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگ لە ئایدیای بوون لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا, بەتایبەتی لای مەحوی, چونکە مەحوی لە شیعرەکانیدا بوون وەکو بنەمایەکی سەرەکی دەق داناوە و لەڕوی ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعریەوە شیعرەکانی مەحوی بە قۆناغێکی ڕەسەنی کلاسیزمی کوردی دادەنرێن.

**میتۆدی نووسینی توێژینەوەکە:**

**لەنوسینیی توێژینەوەکەدا ڕێبازی (وەسفی –شیکاری) بەکارهاتووە .**

**ڕیزبەند توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە چوار بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوە پێکهاتووە, بەشی یەکەم (باسی ئەو ڕەهەندانە کراوە کە لە فەلسەفەی بونگەراییەکاندا ڕەنگدانەوەی

هەبووە, چ وەکو ئایدیا و هزر و چ وەکو فەلسەفەو چ وەکو تێگەیشتن و شرۆڤەکردن لە بوون و گومان و چیەتی و خواناسیدا). بەشی دووەم (ناساندنی ئەنتۆلۆجیا وەك لقێکی فەلسەفی باس لە چەمك و زاراوەی بوون دەکات). بەشی سێیەم خوێندنەوەیەکە بۆ مەحوی و فەیلەسوفە بونگەراکان لە فەلسەفەی (بوون)دا تەوزیف کراوەو ئایدیای بوون لە شیعرەکانی مەحویدا بەرجەستەکراوە. بەشی چوارەم جوانی و دۆزینەوەی ڕەهەندی بوون لە فەلسەفەو ئایدیای شیعرەکانی مەحویدا گوزارشتی لێکراوە.

” (زمان وەك شت) کەرەستەیەك نییە
بۆ گەیاندن، چونکە شت بەشێوەیەکی
ڕاستەوخۆ مەوجود دیاری ناکات، بەڵکو شت بوونی
ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکات “

**بەشی یـەکەم**

**میتۆدی بـوون و چەمکی (گشت)**

ڕەنگە تەوەری شانداران لە هەموو میتۆدی بووندا چەمکی گشت یاخود کۆ بێت، مەبەستیش لەم چەمکە ئەوەیە کە بوون بوونەورێکی ئۆرگانییە, کە یەکبوونوێکی تۆکمەو تـەواو کامڵ نێوانی کەرتەکانی یەك دەخـات و کۆدەکاتـەوە، چونکە هەر دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیان یاخود بیرو هزر یاخود مێژوو ناتوانرێت دیاردەیەکی سەربەخۆ و جودا وێنا بکات, بەڵکو دەبێت تەنها دیاردەیەکی بەندو وابەستە بە دیاردەکانی دیەوە وێنابکرێت، دەبێت دیاردەیەکی بەندو وابەستە بێت بە گشت یاخود کۆییەوە، ئەو دیاردەیەش لە پەیوەندییدایە لەگەڵ یەکدا، وێنا بکرێت چۆن تەنها توێکاری بەس نییە بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە ئەرك و فرمانی ئەندامەکان, چونکە ئەم توێکارییە بەجیا لەو پەیوەندییە زیندوویەی کە لەنێوان ئەندامەکاندا هەیە دەڕوانێتە ئەندامەکان، هەروەها بە تەنها میتۆدی شیکردنەوەی ئەقڵی بۆ شێوە تێگەیشتنێکی فەلسەفی قـووڵ لە دیاردەکانی بیرو بوون بەس نییە، چونکە پشت لەو یەکبوون و ڕەسەن و ڕاستەقینەیە دەکات، کە یەکیان دەخـات، کەواتە ئامانجی میتۆدی بوون هەڵوەستەکردنە لەسەر بونیادی ئۆرگانی بـوون وەك گشتێك، دیـارە هیگڵ ئەم گشتەش بە جۆرێکی چەسپاو یاخود (ئیستاتیکی) وێنا ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی بزاو یاخود دینامیکی وێنای دەکات و دەڵێت: "هەموو زیندوویەك خاوەنی جووڵە و گۆڕان و

نوێبوونەوەی بەردەوامە"[١] .

مانای وایە هیچ دەرکێکی هەستی ڕاستەوخۆ کە بەرەو ناخی حەقیقەتمان ببات لە ئارادا نییە، هەروەها هیچ چەمك و واتایەکی ئەقڵی(ئەبستراکت) یاخود وێنایەکی زەینی سەربەخۆش لە ئارادا نییە. هیگڵ سەرلەبەری ئەو تیۆرە فەلسەفییانە کە باوەڕیان بە دەرك (الحدس (Intuition- هەیە ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو بڕوای وایە کە زانینی مرۆیی تەنها لەڕێگەی پرۆسە گەلێکی زەینی گرێچن و ئالۆزەوە دێتە دی و جێبەجێدەبێت, هەر بۆیە جیهان لە ڕوانگەی هیگڵدا گشتێکی ئۆرگانی توندوتۆڵ پێکدەهێنێت و هیچ سەیرو مایەی سەرسوڕمانیش نییە کە میتۆدی بوون تاکە میتۆدی پڕ بەپێستی سروشتی بوون بێت، چونکە هەر وێنایەکی چەسپاو بۆ زانینی و بگرە هەر جیاکردنەوەیەك یاخود دابڕینێکی دەرکی هەستی یاخود وێنای ئەقڵی لە تێگەیشتنێکی چەوت یاخود ناڕەوا بەولاوە زیاتر نابێت. وەك چۆن هەر سەتڵێك کە لە ئاوی ڕوبارێکی هەڵدەکێشین بوار و دەرفەتی لێکۆڵینەوە لە ئاڕاستەی ئەم ڕوبارە پێنادات, هەروەها هەر وێنایەکی ئەقڵی ئەبستراکتیش هیچ زانینێکی ڕاستەقینەکان دەربارەی بوون پێنابەخشێت.

کەواتە هیگڵ پێی وایە کە تەنها بەوە بەس نییە کە بوون وەکی گشتێکی ئۆرگانی وێنا دەکات, بەڵکو هاوکات دەڵێت: "لەنێو هەناوی ئەم گشتەدا ئامانجایەتیەکی ناوەکی هەیە وەك چۆن ئێمە تەنها بەهۆی زانینی ئەو ئامانجەوە کە پەرەسەندنی بایۆلۆجی هەوڵی بۆ دەدات دەتوانین لەپەرەسەندنی بایۆلۆجی تێبگەین, هەروەها بەهۆی زانینی ئەو ئامانجە کە لە توێی گۆڕانی گەردوونیدا هەیە دەتوانین لە گۆڕانی گەردوونی تێبگەین و سەرلەبەری پەرەسەندیش لە ڕوانگەی هیگڵدا هەر لەسەرتاوە لە قوڵایی (تۆو)ی بچوکدا پەنهانە. ڕەنگە هۆکاری گۆڕانی بوون لەوێدا بێت کە ئەم(تۆو)هوە نەتوانێت تەنها بەخۆی بەس بکات و ئەو کارەی بەلاوە ئەستەم بێت و خواست و ئارەزووی ئاڕاستەبوون ڕەوشتێکی دیکە ببات". کەواتە ئەگەر ئەم پەیوندییە تۆکمەیە نەبوایە کە بەش بە گشتەوە گرێدەدات لەنێو هەناوی تۆوی یەکەمدا ئەو لێکدژییە زیندووە دەرناکەوێت کە بەرەو پەرەسەندن و گۆڕان پاڵی پێوەدەنێت.

هیگڵ دەڵێت: "مانای تێگەیشتن لە جیهان تەنیا لای خودا هەیە، چونکە خۆی جیهانی خوڵقاندوە، ئێمە تەنیا لەو شتانە تێدەگەین کە خۆمان خوڵقاندومانن". کەواتە ڕۆحی جیهانی شتێکەو وەك ڕۆحی فەردی, بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کۆی جیهان دەگرێتەوەو لەگەڵ هەموو جیهان یەکە، ئەگەر بتوانین جیهان وەك بونەوەرێکی زیندووی خاوەن ڕۆح وێنا بکەین، کە ئەگەر چی گەورەترە، بەڵام مانای ڕۆحدارییەکەی هەر بەو مانایەیە کە خاوەن ڕۆح مەبەست و ئیرادە بوونی کەسانی ئاسایی تێدەگەن.

**میتـۆد و چەمك و گومـانكاری**
**(دیكـــارت)**

فەلسەفەی دیكارت كە بە گومانكاری دەناسرێتەوە، مەبەست لە بیرۆكە زگماكەكان و دوالیزمە، چونكە لە ئەنجام تێگەیشتن لەم چەمكە گرنگانە دەرگایەكی والا بەڕووی دیكارتدا دەكرێتەوە, كەواتە "گومان و گومانكردن لە تایبەتەمەندییە سروشتیەكانی مرۆڤن"[٢] .

## " بوونگەرایی لە هەڵوێستە خودی و مۆركە ڕەسەنەكان و بارودۆخەكانی تایبەت بە ناخی مرۆڤ و تاك دەدوێت "

لە ئاستی ژیانی رۆژانەدا، مێژوویان هێندەی مێژووی هۆشیاری مرۆڤ بە بارودۆخەكانی ناو ژیانی خۆی دێرینە. مرۆڤ لە ئەنجام لەكاتی سەرهەڵدانی ئەو هۆشیارییە گومان لە شتێك و گوتەیەك و ڕەفتارێك دەكات, كە بۆ ئەقڵ شیاوی درككردن نییە، لێرەشەوە گومان بەڵگەی هەبوونی وشیاری و مەعریفییە، گومانكردن لەسەر بنەمای دوودڵی بەندەو كاتێكیش كە مرۆڤ دوودڵ دەبێت هۆكاری زۆر و ڕێگەی جۆراو جۆرو دەربڕینی بەدەستەوەن دوودڵی لە ئاستی زمانی رۆژانـەدا واتـە دڵنیـانەبوون لـەو شـتەی كە دەگوترێت و دەكرێت و گوێمان لێدەبێت كە كارو گوتەیەكی ڕاست بێت.
بەم پێیەش گومانكاری هەڵوەستەو چالاكی ئێستاتیكی ئەقڵانییە لە فەلسەفەدا، تەنانەت "گومـان لـەو شـتانەش دەكرێـت كـە هیـچ كەسێكی ئـاسـایی و واقیـعی و گومانیـان لێنـاكات, وەك گومانكردن لـە هەبوونی جیهانی واقیـعی و ئـەوەی كە ئایا بەڕاستی جەستەی ئێمە و ئەو زەمینەیەی لەسەر وەستاوین هەیە"[٣] . لە فەلسەفەدا گومانكردن واتا بەدواداچوون و دۆزینەوەی ڕاستەقینەیە بەهۆی سەلماندنی ژیرانەوە، كەواتە گومانكردن چالاكییەكی ئەقڵانی و ژیرییە. كەواتە "گومانكردن لای دیكارت ڕێگایەك بـوو بۆگەیشتن بە دڵنیـایی"[٣] . دەتـوانین وەك سـەرەتـا بڵێین گومانكاری لای دیكارت زیاتر شێواز و ستایلێكی بیركردنەوەیە كە تیایدا پەیڕەوی لە یاسایەكی نەگۆڕ دەكـات، بیركردنـەوە بەبێ هـەڵـەو خۆگیركردن بـە بیروڕای پێشـینـەوە، گەیشتن بە ئەنجامەكان تەنیا لەڕێگەی ژیرییەوە, چونكە بەلای دیكارتەوە ئەو دڵنیاییەی بەهۆی ژیرییەوە پێی دەگەین بەهۆی هەستەكانەوە ناگەین . بە مانایەك لە ماناكان دەتوانرێت بگوترێت دیكارت گومان لە هەمووشێك دەكات بۆ ئەوەی ژیر بكاتە پێوەر و بڕیاردەر لە

برواهێنانەکانیدا بە ڕاستەقینەی هەر شتێك ئەم فەیلەسوفە لەو بڕوایەدایە مرۆڤ دەتوانێت بگات بە زانینی ڕەهاو دڵنیا لەسەر شتەکان. بەکورتی ئەم میتۆدە دەیەوێت بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەوە بکۆڵێتەوە کە ئاخۆ لە ڕووی لۆژیکەوە توانای ئەوەی هەیە گومان لە هەموو ئەوشتانە بکەین کە هەمیشە وەك ڕاستی قبوڵمان کردوون. سەرەتا هەمیشە دەتوانین گومان لەو بەڵگانە بکەین بەهۆی هەستەکانەوە لەو میانەی ئەزموونکردنەدا وەرمانگرت. "هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا بەوپەڕی ڕاست دامنابوون لە هەستەکانەوە یاخود بەهۆی هەستەکانەوە پێم گەیشتوون, بەڵام من بۆم ساغبووەتەوە کە هەندێکجار هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن، ژیری لەوەدا بەتەواوەتی لەوانەیە دڵنیا نەبین، کە ئەگەر تەنانەت جارێکیش هەڵیان خەڵەتاندین لەوانەیە وابێت.[٤]

## تێگەیشتنی (نیچە) بۆبـــوون

نیچە لەدوا بەرهەمیدا پاشخانی عەقڵی بە کێشەیەکی هەرە گرنگی بیروباوەڕە فەلسەفەییەکەی داناوە, خۆیشی بە یەکێك لەو بیریارانە دادەنێت کە بووە بە پێشەنگی کاروانی ئەوانەی باوەڕیان بەم گەڕانەوەیە هەیە، پێویستە بزانین لە کوێوە نیچە ئەم بەڵگەیەی وەرگرتووەو بەڵگەکانیشی بۆ دامەزراندنی ئەم بیرۆکەیە، کە لەیەکێك لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی نیچە لەمەڕ فەلسەفە بەناوی "فەلسەفە لەسەردەمی تراجیدی یۆنان"دا ئاماژەی بۆ گەڕانەوەی هەمیشەیی کردووە بە شابیرێکی فەلسەفی هیراکلیسی دادەنێت.[٥] زیاتر جەختی لەسەر کردووە خۆی بە یەکێك لە شوێنکەوتوانی گەڕانەوەی هەمیشەیی داناوە، "کارل یاسپەرزیش گەڕانەوەی هەمیشە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی فەلسەفەی نیچە دەژمێرێت.[٦]

لەم ڕوانگەیەوە نیچە لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی سەبارەت بە گۆڕانکاری بەردەوام و نەبڕاوەی کات بەم باوەڕە گەیشتووە، هەرچەندە گەڕانەوەی هەمیشەیی لەگەڵ گۆڕانکارو پەرەسەندنی بەردەوامدا ناکۆکە، کە "مردنی خوا هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی میتافیزیك و ڕووناکین و سێبەرکانی خوایە بەگوێرەی میتافیزیکی ڕووناکبین گۆڕانکاریی لە بووندا لەسەر هێڵکی ڕاست و بڕواوە دەگوزەرێت[٧] و لە کاتێکی دیاریکراودا لەسەر نەخشەو پلانە لەپێشترەکانی سەدەی هۆشەکییدا بۆ مەبەستێکی لەپێشتر پێدراو سەرهەڵدەدات و کۆتایی پێدێت، شوێنەکەوتوانی ئەم شێوە میتافیزکەو سێبەری خوا بۆ نمونە ئایینخوازەکان، لەبەر ئەوەی واتای بوون لە کۆتایی بووندا دەبینن کە مەبەستێکی لەپێشتری بۆ دانانراوە ئەوەندەی بایەخ بە کۆتایی و بڕانەوەی ژیانە دەدەن ئاوڕ لە نرخ و چیەتی ژیان نادەنەوە. ئەوان مردنخواز و ژیاننەویست بۆ

ئەوان کەسێکی مردوو لە زیندوویەك باشترە, بەپێچەوانەی هەڵوێستی مردنخوازییەوە، نیچە ژیان بە نرخ و بەرزتر دادەنێت و بانگەشەی مانەوەو بەردەوامیەتی بۆدەکات و ژیانی خۆشدەوێت, ئەو دەیەوێت بۆ مردن نەژی و بەڵکو بۆ ژیان بمرێت نایەوێت لەگەڵ ڕەتدانەوەی میتافیزیکی ڕووناکبیندا باوەڕ بە بڕانەوەی ژیان بکات و مردن بە کۆتاییەکی ڕەهای ژیان دابنێت و توێژینەوەیەکی ڕەشبینانەی بۆ بکات.

ئەگەر گەڕانەوەی هەمیشەیی هەمان گەڕانەوەی لە شێوەو ناوەڕۆکدا نەبوو، یان گۆڕانکاریی لەنێو بوونی کەسە ناشیرینەکاندا مسۆگەرنەکات، بۆ نمونە کەسێك بە کۆیلەیی بمرێت بە کۆیلەیی جارێکی دیکە لەو خولە گەردوونییەدا دەگەڕێتەوە، بەو شیکردنەوەیەدا ویستی گەڕانەوە لای کۆیلەو مرۆڤێکی ناشیرین پەیدا نابێت، چونکە ئەوە خۆی لە خۆیدا ویستێکە کە مرۆڤی بەرز هەیەتی، کەواتە دەبینین گەڕانەوەی هەمیشەیی پەرەسەرەندنێکی بەردەوامی لە کۆتاییەکەوە بۆ بەرەو سەرەتایەکی دیکە نیەو گەڕانەوەی هەمان بوونە. مرۆڤێکی بەرز و مرۆڤێکی کۆیلە لەنێو ئەم خولەدایە بۆ هەمیشە بەردەوام وەکو خۆیان بۆ ژیان دەگەڕێنەوە نە مرۆڤە بەرزەکە لەو بەرزتر دەبێت و نە بارودۆخی کۆیلایەتیش بۆ کۆیلەکە دەگۆڕیت, چونکە وەکو خۆیان لەسەردەمێکی جیاوازتردا پەیدا دەبنەوە.

” مەحوی لە شیعرەکانیدا بوون
وەکو بنەمایەکی سەرەکی دەق داناوە
و لەڕوی ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعریەوە
شیعرەکانی مەحوی بە قۆناغێکی
ڕەسەنی کلاسیزمی کوردی دادەنرێن “

**نیچە و مەحوی و زمانی میتـــافۆر**

نیچە لەگەلێك شوێندا بیروباوەڕە فەلسەفەییەکانی بە میتافۆر(Metaphor) دەربڕیوە، میتافۆر شێوازێکی دەربڕینە بەهۆی دۆزینەوەی لێکچوونی وشەکە یان بابەتە باسکراوەکە لەگەڵ وشەو بابەتێکی دیکەدا واتاکەی نیشان دەدرێت, لەگەڵ هەموو زمانێکدا میتافۆر بەکاردێت، بەڵام لە ئەدەبدا بەتایبەتی شیعر میتافۆر ڕۆڵێکی سەرەکی لە واتای وێنە هونەرییەکاندا هەیە, بۆ نموونە مەحوی دەڵێت:

**وەك بولبول ئەو دڵە بە گوڵی ڕووکە ڕوودەکا**
**پەروانەیە، زیارەتی شەمع ئارەزوو دەکا**(٨)

لـەم بـەیتـە شـیـعـریـیـەی مـەحـویـدا بـە میـتـافـۆر حـەز و ئـارەزووی خـۆی بـەرامـبـەر خۆشەویستەکەی دەربڕیوە، دڵی خۆی کردووە بە بولبول و ڕووی خۆشەویستەکەشی بە گوڵ, بەمەش ڕازی نەبووەو هەوڵی داوە شەوق و سوتانی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی لەنێو بەشێك لە میتافۆری مۆم و پەروانەدا دەردەبڕێت، شاعیر خۆی وەك ئەم پەروانەیە لە دەوری خۆشەویستەکەی دادەنێت کە بەدەوری گڕی مۆمدا لەتاو عەشقی بۆ ئاگرەکە دەسوڕێتەوە خۆی دەسوتێنێت.

ئەوانەی لە ئەدەب و هونەرەوە نزیکن لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕانین و میتافۆر بە شێوازێکی دەربڕینی گرنگ و خاوەن بەهای جوانی دادەنێن, بەتایبەتی لە هۆنراوەدا کە بەبێ میتافۆر بەهای جوانیەکەی کەم دەبێتەوە.

**کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**

**نەچێتەسەر تەریقەی حەزرەتی پەرو انە، دڵ چبکا[٩] ؟**

مەحوی دەیەوێت ڕێگای عشق پیشانی خەڵك بدات و کاتێك دەڵێت: ((ئەوەی ئاگری عیشق بپەرستێت و دڵی بەو ئاگرە یا خۆشەویستییە دامرکێتەوە، ئەوەی دەبێت وەك پەروانە چۆن خۆدەسووتێنێت ئاواش دەبێت خۆ بسوتێنێت)).

ئەم خۆشەویستە پێویستی بە مرۆڤی دڵ قایم و ئازاو نەبەرد هەیە تا ڕێبازی پەروانە هەڵبژێرێت .

**زوبانی حاڵی پەرو انە لە وەختی سووتنا دەیووت :**

**کەسێ وا ریپمە وەك من بێ، لە عیشقا خۆبسوتێنێ[١٠] .**

بەواتە لە کاتی خۆسووتانی پەروانە، پەروانە دەیووت: ((ئەگەر هەرکەسێك واریسی منە، ئەوە دەبا بێ وەك من لە پێناوی عیشقا خۆبسوتێنێت)) .

بۆیە مەحومی بەپێی ڕێبازی سۆفیگەری ویستوویەتی لە ناوچوون و سووتانەکەی گەورەترو زانستانەتر بێت لە پێناو عیشقەکەدا. مەحوی لەو شاعیرە تاکانەیە، کە توانویەتی گوزارشت لە خودی خۆی بکات، بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی کلاسیك، کە لاسایی شاعیرانیان کردووەتەوە جا چ لەڕووی (فۆرم) بێت یا لەڕووی ناوەڕۆك بێت، بەڵام مەحوی شاعیر توانیویەتی لەو بازنەیە دەرچێت و بتوانێت بە ئازادانە گوزارشت لە خودی خۆی بکات، بەڵام لەم گوزارشتکردنەدا ڕاستەوخۆ گوزارشتی لە خودی خۆی نەکردووە، بەڵکو هاتووە لەڕووی پرۆسەیەکی دیکەوە، کە ئەویش پرۆسەی (سووتانی پەروانە)یە. مەحوی زۆر زیرەکانە توانیویەتی لێکچونێك لەنێوان خودی خۆی خودی پەروانە بسازێنێت، بەڵام هەر دێڕەو بەشێوەو شێواز و تەکنیکێکی زمانیدا، کە هەمیشە جوانی بە دێرە شیعرەکانی دەدات. بە واتا مەحوی زیاتر توانویەتی کردەی میتافۆڕ METAPHOR لە شیعرەکانیدا بەرجەستەبکات. هەربۆیە لە تێۆلۆژی

(خواناسی)دا، میتافۆڕ ڕەهەندێکی ئاکتیڤ و گرنگە و شوێنگەیەکی بەرچاوی هەیە . مەحوی شاعیر زۆر هۆشیارانە توانیویەتی لێکچوون و دژیەکییە ئیستاتیکیانە جوانترو ناسکتر بکات. لەکاتی سەیرکردنی هەردوو پرۆسەکە پرۆسەی (سووتانی پەروانە)، (هولە هولی بولبول).

” ئەوانەی لە ئەدەب و هونەرەوە نزیکن لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕانین و میتافۆر بە شێوازێکی دەربڕینی گرنگ و خاوەن بەهای جوانی دادەنێن، بەتایبەتی لە هۆنراوەدا کە بەبێ میتافۆر بەهای جوانیەکەی کەم دەبێتەوە “

بۆ ئەوەی خۆی بە پەروانە بچوێنێت و شاعیرانی دیکەش بە (بولبول) بچوێنێت.

**پەروانە یەك بە بولبوڵی دا وت کە (بوالفضول)**

**سوتانە ئیشی ئەهلی مەحەببەت، نەهوولە هول**[11]

لەم شیعرەی مەحویدا دڵی شاعیر و بولبول پەروانە جیاوازن و ئەگەر لەنێو بەستنی فۆرمی هونەریدا دەربهێنرێن جیاوازەکانیان دەردەکەون, بەڵام لەو شێوازە هونەرییەدا لە بەرگی ئەو میتافۆرەدا ئاماژە بۆ لێکچوونیان نەك جیاوازی نێوانیان دڵ و پەروانە لەگەڵ ئەوەی دووبابەتی جیاوازن پەیوندیی زانستی بوون لەگەڵ یەکدا نییە, بوونی یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکە دەناسرێت. لەو هۆنراوەیەدا بە دوو شتی لێکچوو دانران و ئەو لێکچونەشیان لە خۆشەویستیدا دەرکەوتووە، تێگەیشتن لە دڵی شاعیر بەرامبەرە بە خۆشەویستەکەی بۆ خۆشەویستەکەی لەبری ڕۆشنایی لێچکوونی سورانەوەی پەروانە بەدەوری ئاگری مۆم و سوتانی پەروانە بەو ئاگرە باشتر دەست دەکەوێت. نیچە بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی خودەکان بوو, هەر بۆیە ئایدیای ڕەنگدانەوەی تەواوی ژیانی بوو، ئەمەش گرنگترین خاڵە کە لەبیرمەندانی دی جیادەکاتەوە، نیچە توانیبووی ئەم خەسڵەتە تا بەرزترین پلەی باڵا کە لەتوانادا بێت، بەرجەستە بکات. فەلسەفەی نیچە بە گەرموگوڕی و باوەڕەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە بیرو ژیان بەجۆرێك هاورێ و هامڕان کە هیچ کامیان بەبێ ئەوی تریان بوونی نییە، بیرێك ئەگەر ڕەگ و ڕیشەی بەنێو خاکی ژیاندا نەچێتە خوارەوە بێ بەهایە. هەروەها ژیانیش هیچ مانایەکی

نییە، ئەگەر مرۆڤ بیری خۆی تیا نەخاتەکار تا مانەکەی ڕۆشن بێتەوە. مەحویش لەبیرکردنەوەو هۆشداریدا ئەگەر زیاتر نەبێت ئەوا لەم فەیلەسوفە بونگەراییانە لەبیرکردنەوە وهۆشداری و شرۆڤەکردنی رۆژگاردا کەمتر نییە, چونکە بۆچوونەکانی هێندە بەپێزو پوختن لەچوارچێوەی قاڵبی شیعردا دایڕشتون, کەسی ئاسایی بەئاسانی دەرك بەم سیمۆلۆژیایەی شیعری مەحوی ناکات.

ئەو لێکچونەی لەنێوان دەسەڵاتی دوو بوونی جیاوازدا بۆ ڕوونکردنەوەی چیەتیەکەی بە میتافۆر ڕازاوەتەوە. ڕۆڵی سەرەکی میتافۆر بێجگە لەوەی کاڵایەکی جوان بە فۆرمە ئەدەبییەکەدا دەدات, هاوکات پەیوەندیی نێوان دووشتی جیاوازمان بۆ دەردەخات یان ئاماژەی لێکچوونی دووشتی لێکنەچوونمان بۆدەکات.[١٢]

**سارتەرو پرنسیپە سەرەکییەکانی بوون**

**پێش بنەماکانی/ چییەتی کەوتووە**

سارتەر زۆربەی چەمك و ماناگەورەکانی، واتا سەرەکییەکانی بوونگەرایی لە هایدگەرەوە وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی هێندە نایاب و نوێ بیرۆکەکانی داڕشتووە کە بووە جێگەی سەرنج و پێشوازی لێکردنی دەستەبژێرێك لە ڕۆشنبیران، چونکە نووسینەکانی هایدگەر بەهۆی ئالۆزی زمانەکەی و قوڵی بیرۆکەکانییەوە، تێگەیشتنیان بەلای خەڵکیەوە تەنانەت بە لایەنی پسپۆرانەوە گران و سەختبوون، پاش ئەو شیکردنەوانەش، سارتەر چەندین ڕاو بۆچوونی بێوێنەی خستەڕوو, کە بەهۆیەوە ڕەسەنێتی خۆی وەك فەیلەسوف و نوسەر تۆمارکرد، هەرچی لێزانی ئازایەتی سارتەر کەوتووەتە نێو پڕکردنەوەو تەواوکردنی بیری بونگەرایی چ وەك ڕێبازێك یان وەك فەلسەفەیەك، کە هەردەم لە ژیاندایە بەزیندوێتی لە ناخی ویژدانی فەلسەفیدا دەمێنێتەوە, چونکە بوونگەرایی بەر لە هەر شتێك فەلسەفەی مرۆڤە لەبەر ئەوی مرۆڤ کرۆك و گەوهەری مەسەلەو توێژینەوەی بونگەراییە، "مرۆڤ لە یەکەمین بوونی خۆیدا هەر لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە هیچ شتێك نییە بە تەواوەتی بوونی بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەشە کە سروشتی مرۆیی بوونی نییە، دواتر لە جیهاندا هەڵدەقولێت و فرێدەدرێتە جیهانەوە بە خەسڵەتێك کە دیاری نەکراوە دێتە بوون. ئەگەر چ بونێك کە ڕاستییەکی ڕێکەوتییە, پاشان دەرك بەخۆی دەکات و وێنای خۆی دەکات, چونکە مرۆڤ پێچەوانەی شت و بابەتە مادەییەکان دەتوانێت وێنای خۆی بکات و وێنای داهاتووەکەشی بکات یان مرۆڤ دەتوانێت چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات.[١٣]

بەوپێیەی کە مرۆڤ درك بە خۆی دەکات، یان هەست بەوە دەکات کە دەچێتە داهاتووەوە، بۆیە دەجولێت و کاردەکات، مرۆڤ لەڕێگەی کارو کردەوەکانییەوە

بەهای خۆی پێکدەهێنێت، کەواتە پێش هەموو شتێك مرۆڤ پرۆژەیەو هیچ شتێك بەر لەو پرۆژەیە بوونی بۆ نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆی وێنای ئەو پرۆژەیە دەکات و دواتر ئافەریدەنی دەکات، هەر بە گوێرەی ئەو وێناکردنەش چۆنییەتی پرۆژەکەو چۆنییەتی داهاتووەکەی دەردەکەوێت و پرۆژە داهاتووەکەی خۆی دەهێنێتە دی. هەرچەندە مرۆڤ ئەو پرۆژە بەردەوامییەیە کە هەرگیز ناتوانێت خودی خۆی بە تەواوەتی بهێنێتە دی، کەواتە مرۆڤ لەگەڵ خوڵقاندنیدا بوونی خۆشی هەڵدەبژێرێت.

بونگەرایش بە هەموو شێوازو ئاڕاستەکانییەوە، بریتییە لە فەلسەفەی مرۆڤ کە بە دەوری کەسێتی ئەودا چەق دەگرێت و دەیکاتە ئامانجێك بۆ هەموو بایەخ و گرنگیپێدانێکی مەیلی بوونگەراییش هەر لەوکاتەوە دەرکەوت کە "کیرکگارد شۆرشی بەسەر هیگڵ بەرپا کردو دژی شێتی ئەقڵی بڵندگەرایی دەربارەی ژیان وەستایەوە، کە لە کۆتاییدا دەیگەیەنێتە نکۆڵیکردن لە واقیعی زیندووی مرۆڤ.[١٤]

لە ڕێچکەی فەلسەفەی بونگەراییدا بە دۆز و کێشە بابەتەکانیانەوە لەوەدا ڕەگ و ڕیشەی لە قوڵایی ڕۆحدا داکوتیوە تەکانێکی ڕۆحیەو مانای مرۆڤگۆڕی و ئازادیش کردە هەوێنی بونەکەی، بۆیە هایدەگەر دەڵێت: "بوون لە هیچەوە یان لە عەدەمەوە هەڵدەقوڵێت.

**” مەحوی زۆر زیرەکانە توانیویەتی لێکچوونێك لەنێوان خودی خۆی و خودی پەروانە بسازێنێت، بەڵام هەر دێڕەو بەشێوە و شێواز و تەکنیکێکی زمانیدا“**

بەڵام سارتەر ڕوویەکی میللی تایبەتی هەیە, کەسایەتی خۆی وەك فەیلەسوفێك وێناکردووە کە ئەوەش وایکردووە وێنایەکی پوختی بونگەرایی بێت، وەك بڵێیت لە ئەودا نەبێت، چەندین ڕێبازی کۆمەڵایەتی ئاست نزم سەریان هەڵداو خۆیان خستەپاڵ بوونگەراییەوە شەپۆلەکانیان بۆ سارتەر دەگەڕاندەوە لەگەڵ ئەوەدا کە سارتەر لەو هەرا داهێنراوانەوە دوور بوو، بەڵام بونگەرایی بێباوەڕی سارتەر لەوەدایە کە تەنانەت لە حاڵەتی نەبووندا، خوڵقێنەر ڕایدەگەیەنێت کە تاقە بوونەوەرێك هەیە بە لایەنی کەمەوە بوونەکەی پێش چیەتییەکەی کەوتووە، بوونەوەرێك پێش ئەوەی بتوانین پێناسی بکەین لە بووندا ئەو بوونەوەرەش مرۆڤە، یان هەروەکو هایدگەر دەڵێت: واقیعی مرۆییە"، ئایا مانای پێشکەوتنی بوون لێرەدا بەرامبەر چیەتی چی دەگەیەنێت؟

مەبەست لەوەیە کە مرۆڤ پێش هەموو شتێك هەیەو بە خودی خۆی دەگات لە جیهانیدا دەردەکەوێت پاشان دەناسرێت.

**دوالیزم لە فەلسەفەی شیعری مەحویدا**

سۆفییزم لە ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتی شیعر، مێژوویەکی کۆنی هەیە و لەگەڵ دامەزراندنی قوتابخانە شیعریەکاندا پێش ئەو مێژوویەش شاعیرانی وەکو باباتاهیر و جزیری و مەحوی و چەندانی دی، لەو بوارەدا ناویان لە کاروانی شیعریدا تۆمارکراوە، سۆفییزم جیهانێکی تایبەتی شیعرییە و شاعیرە سۆفییەکان تێڕوانینێکی قووڵیان بۆ گەردوون و جیهان هەیە، بۆ چوونە نێو فەلسەفەی شیعری مەحوییەوە لە میانەی خستنەڕووی ئەو فەلەسەفەی لە دوالیزمی ڕۆژگاردا مەحوی هانای بۆ بردووە بەرێگەی شرۆڤەکردنی سیمانتیکی لە زمانی دەقی مەحوی گوزارشت بکەین، مەبەست لە شرۆڤەکردن و خستنەڕووی توانای شیعری شاعیر گوزارشتکردنی لەو فەلسەفەیەی کە مەحوی لە تافی پیری و ڕۆژگاردا سڵی لێکردووەتەوە. مەحوی باس لە مردن و سزاو ژانی سۆفیانە دەکات, ئەوەش دەقی ئەو بیرورا فەلسەفیەیە کە لەلای مەحوی وەکو نهێنیەك یان سیمۆلۆژیایەکی ژیرانەی دوا قۆناغی تەمەن و گەیشتن بە ئاواتی هەر سۆفیەك کە لە ئایدیۆلۆژیاکی قووڵەوە بەرجەستەبووە. زمانی شیعری مەحوی دەتوانین بلێین لەڕووی سیمانتیکەوە ڕوویەکی شیکارییانە بە دەقەکە دەبەخشێت، مەبەست ڕوونکردنەوەیە لە لایەنێکی گرنگی شیعرەکانی مەحوی لە فەلسەفەی (بوون و مردن) دوو تای هاوکێشەیەکن, لەم میانەوە تەمەن و ڕۆژگار کرداری مرۆڤ دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە, بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا ئەم دوو دێرە شیعرە دەخەینەروو:

**بە ضایع چوو لە (مالا یعنی) یا وەقتم هەموو، یەعنی**
**دەبێ وەقتێ لە (بو الوقت)ێ بخوازم، دا تیا بمـــرم**
**ئەجەل دەورم دەدا: یەعنی حاضربە، وادەی دەورو تەسلیمە**
**منی غەفلەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم[١٥]**

شیعرەکە گوزارشتە لە فەلسەفەی خودی شاعیر، یەکسەر بەرەو جیهانە سۆفیگەریەکەی خۆیمان دەبات، کە ململانێیە لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان بە عەقلیەتێکی شیکارییەوە، وەکو (مردن و ڕۆژگار) دوو نهێنی بەرجەستەیی ئایدیالییە، لەمیانەی سیمانتیکەوە بۆ دەقە شیعریەکە، کەواتە مەحوی دوو بابەتی سەرەکی خستۆتە قالبی فەلسەفەی بوون و نەمانەوە، ئەوەش لە فەلسەفەی نیشانەی نغرۆبوونی ماڵی تەمەن و بەسەرچوونی ڕۆژگار، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی نائومێدی

و دەستبەردان، لە ژیان و خۆئامادەکردن بۆ فەنابوون، هەروەها "خۆبەدەستەوەدانی ئەو نهێنیەی کە (مەرگ) ڕادەیەك بۆ ژیانی هەموو بونەوەرێك دادەنێت, ئەوەش فەلسەفەو بڕوایەکە سۆفییەکان پەنای بۆ دەبەن وەکو سیمۆلۆژیایەك بۆ کۆتایی ژیانی بێبەهای مرۆڤایەتیی خۆیانی پێدادەنێن، ئەو ژیانەی کە ئازاردانێکی ڕۆحییە کردارێکی دژوارە، لە پێکەوەبەستنێکی توندی نێوان کردار واتە ڕاهێنانی جەستەیی و ئادییا, واتە پەرەسەندنی لێووردبوونەوە ڕۆحییەکاندا خۆی گەڵاڵە دەکات، تەنانەت گەیشتن بە کۆتایی کاروانی (وەجد) لای ئەوان وەکو حالەتێکی گیانکێشانی پێش مردنە، ئەو دوو بابەتەش لە کرادارو ئایدیادا دەقی تەواوی تەمەنی سۆفییەکان پیشان دەدات .[١٦]

کەواتە دەکرێت مەحوی یەکێك بێت لەوشاعیرە سۆفییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە شیعری سۆفیگەریدا هەبووە، لە ئەدەبی کوردیدا و شیعرە سۆفیگەرییە کوردییەکانی بە جوانترین شیعرەکانی دادەنرێت، چونکە "مەحوی شیعرە سۆفیەگەرییەکانی لە دوو سەرچاوەی ئیسلامی و فەلسەفی هەڵهێنجاوە و لایەنە سۆفیەگەرییە شیعریەکانی وەکو یەکێتیبوون و یەکێتیی ئایینەکان و یەکبوون و ڕاستیی موحەممەدی لە تۆوی بەیتەکانیدا دیارە .[١٧]

” میتافۆر بێجگە لەوەی کاڵایەکی جوان بە فۆرمە ئەدەبییەکەدا دەدات، هاوکات پەیوەندیی نێوان دووشتی جیاوازمان بۆ دەردەخات یان ئاماژەی لێکچوونی دووشتی لێکنەچوونمان بۆدەکات“

لەگەڵ ئەوەشدا نامۆبوون ناسینی سۆفیانەی ڕاستەقینە لەڕێگەی چەشتن و خواناسیەوە ئاشنابوون، سۆفییەکان پێیان وایە ناسینی خواو بونەوەرانی دیکە شتێکە دەخرێتە دەروونەوە, بابەتی ناسینی سۆفی خودی خواو سیفەت و کردەوەکانییەتی، مەبەستیش خۆشەویستی خواو فەنا بوونە .

**بەشی دووەم**

**ناساندنی زانستی (بوون) وەك لقێکی فەلسەفی**

لێکۆڵینەوە و قسەکردن دەربارەی بوون لە دێر زەمانەوە هەبووەو لە هەندێك سەردەم و کاتدا کراوەتە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەو لە هەندێك کاتی دیکەشدا

تەوەرەکانی فەلسەفە و ئەدەب هەر بە دەوری ناسینی ئەم بوونەدا خولاونەتەوە. تەنانەت جاری وا بووە پرسیاری (بوون چییە؟ من چیم؟) بووە بە گەورەترین مەراقی هەندێك لە فەیلەسوفان و ئەو بابەتانەی دیکەی کە بە (ئۆبژێکتیف) ناسراون, واتە بابەت و غەیری خود، دیسان خراونەتەوە خزمەت تێگەیشتن لەم بوونە. سەرەتا گرنگە بزانین کە ڕەوتی (بوونگەرایی-الوجودیە- ئیگزیستێنسیالیزم) هێندەی لێکۆڵینەوە و قسەکردنە لەسەر دۆخی تاك و ڕەهەندە خودی و مرۆییەکان، هێندە قوتابخانەیەکی فەلسەفی نییە کە بشێت وەك ئەکادیمیایەك لێی بڕوانرێت. لەبەر ئەوە شیاوە بەر لەوەی بە فەرمی باسی ناسینی بوونگەرایی لەناو فەلسەفە و ئەدەبدا بکەین، باس لە جۆرێك هەڵوێستی بوونگەرایی بکەین لای فەیلەسوفان و بیریارانی سەردەمەکانی پێشتر, چونکە وەك وترا بوونگەرایی قسەکردنە لەسەر هەڵوێستە مرۆیی و کێشە خودیەکانی مرۆڤ، دیارە ئەمەش دەشێت لای گشت نوسەرێك و لە زۆربەی کاتەکاندا ئاسەوارەکانی ببینینەوە. ئەگەر بە خێرایی چاوێك بە مێژوودا بگێڕین، دەبینین هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا سەردەم و ڕۆژگاری ئەمڕۆ، گەلێك وێنە و پێناسەی جۆراو جۆری بوون خراونەتەڕوو, جا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بوبێت یاخود لە ناو بازنەیەکی فراوانتردا, واتە لەناو باسێکی دیکەی فەلسەفیدا وروژێنراوە. بۆ نمونە لای ئەفلاتون خەریکە بڵێین جێیەك بۆ (تاکایەتی) مرۆڤ نەماوە و وەك چۆن لە ماشینێك دەڕوانرێت بەو جۆرەش لە مرۆڤ دەڕوانرێت. ئەو بە تایبەت لە کتێبی (کۆمار)دا باس لە دروستکردنی دەوڵەت و ڕێکخستنی شار و تەنانەت دروستکردنی خێزان و تا دەگاتە پەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیاندنیان دەکات.
ئەفلاتون بە جیددی مرۆڤی دەبەستەوە بە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە و ئازادییەکانی لێ زەوت دەکرد و بەر لەوەی لە دایکبێت، کار و ئەرکی بۆ دیاریدەکرد, وای دەبینی کە تاك کاتێك دەتوانێت فەزیلەت بنوێنێت کە لە ناو کۆمەڵگەکەیدا بێت. فەیلەسوفانی دیکەی یۆنانیش هێندەی خەریکی لێکۆڵینەوە و قسەکردن بوون لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی زەوی و جیهان و ژیان، هێندە پرسیارە گرنگەکەیان نەوروژاندووە.

ئەمە بەردەوام بوو تا ئەوەی کە دەوترێت بە هاتنی (ئەرستۆ) فەلسەفە لە ئاسمانەوە دابەزیە سەر زەوی و گوایە زیاتر گرنگی بە مرۆڤ دەدا تا شتی تر. هەر بۆیە فەلسەفەکەی ئەرستۆ بە فەلسەفەیەکی واقیعی دەناسرایەوە، بەڵام دیسان فەلسەفەی ئەرستۆش نەیتوانی تەواو لە "خود" نزیکبێتەوە, بەڵکو تەنیا بەدەوری ئەو بابەتانەدا دەخولایەوە کە بەرهەمی ئەم "خود"هن، وەکو هونەر، سیاسەت و ئاکار. واتا قسەی لەسەر دەرکەوتەکانی "خود" بوو، نەك "خود" خۆی. بەم جۆرە فەلسەفەو

مێژووە دوور و درێژەکەی هەم نەیانتوانیوە خۆیان لەم بابەتە غافڵ بکەن، هەم نەیانتوانیوە بەتەواوی بچنە بنج و بنەوانیەوە. لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە مرۆڤ دەخاتە بەردەم گەورەترین بەرپرسیاری ژیانی کە هەڵگرتنی ئەرکەکانی خۆیەتی.

گەر دەڕوانینە سەردەمی عەقڵانیەت، دیکارتی سەردەستەی ئەم کۆمەڵەمان بەرچاو دەکەوێت، کۆجیتۆ بەناوبانگەکەی دەبینین (کۆجیتۆ ئێرگۆ سوم – من بیردەکەمەوە کەوایە من هەم). دەردەکەوێت کە ئەویش تەنیا گرنگی بە بەشێك لە (من-خود-بوون) دەدات، کە ئەویش (من) ی بیرکەرەوەیە. ئیتر بابەتە ناوەکییەکانی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە خودی مرۆڤەوە هەیە، تا دەهات لەبیر دەچونەوە و دەبوون بە ژێرەوە. بەمجۆرە دیکارت مۆرکە ڕەسەنە خودیەکانی (بە نمونە هەستەکان) بە ناواقیعی و ناڕاست لەقەڵەم داوە و ئەمەشی بە ناوی عەقڵانیەت و بەرگریکردن لە عەقڵەوە خستوەتەڕوو. بە هاتنی (کارل مارکس)یش ئەم بابەتە هێندەی دیکە پەرتی و دوورکەوتنەوەی بە خۆوە بینی، کە ئەمیش پێی وابوو شوناسی مرۆڤ تەنیا لەگەڵ شوناسی چینەکەیدا دەناسرێت و تەنانەت پێی وایە کە تەواوی مێژوو بریتییە لە ململانێی چینەکان، کە مرۆڤەکانیش بەشێکن لێی. لای (مارکس) ئەم (خود-مرۆڤ) ە دەشێت لە خۆی نامۆ بێت و ئەم بابەتی نامۆبوونەش لە فەلسەفەی بوونگەرایدا جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە (مارکس) وای دەبینی کە تەنیا ژێرخان (ئابوری)یە کە دەبێتە هۆی یەکەم بۆ خودنامۆیی و ئەمەش لەسەر تەواوی کایەکانی سەرخان واتە (ئەدەبیات، ئایین، ڕەفتار...تاد)ڕەنگدەداتەوە. لە کاتێکدا دەبینین کە گەلێك هۆکاری دیکە هەن و زۆرن ئەو شتانەی وا لە مرۆڤ دەکەن دوور بکەوێتەوە لە خۆی و تووشی خود نامۆییAlienation بێت.

” مرۆڤ ئەو پرۆژە بەردەوامییەیە
کە هەرگیز ناتوانێت خودی خۆی
بە تەواوەتی بهێنێتە دی، کەواتە مرۆڤ
لەگەڵ خولقاندنیدا بوونی خۆشی هەڵدەبژێرێت “

ئەم قسانە سەبارەت بە (هیگڵ)یش هەر ڕاستە، چونکە ئەویش پێی وابوو بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ دەبێت لە سیاقی دەسەڵات و حکومەت و کۆمەڵگەوە لێی بڕوانرێت، لە کاتێکدا ئەمانە کاری دامەزراوە و سیستم و دەزگاکانن نەك کێشەی "خود"ی. "لای هیگڵ گشت هاوڵاتیان دەبێت ملکەچی کۆمەڵێك یاسای جەبری و

حەتمی بن کە دەوڵەت دەیسەپێنێت[١٨] , چونکە دەوڵەت کۆتا پلەی تەجەللای ڕۆحە لە ڕووە دەرەکیەکەیدا. (هیگڵ) زۆر گرنگی بەوە دەدا کە ئێستا پێی دەوترێت (دیالیکتیکی فەلسەفی). ئەو پێی وابوو کە سەرجەم هزر و بیر و فەلسەفە و لۆجیك کە بەشێکن لە مرۆڤ و تەنانەت بە مرۆڤیشەوە، پابەندی ئەم یاسای دیالیکتیکەن, کە لەسەر بنەمای (تێز)ە، پاشان دژی بۆ دروستدەبێت کە (دژە تێز)ە. "بابەت و دژە بابەتیش لەبەر ناکۆکییەکانی نێوانیان و لە ئەنجامی زۆرانبازی لەگەڵ یەکتردا قۆناغێکی نوێتر (تێهەڵکێش-سینتێز) دەهێننەکایەوە[١٩] , هەر بۆیە لای (هیگڵ) کاتێك باس لە بابەتێك دەکرێت، ئەگەر بابەتەکە بچەسپێنرێت "هەموو دیاریکردنێك نەفی کردنیشە، هەر کات شتێکمان هەڵبژارد شتێك دەردەکەین[٢٠] . ئەوا لە کاتی سەپاندنی بابەتێکدا نەفی بابەتێکی دی دەکەین. بە کورتی دیسان لای (هیگڵ)یش وێنەی دەستەجەمعی بۆ مرۆڤ دەبینینەوە نەك تاك. ئەمە بەردەوام دەبێت تا ناساندنی (بوونگەرایی) وەك لقێکی سەرەکی فەلسەفی لەسەر دەستی دامەزرێنەر و ڕابەری فەلسەفەی بوونگەرایی، فەیلەسوفی دانیمارکی (سۆرین کیرکەگۆرد ١٨١٣ز-١٨٥٥ز). ئەوە نەبێت پێش هاتنی (کیرکەگۆرد) باس لە بوونگەرایی نەکرابێت، بەڵکو باس کراوە، بەڵام دەرکەوتنی بوونگەرایی وەك قوتابخانەیەك لێرەوە پەرەی سەند. "زۆریش هەن دەڵێن: باسکاڵ لە زۆر بیر و بۆچونیدا پێش بوونگەرایی کەوتووە[٢١] کە ئەمیش ژیانێکی باوەڕدارانە وەك (کیرکەگۆرد) ژیا.

ئەوەی بەڕوونی لەم قوتابخانەیەدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە ئەم لقەی فەلسەفە زیاتر گرنگی بە دیاردە خودیەکان دەدات. "یەکەمین و دیارترین تایبەتمەندیی ئەوەیە کە ئەم شێوازەی فەلسەفاندن لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات نەك لە سروشتەوە، فەلسەفەی (خود)ە، نەك فەلسەفەی (بابەت)[٢٢] "(کیرکەگۆرد) دژی ئەوە بوو لەڕێی عەقڵ و فیکر و لەڕێی دروستکردنی سیستمە قەبە و گەورە فەلسەفییەکانەوە لە بوون بگەین[٢٣] , چونکە ئەم بارودۆخانەی کە تایبەتن بە (خود) دەبێت ئەزموون بکرێن و لەڕووی کردارەکییەوە بناسرێن. (کیرگەگۆر) گەڕایەوە بۆ دەرخستنی دۆخی مرۆیی و ڕەهەندە تاکایەتییەکانی مرۆڤ. "عادەتەن (سۆرین کیرکەگۆرد) بە باوکی بوونگەرایی نوێ دەژمێردرێن، ئەو یەکەمین فەیلەسوفی ئەوروپیە پێی بوترێت (بوونگەرا)[٢٤] . لەبەر ئەوەش کە بوونگەرایی پەیوەندیی بە ناخی مرۆڤەوە دەکات و هەڵوەستە لەسەر پێگە مرۆڤانەکەی مرۆڤ دەکات، ئەوا شتێکی ئاساییە کە کە چەندین ڕەوت و لق و پۆپی لێبکەوێتەوە. بە شێوەیەکی گشتیش لە سەرەتاکانی دروست بونیەوە ڕەوتی بوونگەرایی (بێ باوەڕ-بێ ئیمان) لە بوونگەرایی (باوەڕدار-ئیماندار) جیا بووەتەوە و تەفسیر و لێکدانەوەی خۆیان بۆ ژیان و دۆخە مرۆییەکان هەبووە. ڕەوتی یەکەم واتە (بێ باوەڕ)

لەسەر دەستی هەردوو (هایدیگەر و سارتەر) هەم بناغەی دانا و هەم بەرەوپێش چوو. ڕەوتی دووەمیش واتە (باوەڕدار) بە (کیرگەکۆر) دەست پێدەکات و دەگاتە (کارل یاسپەرز و گابرێل مارسێل).

**” مەحوی باس لە مردن و سزاو ژانی سۆفیانە دەکات، ئەوەش دەقی ئەو بیروڕا فەلسەفیەیە کە لەلای مەحوی وەکو نهێنیەك یان سیمۆلۆژیایەکی ژیرانەی دوا قۆناغی تەمەن و گەیشتن بە ئاواتی هەر سۆفیەك کە لە ئایدیۆلۆژیاکی قووڵەوە بەرجەستەبووە “**

هەر چەندە هەندێکجار لە نێوان ئەم دوو ڕەوتەدا جیاوازی جەوهەری بەدیدەکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانین "ئەوەی ئەو دوو ڕەوتە پێکەوە کۆدەکاتەوە، پێداگرتنە لەسەر لایەنی دزێوی ژیان و کۆمەڵگا و شارستانیەتی نوێ، بە دەرخستنی ڕووی نا ئارامی و دڵنیایی نەکردن و نامۆیی لە ژیاندا، مردنی مرۆڤ و تاکڕەوییە[٢٥] . ئەم بابەتە لای باوکی بوونگەرایی (کیرکەگۆرد)یش بە هەمان شێوە بووە و پێی وابووە ئەم کائینەی ناوی (مرۆڤ)ە، جیایە لە سەرجەم دروستکراوەکانی تر و هەڵەیە گەر بێین و هەمان پێوانەکانی کە بۆ (بوون) بە گشتی دادەنێین، بۆ ئەم (بوون)ە تایبەتەی دابنێین. "بە بۆچونی (کیرکەگۆرد) ئەم بونەوەرە تەواو خودگەراییە، لە سەروو لێکدانەوەی عەقڵ و مەنتق و سیستمە فەلسەفییەکان و خوداناسی (تیۆلۆجی) و تەنانەت (لافلێدانە دەروونناسییەکان)یشەوەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەرچاوەی هەموو ئەم بابەتانەشە[٢٦] . وەك لە پێشەوە باسکرا (بوون) بەگشتی گەلێك وێنەی پێدراوە و باسکراوە، بەڵام ئەوەی لە لایەن بوونگەراییەوە جەختی دەخرێتە سەر (مرۆڤ) ە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بوون بکەین بە دوو جۆرەوە:

١.بوون بە هێز (الوجود بالقوه)

٢.بوون بە کردەوە (الوجود بالفعل)

"هێز و کار (القوه و الفعل) دوو زاراوەی زانستی مەنتیقن. ئەمەی خوارەوە نمونەیەکە بۆ ڕوونکردنەوەی هەردووکیان:

دەتوانیت سەبارەت بە تۆوی هەر درەختێك بڵێیت: ئەمە درەختە! واتە لە هێز و توانایدا هەیە ببێت بە درەخت، جا پێش ئەوەی ببێت، درەختە وا لە دۆخی هێزدا (شجر بالقوه)، بەڵام کاتێك کە بوو بە درەختێکی بەرجەستە، ئەوا ڕۆشتووەتە دۆخی کارەوە (شجر بالفعل)[٢٧] .

"دەتوانین بە نیسبەت مرۆڤەوە دوو جۆر مەوجود دیاری بکەین، کە هەر یەکەیان خاوەنی جۆرە بوونێکن، ئەو دوو جۆرە مەوجودەش بریتین لە مرۆڤەکانی تر جگە لە خۆی، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی تری غەیری مرۆڤ[٢٨] هەڵبەت ئەم دابەشکردنەی دوایی لە دیدی مرۆڤ خۆیەوە، واتە سەبارەت بە تاکێك وایە.

"جگە لە خوا هەموو شتێکی تر پێی دەوترێت: (ممکن)، لەبەرئەوەی هەردوو لای بوون و نەبوونی یەکسانە، چونکە دەکرێت ببێت و دەشکرێت نەبێت. خۆ ئەگەر هۆی بوونی بۆ ڕەخسا و بوونی پێ بەخشرا، پێی دەوترێت: (أحادیث). بەڵام خواوەند پێی دەوترێت: (واجب الوجود) واتە: هەر دەبێت ببێت و بوونی پێویستە، چونکە ئەو (بوون) بە مومکینات دەبەخشێت، گەر ئەو نەبێت شتانی تریش نابن. (مستحیل)یش بە غەیری (واجب) و (مومکین) دەوترێت[٢٩] .

**بە ئاگایی چەمکی زانستی (بوون)**

سەبارەت بە زاراوەی ئۆنتۆلۆجیایش(Ontologia) ، کە دەکرێت بڵێین بۆ قسەکردن لەسەر گشت (بوون) بەکاردەهێنرێت. "زاراوەکە واژەیەکی یۆنانیە، لە (بوونOnto) و (زانستLogy ) پێکهاتووە و بەشێکە لە فەلسەفە و لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە[٣٠] . کەوایە گشت قسەکردنێك لەسەر مرۆڤ وەك خودێك و تاکێك و ڕەهەندەکانی و خواستەکانی دەچنە خانەی بوونگەراییەوە. ئەم زاراوەی ئۆنتۆلۆجیەش "بە گوێرەی پێناسە ئەرستۆییەکە: زانستی بوونە، وەك بوون[٣١] , بەڵام بە لای بوونگەراییەوە گرنگترین لایەن (مرۆڤ)ە، کە بشێت بکرێتە مایەی لێکۆڵینەوە و قسە لەسەر کردن. ئەمە نەك تەنیا لە مەیدانی فەلسەفەدا، بەڵکو لە بواری کارەکی و ژیانی ڕۆژانە و ڕەنگدانەوەی ئەمەش لەسەر ئەدەب و ئەدەبیاتدا. جاری وا هەبووە لە بواری ئەدەبدا بەرهەمێك یان کارێکی هونەریی ڕاستەقینە کاری کردووەتە سەر بوونگەراکان. "بەرهەمی ئەدەبی گەورە هەبووە کە سەربەخۆ بووە و هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی فەیلەسوفە بوونگەراکانی بەسەرەوە نەبووە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبێکی بوونگەرا بووە و هەندێك جار کاری کردووەتە سەر فەیلەسوفەکانیش[٣٢] , بۆ نمونە بە ئاشکرا ئەمە لە بەرهەم و ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤیسکی) و (کافکا)دا هەست پێدەکەین. لە ڕوانگەی ئەم قسانەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە:

(بوونگەرایی) لە مرۆڤ دەدوێت. مرۆڤ وەك (من) و ئەو بابەتەی ڕووبەڕووی (من) ی مرۆڤ دەبێتەوە. هەروەها مرۆڤی لە گشت بابەتەکانی تری جیهان لا بە بایەخترە و پێی وایە بە بێ ناسینی ئەم (خود)ە، ئەستەمە قسە لەسەر هیچ بابەتێکی دی بکرێت, چونکە (سەنتەرالیزمی) مرۆڤ دەکرێتە بنەما تا لێیەوە مرۆڤ بناسین و لەوێشەوە بۆ ناسینی (خودی مرۆڤ) لەسەر بنەمای ئەو وتەیەی کە دەڵێت دەبێت مرۆڤ خۆی بناسێت .

**” مەحوی دوو بابەتی سەرەکی خستۆتە قالبی فەلسەفەی بوون و نەمانەوە، ئەوەش لە فەلسەفەی نیشانەی نغرۆبوونی ماڵی تەمەن و بەسەرچوونی ڕۆژگار، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی نائومێدی و دەستبەردان “**

**بەشی سێیەم**

**بوونگەرایی لای (مەحوی ... هایدیگەر)**

وەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێدرا (بوونگەرایی) هێندەی مرۆڤی بە لاوە گرنگە و قسەی لەسەر دەکات و بە گرنگترین بابەتی ئەم (بوون)ەی دادەنێت، هێندە گرنگی بە هیچ بابەت و دیاردەیەکی دی نادات. لەناو مرۆڤیشدا زێدەتر گرنگی بە خەسڵەت و مۆرکە خودییەکان و ئەو شتانەی کار دەکەنە سەر تاك و ناخی دەدات. لەبەر ئەوە ئەستەمە لە مەودایەکی کورتی وەك ئەم توێژینەوەیەدا، سەرجەم ئەو دیاردانە شیبکەینەوە کە بە لای بوونگەراکانەوە جێی بایەخن. هەر بۆیە لە ناویاندا (هایدیگەر) – هەرچەندە بڕوای بە ئایدیای خواناسی نەبوو - بە نمونە وەردەگرین و لە ناو سەرجەم ئەو بابەت و خەسڵەتە مرۆییانەش کە کە گرنگی پێداوە لە فەلسەفەکەیدا، چەند دانەیەکی دیاری کراویان وەردەگرین، وێنەی ئەو بابەتانەش لە ناو شیعرەکانی مەحویدا دەدۆزینەوە و . بەپێی توانا . هەوڵی بەراوردکردن و ڕاڤە کردنی دەدەین.

هایدیگەری فەیلەسوف چووەتە بنج و بنەوانی بوونگەراییەوە و ئەو پێی وایە تەواوی مێژوو بە گشت کەرەستە و بابەتەکانییەوە هەوڵی دوورخستنەوە و نامۆکردنی

مرۆڤیان داوە، هەر سیستمێکی فەلسەفی نوێش کە هاتووە هێندەی تر مرۆڤی لە خۆی دوورخستووەتەوە و ونی کردووە. کردوویەتی بە شتێك کە ئەو ناوی دەنێت (بوونی ناڕەسەن). لە کاتێکدا لەبەر ئەوەی مرۆڤە و توانای تێدایە دەبێت ژیانێکی ڕەسەن و (بوونی ڕەسەن) بژی. ئەو هۆیانەش کە وا لە مرۆڤ دەکەن لە خۆی نامۆ بێت و ڕەسەنیەتی خۆی لەدەستبدات بەشێکی زۆریان پەیوەندیی بە (ئەوانیدی-الآخرین)هوە هەیە، کە لەڕێی کار و کردەوەکانیانەوە کاردەکەنە سەر ئێمە و بەرەو کارێك دەمانبەن کە هی خۆمان نییە.

"هایدیگەر وشـەی(Dasein) لە جیاتی مرۆڤ بەکاردەهێنێت، کەس، تاك...تاد. مەبەستی ئەو لە دازاین ئەمەیە (بوون-لەوێ) بە ئینگلیزی[٣٣].(Being There) هایدیگەر هێندە گرنگی بە مرۆڤ دەدات کە پێی وایە سەنتەرە و نابێت لە بیر بکرێت، بەڵام پێشی وانییە کە ئەم مرۆڤە لە دەورو بەرەکەی دابڕاوبێت، بەڵکو ئەم مرۆڤە دەژی، ژیانەکەشی هەم لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدایە، هەم لە نێو بووندایە بە گشتی. مەبەستی سەرەکی ئەویش لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە هەر ئەمەیە. "(دازاین) زاراوەیەکی ئەڵمانییە و هایدیگەر لە پەرتوکەکەیدا کە ساڵی (١٩٢٧ز) بە ناوی (بوون و کات) بڵاوکرایەوە، بۆ بوونی مرۆڤی بەکارهێناوە. دازاین لە دوو وشە پێکهاتووە (دا-لێرە) و (زاین-بوون). هەردوو وشەکە(Dasein پێکەوە دەبن بە (بوون لێرە)[٣٤] , لە هەردوو لێکدانەوەکەدا یەك واتامان دەستدەکەوێت، ئەویش بوونی مرۆڤە لە ژینگەیەکدا بە تەنیشت ئەوانیدی و زیندەگیکردن لەگەڵیاندا.

ئەو وێنەیەی هایدیگەر کە بۆ بوونی مرۆڤی دەکێشێت، وێنەیەکە زۆر دوور نییە لەو وێنایانەی بۆ مرۆڤ کراون, لەو ڕووەوە کە مرۆڤ بوویەکی ناکامڵە و بەرەو (تکامل) و خۆ تەواوکردن دەچێت. ئەمە تەواوی بیرەکان هاوڕان لەگەڵیدا. "مرۆڤ لای سارتەر لە شتێکی دیاریکراو ناچێت، کیرکەگۆردیش هەمان بڕوای هەیە کاتێك دەڵێت ئێمە ناتوانین بوون بۆ کۆمەڵێك بیر و ڕای عەقڵانی بگەڕێنینەوە، هەروەها نیچەش کاتێك دەڵێت مرۆڤ بەرەو باڵا مرۆڤ Super Man هەنگاو دەنێت. بۆیە لای هەموویان ئادەمیزاد ناکامڵ و ناتەواوە[٣٥] .

لە دیوە ئایینیەکەشدا چەندین دەق لەم بارەوە هاتووە و جەخت لەسەر لاوازی و ناتەواوی مرۆڤ دەکەنەوە.

(وخلق الإنسان ضعيفا) (بە ڕاستی ئینسان بە لاواز و کەم توان دروستکراوە و ئەگەر حوکمەکان سوك نەبن پێی هەڵناگیرێن[٣٦] .

(يا أيها الإنسان أنتم الفقرا إلى الله) (خەڵکینە ئێوە نیازمەند و موحتاجی خوان[٣٧] .

"لەبەر ئەوەی کە (لاوازی) و (کۆڵەواری) بە درێژایی ژیان هاودەمی مرۆڤن، ئەوا مرۆڤ

هەندێك لایەنی مناڵێتی هەر تێدا دەمێنێت، کەواتە هەمیشە پێویستی بە شەفەقەت و میهرەبانیە[٣٨] . ئاشکرایە هەر هەبوویەك بۆ ئەوەی بوونی خۆی دەربخات، دەبێت لە (شوێن و کات)ێکی دیاریکراودا بێت. بەتایبەت بە نیسبەت مرۆڤەوە کە کات زیاتر بوونی گرتووەتەوە. نابێت و مومکین نییە مرۆڤ لە دەرەوەی کات بێت، زیاتریش خۆی لە (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) دەبینێتەوە. ئەگینا لای گیانەوەران و هەبووەکانی دی بەگشتی ئەو بایەخەی نییە، ئەمەش لەبەر نەبوونی هۆشیاریان بە کات (زەمەن). هەروەك هایدیگەر لە وتارێك بە ناوی (جەوهەری ئازادی مرۆڤ)دا دەڵێت: "ئێمە پرسیار لە (بوون) بە تەنیا و (کات) بە تەنیا ناکەین، ئێمە هەرگیز ناتوانین لە بارەی (بوون) بە جیا و (کات) بە جیا شتێك بزانین, بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانین شتێك بزانین لەو پەیوەندییە تۆکمە و بە یەکداچووەی نێوانیان و ئەوەش کە لێیەوە دروستدەبێت واتە دەرکەوتەکانی[٣٩] . کەوایە هایدیگەر پێی وایە لەگەڵ باسکردنی مرۆڤ پێویستە باس لە کاتیش بکرێت, چونکە بە سەختی مرۆڤ دەرگیری کات و زەمانە و ناتوانێت لێی جیابێتەوە، هە ڕووداوێك و ئەگەرێك کە بشێت ڕووبەڕووی ئەم (دزاین)ە بێتەوە دەبێت لە کاتدا ڕووبدات.

**” دەکرێت مەحوی یەکێك بێت لەوشاعیرە سۆفییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە شیعری سۆفیگەریدا هەبووە، لە ئەدەبی کوردیدا و شیعرە سۆفیگەرییە کوردییەکانی بە جوانترین شیعرەکانی دادەنرێت “**

مادەم (دزاین) ناکامڵە و مادەم بەپێی زەمەن تەحقیقی وجودی خۆی دەکات، ئەوا گرنگترین کات سەبارەت بە (دزاین) کاتی داهاتووە. بە واتایەکی دی هەمیشە مرۆڤ بیر لە پرۆژەکانی خۆی دەکاتەوە جێبەجێیان بکات، لێرەدا دەگەینە خاڵە گرنگەکە لای هایدیگەر.

**بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن لە بەرامبەر مەرگدا**

(دزاین) ڕووی لە داهاتووە، لە حاڵێکدا کە لە (ئێستا)دایە بەڵام هەنگاو بەرەو (داهاتوو) دەنێت و لە بیری داهاتوویدایەتی. هەروەها گەورەترین و گرنگترین پرۆژە لە داهاتوودا کە -نەك وەك ئەگەرێك- بەڵکو وەك قەرزێکی حەتمی دەبێت

(دزاین) بە ئەنجامی بگەیەنێت بریتییە لە (مەرگ). ئەم (دزاین-خود-بوون)ە کە دەژی، ژیانێکی دابڕاو و دوور لە بووەکانی دی ناژی. "لە توانای مرۆڤدایە گۆشەگیر بێت، کەچی ناتوانێت بە تەواوی تەنیا بێت[٤٠]، چونکە ئەمە بۆ بوونێکی کۆمەڵایەتی وەك مرۆڤ ناگونجێت و لەگەڵ سروشتیدا نایەتەوە. "مرۆڤ کە لەنێو خەڵکدا ژیا ئەوە دەکات کە خەڵك دەیکەن، وا بیردەکاتەوە کە بیر دەکەنەوە، بەو جۆرە داوەری دەکات کە دەیکەن، پێوانەکانی هەمان پێوانەی خەڵك دەبێت. بە کورتی دەبێتە کۆپیەکی دیکەی بێ ناو ناسنامەی خەڵك، ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەوە دووبارەدەکاتەوە، ئەو ڕێیە دەبڕێت کە دەیبڕن، وتەکانی دەبێتە هەمان وتەی بەکارهاتووی خەڵك، لە وەها بارو دۆخێکیشدا مرۆڤ لە تاکیەتی (خودێتی) خۆی دەگوزەرێت، کە (بوونی ڕەسەن)ی خۆیەتی و بەم جۆرەش بە تەواوی دەبێتە شتێك لە نێو شتگەلی دیکەدا و بابەتێك لەنێوان بابەتگەلی دی و دواجار ئامێرێك لەنێو ئامێرگەلی دیکەدا. لەمەشەوە دارمانی تەواوەتی (بوونی ڕەسەن) دەست پێدەکات[٤١] . بە بڕوای هایدیگەر هیچ مرۆڤێك لەگەڵ هاتنە بوونیدا ناڕەسەن نییە، بەڵکو بە هۆی ژینگە و دیاردەکانیەوە بەرەو (بوونی ناڕەسەن) دەچێت و خۆی ون دەکات و پرسیارە گەورەکەی (من کێم؟) پشتگوێ دەخات، "کە بە ڕای کیرگەکۆر نەك بە تەنها پێویستە هەموو کەسێك ئەم پرسیارە لە خۆی بکات، بەڵکو ناچارە کە ژیانی خۆیشی بە وەڵامێکی (خودی) ئەم پرسیارە بزانێت[٤٢] .

(مەحوی) لە گەلێك شوێندا باسی لەم بابەتە کردووە و پێی وا بووە دیاردەکانی دەوروپشت و مرۆڤەکانی دی هۆکاری سەرەکی (ناڕەسەنی مرۆڤ) و نامۆ کردنین. وەك لەم دێڕە شیعرانەدا بە ڕوونی ئاماژەی پێکردووە:

**بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەرسەرابێ بوو**

**هەموو دەشچن بە خنکان ولە وشکیشە مەلەی مەخلووق**

**لە سووقی دەهردا دوکانی هەرکەس موددەتی عومرە**

**گوهەردانە بە پشکڵ دانە "مەحوی" مامەڵەی مەخلووق[٤٣]**

واتە: "خراپ لە دنیا حاڵی بووبووین، وامان زانی کانی ئاوە و ئینسان کە چووە سەری دەحەسێتەوە، کەچی بە بەردەرێژگە دەرچوو کە لە دوورەوە تیشکدەداتەوە و نەزان بە ئاوی دێتە پێشچاو، ئەم خەڵکەیش کە هەمیشە لە هەوڵی دنیادان ڕەنجی بێسوود دەدەن و لە وشکاندا مەلە دەکەن کە بۆ مەلە تێداکردن دەست نادا، لەگەڵ ئەوەشدا بە خنکان دەچن، هەرچەند ئاویش نییە، چونکە ئەوەی مەلەی بۆ دەستخستنی دنیا بێت، ئەنجامی لە خنکان زیاتری دەستگیر نابێ .[٤٤] "دوکانداری هەرکەس لە بازاڕی گێتیدا ئەوەندەی ماوەی ژینیەتی، داخی بە جەرگم ئەم خەڵکە لە باتی ئەوەی لەم ماوەیەدا مامەڵەیەکی وا بکەن ئەو دنیایان لێوە دەسگیربێت، عومری عەزیزی

وەك دەنكە گەوهەر گران بەهای خۆیان بە دەنكە پشقەلی ناچیز و بێ بایەخی دنیا دەگۆڕنەوە[٤٥] .

مەحوی دنیا وا دەناسێنێت كە مرۆڤ سەرەتا بە شتێكی بە بایەخی دەزانێت و پێی وایە دەتوانێت لەڕێی ئەوەوە ئاوی ژیان (بوونی ڕەسەن)ی دەستبكەوێت, بەڵام بە ژیان و كردار بۆی دەردەكەوێت كە لە ناو دنیا و خەڵكدا دواجار مرۆڤ (ڕەسەنیەتی) خۆی لەدەستدەدات و لە ناو بوونە ناڕەسەنەكانی دیكەدا دەخنكێت, ئەگەرچی لە وشكانیشدا بێت. دواتریش (مەحوی) شتەكانی دنیا و ئاڵوگۆڕەكانی بە پشكڵ دەچوێنێت, كە پاشەڕۆیەكی بێ بایەخە و ڕەخنە لەوەدەگرێت كە هەندێك كەس بە ژیانیان لە بری ئەوەی (بوونی ڕەسەن)ی پێ دروستبكەن، خەریكی مامەڵەیەكی نادروستن و دواجاریش سەراپای بوونەكەیان (ناڕەسەن) دەبێت.

## ” پێی وا بووە دیاردەكانی دەوروپشت و مرۆڤەكانی دی هۆكاری سەرەكی (ناڕەسەنی مرۆڤ) و نامۆ كردنین“

**لە ڕووسووری عیبادەت لام و ڕووزەردی خەجاڵەت مام**
**بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم**

واتە: "لە سەربەرزی و ڕووسووری خواپەرستی كلام و ڕووزەردی و شەرمەزاریم بۆ ماوەتەوە، باخەوانەكەم كە خوایە بە ناوی سێوەوە منی ناشتووە، كەچی من بەهێی بۆ دەگرم. ئەو ڕووسووری خواپەرستی لە من دەوێت، كەچی من بەهێی شەرمەزاری و ڕووزەردی بۆ دێنمە بەر[٤٦] .

**تشویش حال من، تو تخلیط من بفهم**
**ز أهل زمانه بس كه رسد بر دلم جفا**

واتە: "بەوەدا بزانە حاڵم تێكچووە، كەوا دەبینی شیعری فارسی و كوردی و عەرەبیم تێكەڵی یەك كردووە، قسەی تێكەڵ و پێكەڵ دەكەم، ئەوەش لەوەوەیە كە مەینەتێكی زۆرم لەسەر دەستی ئەهلی ئەم زەمانەدا چەشتوە و دەردێكی زۆر بەسەر دڵمدا هاتووە[٤٧] .(مەحوی) پێی وایە بوونی ئەوانیتر (الاخرین) لەگەڵ تاكدا دەبێتە هۆی (ناڕەسەن)كردنی و دابڕانی لە خۆی، ئەوەتا دەڵێت ئەو بۆیە شتەكان تێكەڵدەكات، چونكە مرۆڤەكانی دی بوونەتە هۆی ئازار بۆی و دەوروبەر وای لە شاعیر كردووە كە

بەرەو (بوونی نارەسەن) بچێت.

**لە بەنگ ئەم بەنگیانە چی دەبینن، خۆ لە خۆ گۆڕان**
**لە دنیادا مەداری عەیش و خۆشی خۆ نەناسینە**

واتە: "ئەم بەنگ کێشانە چ قازانجێك لە بەنگ کێشان دەکەن لەوە زیاتر کە خۆیان لێ دەگۆڕێت و خۆیان بە شتێکی زل دێتە پێشچاو. دیارە خۆشی و ڕابواردنی دنیا لای ئەم جۆرە کەسانە لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئادەمیزاد خۆی نەناسێتەوە(٤٨) .

(مەحوی) ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ لە دنیادا گەر پشت لە (بوونی ڕەسەن)ی خۆی بکات کە بریتییە لە خۆ ناسین، ئەوا وەك تلیاککێش گێژ دەبێت, چونکە خۆی لێ دەگۆڕێت و وا دەزانێت عەیش و خۆشی لەوەدایە کە خۆی نەناسێت, کە مرۆڤیش خۆی نەناسی (بوونی نارەسەن) تیایدا زاڵ دەبێت. وەك ئاماژەی پێدرا مامەڵەی (بوون-Dasein) لەگەڵ مرۆڤەکانی تر و پڕۆژەکاندا سەرجەم لەنێو کاتدا ڕوودەدەن بەتایبەت (داهاتوو). "لە ڕاستیدا کات دروستکراوی دەستی مرۆڤ نییە، هەروەك مرۆڤیش دروستکراوی دەستی کات نییە. بابەتەکە لێرەدا موڵکایەتی و دروستکردن نییە، ئەوەی هەیە تەنیا (بەخشین)ە(٤٩) ، مرۆڤ لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی ئەم (بوون)ەی بەرەو کامڵ بوون دەبات، چاو لە سبەینێ دەبڕێت و پلانی بۆ دادەنێت. لە ناو سەرجەم ئەم پرۆژانەدا گرنگترین پرۆژە بە لای هایدیگەرەوە بریتییە لە (مەرگ)، ئەویش نەك مەرگی کەسانی دی و شتانی دی, بەڵکو مەرگی (من). بوونگەراکان گرنگییەکی زۆریان بە (مەرگ) داوە, لەبەرئەوەی جگە لەوەی کە (مرۆڤ، من) دەمرێت، لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بە هۆشیارییەوە دەمرێت. هەر ئەم ئاگاییەشە پلەی مرۆڤی بەرز کردووەتەوە، وەك باسکاڵ دەڵێت: "مرۆڤ شتێکی لاواز دەتوانێت لەناوی بەرێت، ئەگەر هەموو جیهان خۆی ببەستێت بۆ کوشتنی ئەوە لەوانیش بەڕێزترە، چونکە تێدەگات کە دەکوژرێت و کوژەری کێیە, بەڵام جیهان بێئاگایە لەو کارەی دەیکات(٥٠) . مادەم مرۆڤ بە ئاگاییەوە دەمرێت ئەوا بێگومان مردنی بە بایەخترە لە مردنی بوونەکانی دیکە. (مەرگ)یش وەك پرۆژەیەك گرنگترین بابەتە سەبارەت بە (خود) لەچاو پرۆژەکانی دی, چونکە دەیخاتە ناو پرۆسەیەکی بیرکردنەوە و کاری لێدەکات, ئەوسا یان فەرامۆشی دەکات و لەبیر خۆی دەباتەوە کە ئەمە لە (بوونی نارەسەن)دا ڕوودەدات، یاخود لە (بوونی ڕەسەن)دا ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوە و وەك ڕاستیەکی حەتمی دەیناسێت.

(بوونی ڕەسەن) بە تەواوی پێی وایە کە (مەرگ) خاسیەتێکی خودیە و تایبەتە بە (من)، لە کاتێکدا (بوونی نارەسەن) خۆی دەخەڵەتێنێت و پێی وایە کە ئەوەی دەمرێت گیانلەبەرو کەسگەلی دیکەن نەك ئەم، بەم جۆرە دەیەوێت خۆی لەم حەقیقەتە ببوێرێت. "مادەم مرۆڤ هەیە، ئەوا دەبێت بونێکی کاتی هەبێت و بمرێت(٥١) . ئاگایی

بە مردن مرۆڤ دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورەوە, چونکە "مردن کێشەیەکی فەلسەفی نییە, بەڵکو کێشەیەکە بریتییە لە: (من دەمرم) و جیاوازیەکی ئێجگار گەورەش هەیە لە نێوان باسکردنی مردن وەك سیفەتێکی گشتی و باسکردنی ئەوەی کە (من دەمرم). هەر بۆیە پێویستە لەم بابەتەدا بگەڕێینەوە سەر مەوجود خۆی[٥٢] . لە ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە کارێك بدزێتەوە, بەڵام سەبارەت بە (مەرگ) ئەوە هەرکەس تایبەتە بە خۆی و کەس ناتوانێت لە بری یەکێکی دی بمرێت. "من دەتوانم کارێك لە بری یەکێکی دی بکەم بەوەی بچمە شوێنەکەی، بەڵام لە مردندا ناتوانم لە بری کەسێکی دی بمرم یان بمەوێت کەسێکی دی لە جێگەی من بمرێت[٥٣] , چونکە (مەرگی من تایبەتە بە من) و ناتوانم ئەمە بەشبکەم لەگەڵ بوونەوەرێکی دیکەدا. "گەر شتێك هەبێت موڵکی من.( Dasein-)بێت مەرگی خۆیەتی کەچی لە شێوەی نارەسەنانەی دازایندا لە هەوڵی ئەوەدایە کە مەرگ دوابخات بۆ داهاتوویەکی نادیار، دوای بخات بۆ کاتێکی دی، کەسێکی دی[٥٤] , کەوایە مادەم مرۆڤ وەك شتێکی حەتمی دەبێت بمرێت و جگە لەوەش بە هۆشیارییەوە دەمرێت، هەروەها مادەم (مەرگ) کۆتایی بە پرۆژەکانی تر دێنێت و بەر لەوەی مرۆڤ بە خۆی بزانێت توشی دەبێت، ئەوا هەڵوێستی مرۆڤەکان لە هەمبەر مەرگدا چەند جۆرێکە, هی وایان هەیە خۆی لێ دەدزێتەوە یاخود پێی وایە جاریٚ نامرێت، هی واش هەیە بەوپەڕی ئازایی و جەربەزەییەوە ڕووبەڕووی ئەم بابەتە دەبێتەوە و ئەمەش تیایدا ڕەنگدەداتەوە.

**” مەحوی دنیا وا دەناسێنێت کە مرۆڤ سەرەتا بە شتێکی بە بایەخی دەزانێت و پێی وایە دەتوانێت لەڕێی ئەوەوە ئاوی ژیان (بوونی ڕەسەن)ی دەستبکەوێت، بەڵام بە ژیان و کردار بۆی دەردەکەوێت کە لە ناو دنیا و خەڵکدا دواجار مرۆڤ (ڕەسەنیەتی) خۆی لەدەستدەدات “**

(هایدیگەر) باس لەو حاڵەتانە دەکات کە لە کاتی باسکردن یاخود بیر لێکردنەوەی مەرگ بەتایبەت (مەرگی خود) بەرەو ڕووی مرۆڤ دەبنەوە، بە تایبەت جەخت لەسەر دوو حاڵەت دەکاتەوە, ئەوانیش (ترس و دڵەڕاوکێ). (بوونی نارەسەن) بوونێکە لە خۆی دابڕاوە و -بە وتەی مەحوی- هێندە تێکەڵی دنیا بووە ناسینی خۆی بیرچووەتەوە، بەڵام

(بوونی ڕەسەن) لە مەرگ ناترسێت, بەڵکو (قەلەق، دڵەڕاوکێ)ی بەرامبەری هەیە. عەدەمیش لە قەلەقییەوە دروستدەبێت. ئێمە قەلەقین نازانین بۆچی و لەبەر چی؟ دوای تێپەڕینی حاڵەتەکە دەبینین ئەوەی قەلەقی کردبووین عەدەمە و شتێك نییە. لە حاڵەتی قەلەقیدا, چونکە مرۆڤ بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە (بوونی ڕەسەن)ی خۆی بەدیدێنێت. "هیچ (عەدەم) نە بابەتە و نە بوونەوەرە بەگشتی، عەدەم نە بۆ خۆی و نە شانبەشانی بوونەوەر بەگشتی کە لەهەمان کاتدا پێوەی بەندە دەردەکەوێت. هیچ (عەدەم) مەرجی ڕێخۆشکەری دەرکەوتنی بونەوەر وەك بونەوەرە بۆ بوونی مرۆڤ[٥٥] . ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە (قەلەق) لە بەرامبەر (خود) و ئەوانی تر مرۆڤ دەخاتە بەردەم ناسینی ڕەسەنایەتی خۆی. "مرۆڤ بۆ ئەوەی بکەوێتە حاڵەتی عەدەمەوە پێویستە مەوجود لێی کشابێتەوە و کەسەکە هیچ پەیوەندییەکی بە مەوجودەوە نەمابێت و بە نیسبەت ئەمەوە مەوجود وەك نەبێت وابێت[٥٦] . واتە گەر مرۆڤ بیەوێت (بوونی ڕەسەن)ی هەبێت, دەبێت گرنگی لە ڕادەبەدەر بە دەوروبەر نەدات و هەوڵی خۆناسین بدات. ئەم کێبڕکێی (قەلەق و ترس)هش لە مرۆڤدا دەبێت بە هۆی ئەوەی کە خۆی بناسێت. "تەنیا لە مەرگدایە هەست کردن بە تەنیایی ڕاستەقینە دروست دەبێت, چونکە هیچ کەس ناتوانێت ئەو بارە سەنگینە لە بری من هەڵبگرێت! قەلەقیش لە بەرامبەر مەرگدا تەنیایی خۆم تا دوا پلەی خۆی پیشاندەدات، هەر ئەم شعورەشە توانایی دەدات بۆ دۆزینەوەی بوونی ڕەسەنی خود[٥٧] . مەحوی لە گەلێك شوێنی شیعرەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە مرۆڤی ڕەسەن ئازایانە واز لە دنیا دێنێت و بێ ترس بەرەو ڕووی مەرگی خۆی دەبێتەوە کە دەڵێت:

**دەوای ئەم نەفسە مەلعونەت دەوێ، هەردەردە وەك جیوە**
**کە هاتی کوشتن، ئەوڕۆحی مەحز، ئەم جەوهەری زیوە**

واتە: "وەك چۆن جیوە تا لە جووڵە نەخرێت و نەمرێنرێت، کەڵکی لێ وەرناگیرێت. نەفسیش تا نەکوژرێت چار ناکرێت، جا کە هاتی هەردوکیانت کوشت جیوەکە وەك زیوی لێدێت و نەفسیش دەبێت بە ڕۆحێکی پاك و بێگەرد[٥٨] . بەو واتایەی گەر مرۆڤ بیەوێت (بوونی ڕەسەن)ی دەستبکەوێت دەبێت نەفسی خۆی وا ڕابێنێت کە بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، نەك نەفس بۆ کوێ بیەوێت لەگەڵ خۆی کێشی بکات، چارەسەریش کوشتنی نەفسە.

**"بەجێ نایێ دەبێ ڕوو بکەینە سارا**
**حەقی ئادابی مەجنونی لە شارا[٥٩]**

گەر (بوون، مرۆڤ) بیەوێت بەڕاستی عاشق بێت و بگات بە یاری کە سەرچاوەی ژیان و ڕەسەنایەتی ئەوە، دەبێت لە شار و ئاوەدانی دەربەدەر بێت و ڕوو لە سەحرا بکات,

ئەگەر دەیەوێت وەك مەجنون حەق (ئادابی عیشق) بدات, چونکە خەڵك و دنیا هۆکارێکن بۆ نامۆبوونی مرۆڤ و بە خۆیانەوە سەرقاڵی بکەن.

**” (بوونی ناڕەسەن) بوونێکە لە خۆی دابڕاوە و ـبە وتەی مەحوی ـ هێندە تێکەڵی دنیا بووە ناسینی خۆی بیرچووەتەوە، بەڵام (بوونی ڕەسەن) لە مەرگ ناترسێت، بەڵکو (قەلەق، دڵەڕاوکێ)ی بەرامبەری هەیە “**

مەرجیش نییە دەرچوون لەناو خەڵك و ڕووکردنە سارا بەرجەستەبێت، واتا لەوانەیە ئەو ڕۆیشتوون و دەرچوونە لەناو خەڵك بەرجەستە نەبێت، بەڵکو بەوەبێت لەناوەوەیدا خۆی لە خەڵك داببڕێت ڕووبکاتە سارایەك کە سارای بوونی خۆیەتی و لەگەڵ ئەو بوونەی خۆیدا ئازادانە بژی، چونکە ئەگەر لەناو خەڵکدا بێت لەم ئازادی و سەربەستییە خودییە بێبەش دەبێت.

**"موستەغنیە لە مەنئی سەفینە و سەفینەوان**

**هەرکەس کە ئیشی هەربە خودا بێ، نە ناخودا**(٦٠)

واتە: هەرکەس تەنیا (خودا) کە سەرچاوەی ڕەسەنایەتییە بناسێت, ئیدی باك و منەتی نییە بە هۆکارەکان و ناچێتە ژێر باری ئەوانەوە و کارێك ناکات هێندە بەرەو لای خۆیان پەلکێشی بکەن تا لە (خودا) دووری بخەنەوە. تەنانەت ئەمە لای (مەحوی) زیاتر دەڕوات و پێی وایە گەر مرۆڤ بیەوێت بگات بە (یار، ڕەسەنی) دەبێت بەرەو عەدەم بچێت کاتێك دەڵێت:

واتە عەدەم ئاشکرا دەکات و دەبێتە هۆی کشانەوەی مەوجودیەت، ئەو ساتە کە مرۆڤ هەست بەبوونی خۆی دەکات بوونی هەر مرۆڤێك لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە ڕاڕادەبێت و چونکە لە ڕاڕاییدا لە بوون دادەبڕێت هەست بە بوونی خۆی دەکات.

**"بێ چوونە عەدەم، پەی بە سوراغی دەمی نابەی**

**فایزببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بە ڕۆچوون**(٦١)

شاعیر پێی وایە بێ ئەوەی بچێتە ناو عەدەمەوە و تیایدا ڕۆبچێت ناتوانێت بگەیت بە (یار، ڕەسەنی). هەرکەس دەیەوێت بگات بە یار دەبێت قوربانی بدا و ئامادەبێت لە گشت شتێك بگوزەرێت و بەرەو عەدەم بچێت بۆئەوەی (گەوهەر، ڕەسەنیەتی) دەستبکەوێت.

سەبارەت بە مەرگ, مەحوی پێی وایە دەبێت بە جەرگانە ڕووبەڕووی بینەوە. چونکە ئەوە کەسەی لە مەرگ دەترسێت کەسێکە هەوڵی دنیا دەدات و خۆی و گەیشتن بە یاری ڕاستەقینەی لە بیرکردووە,. بەڵام بوونی ڕەسەن ناترسێت, بەڵکو لە بەرامبەر مەرگدا قەلەقە، چونکە قەلەقی وامان لێدەکات لە خەمی ڕاستەقینەی خۆماندا بین نەك کاری ساختە. "ئێمە دەتوانین لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لە جیهاندا و لە بوونماندا لەگەڵ ئەوانی تردا ئارامی بەدەست بهێنین و لە ڕیشەی دۆخی مرۆیی هەڵبێین، بەڵام دڕدۆنگی فرێمان دەداتە دەرەوەی ئەم ئاسایشە ساختەیە و وامان لێدەکات هەست بە پەشێوی بکەین و هەست بکەین بەوەی کە لە ماڵی خۆماندا نین[٦٢] , هەر بۆیە (مەحوی) مەرگ بە ڕوداوێك دەزانێت کە شایەنی ڕووبەڕووبوونەوەیە و جێی تێڕامانەو تەنانەت لە هەندێك شوێندا دەگاتە ئەوەی کە (مەرگ) لە پێشتر دەزانێت بەسەر (ژیان)دا. کاتێك ژیان بەو جۆرە نەبێت کە مرۆڤ لێیەوە ڕەسەنیەتی خۆی بەدەست بێنێت، وەک دەڵێت:

**"بە پیری مەرگەوە فرسەخ بە فرسەخ ڕۆیون مەردان**
**ئەوی باکی لە مردن بێ، دیارە بڵح و نامەردە[٦٣]**

شاعیر دەڵێت: مەردان یاخود ئەوانەی خاوەنی بوونی ڕەسەنن و لە مەرگ ناترسن بە پێی خۆیان بەرەو مردن ڕۆیشتوون, ئەوانەش کەلە مەرگ دەترسن (نامەرد – نارەسەن) ن, چونکە مەرگ مەنزڵگایە نەك شتێکی تۆقێنەر.

**"ئەوەندە تەنگ و ناخۆشە، لە دنیا**
**خۆشە دەرچوون، ئەگەرچی بۆ سەقەرچین[٦٤]**

مەحوی فەزڵی مردن و ڕۆیشتن لە دنیا دەدات بەسەر ژیاندا. ژیانێك کە (مرۆڤ، خود)ی ڕەسەن بە تەنگ و تاریکی دەزانێت و پێی وایە کە مایەی ئاشوب و نارەسەنییە، گەر بێت و سەرەنجامی ئەو ڕۆیشتنە بۆ (دۆزەخ-سەقەر)یش بێت. هەر لەچاو ئەو ژیانەدا باشترە, چونکە دنیا بۆ کەسی تێگەیشتوو بە وتەی مەحوی مایەی لە دەستدانی ئامانجە بەرز و بە نرخەکانە و پێی وایە کە چەندە پشت لە دنیا و دیوە هەڵخەڵەتێنەرەکەی بکرێت هێندە بەرەو ڕەسەنیەتی دەچین.

**لە حینی نەزعی ڕۆحا، ڕۆحی عاشق**
**وتی ئۆخەی لە میحنەت خانە دەرچووم**

مەحوی بە شێوازێکی ستاتیکانە لەوە دەدوێت کە لە کاتی لە دنیا دەرچوونی (ڕۆحی عاشق)دا (بوونی ڕەسەن) کە لە مەرگ ناترسێت و بگرە بە دیاریشی دەزانێت، ئەو ڕۆحە بە زمانی حاڵ دەڵێت: ئۆخەی کە لە مەیدانی ئازار و نارەحەتی و نامۆبوونەوە دەگوازمەوە و دەڕۆم.

**بەشی چــوارەم**

**مەحوی لە جو انییەوە بۆ جو انییەکانی دی**

جوانی یان ئیستاتیکا لقێکی سەرەکی ئەدەبە و بەشێك لە پێکهاتەکانی دەق بەرجەستە دەکات، لەو ڕوانگەیەوە هەندێك لە شاعیران ئەو بابەتەیان زۆر بە وردییەوە بەرجەستە کردووە، بۆ نمونە مەحوی دەڵێت:

**بنوسە پیری دڵم ئەمری کرد ئیتاعەم کرد**
**لەئیبتداوە کە بە یێ موناسبی دیوان**
**گەدایەکی وەکومەحوی قەلەندەرێکی کورد**
**میسالی پادشەهی فورسە، ساحێبی دیوان**[٦٥]

مەحوی تەنها بەرهەمی سەردەمی خۆی نەبوو، بەڵکو دەکرێت بڵێین بۆ گشت سەردەمەکان گونجاوە، مەحوی چۆن لە کوردیدا شارەزا بووە، لە فارسی و تورکی و عەرەبیشدا ئامادەیی باشی هەبووە، بۆیە "سەجادی" دەڵێت: "مەحوی ڕاستە بە فەلسەفە پەرستی و دەروێشی و عیبارەت ڕێکخستنەوە خەریکەبووە، بەڵام لەبن دەست ئەمەشەوە قسەی نەستەق و حیکمەتی بەر نەداوە [٦٦].

**" مەحوی لە گەلێك شوێنی شیعرەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە مرۆڤی ڕەسەن ئازایانە واز لە دنیا دێنێت و بێ ترس بەرەو ڕووی مەرگی خۆی دەبێتەوە "**

کەواتە: گەلێك باڵا قسەکانی بۆ دانسقە ئەشێن و پارسەنگی بوونی چاك هەڵسەنگادووە، بۆیە دەڵێت:

**چبکەم نە ئەوکەسەم کە کەسم بێ لە لابەکەس**
**خۆیشم نەگیمە ئەوکەسەی من بکا بە کەس**[٦٧]

کەواتە بوون وەکو فەلسەفە دەرئەخا، هەرچەندە ئەو بیرە پێش مەحوی کەوتووە، چونکە (مەعەڕری و خەیام)یش قسەیان لێوەکردوە, بەڵام نرخی مەحوی بەوە دەرئەکەوێت بە شوێن بیروباوەڕی فەلسەفەدا چووە و ویستویەتی ئەدەبیاتی کوردیش لەوجۆرە بێبەش نەبێت.

مەحوی لەناوەرۆکی شیعرەکانیدا خوێنەر بەرەو ڕووی جوانکاری و ڕەوانبێژی و بوونی دەق نابات، ئەوەندەی پەلکێشی دەکات بۆ گەیشتن بە نهێنیەکانی بوون، بەهۆی

هەستەوە لە بابەت تێگەیشتن بەرەو تێڕوانینی هەست بۆ بوون ناسکتر و چێژدارتر دەکات. هەڵبەت خود نەبینی مەدلولێکی ئەخلاقی هەیە کە کەوتن و خۆبەکەم زانین و خۆبەشت نەزانین و خۆ بە هیچ نەزانین مەدلولێکی عاریفانەی هەیە، کە بینینی پەردەی خود و هەستانەوەیە[٦٨] . کەواتە خۆ بەگەورە زانین و سەرسوڕمان لە خود هەندێکجار بەهەڵە "من"یشیان پێ ووتوە، ڕەنگە نزیکەکەی لەگەڵ خود بوون ڕوونتر بکاتەوە، دەڵێت کەسی باخود و لەگەڵ خود بوون، تەنها لەگەڵ منەو کاری هیچ کەس، بینین ئەوانی تر و هەموو کەس بینین خۆیەتی، منێکی لەم جۆرە ئاوساوی گەورەبوونە, خودی ئەمە خۆی نەخۆشییەو پاشان سەرچاوەی نەخۆشی، بە لایەنی کەمەوە بوون مانایەکی ڕوونی لە بۆچوون و ڕوانینی رزگاربوونە لە چەند خودی و گەیشتن بە تاك خودییە، ئەمەش گەرچی دەوای خودپەرستی و ناموس و نەمانی مەحوی لەناودایە, بەڵام هەمان ئەوە نییە, بەڵکو جوڵەیەکی بوون وجودیە نەك ئەخلاقی و بزاوتێکی ستوونییە نەك ئاسۆیی و ڕزگارییە لە شیرك نەك لە چەپەڵی و پیسی، دەروون ڕەنگە لەگەڵ مانای خودیدا دەربکەوێت، بەڵام هەڵبەتە لەگەڵیدا یەك شت نییە زیاد لەوەی کە دەروون کوشتن و لێدان بێت، دەروون ڕازاندنەوەیە، ئەم خود بونەو خود گەرییە، ئەگەرچی لەڕووی ئەخلاقییەوە شتێکی چاکە, بەڵام لە کوێی خود و لە کۆی خاڵ بوونەوەیە، بەڵام ئەمانە هەموویان لەبواری بابەتی و زانست و ئەخلاقدان کە کاریان بەهۆ و کاریگەریی چاکەو ناشرینی بوونەوە هەیە.

کەواتە قسەکردن لەسەر ئەزموونی شیعری مەحوی زیاتر لە دەرەوەی دەقەکانییەتی، ئەمەش وایکردووە کە هەندێك حوکم بدرێت بەسەر ئەزموونی شیعری ئەم شاعیر, دیارە کە لە دەرەوەی جیهانبینی شیعری ئەودا بێت، مەحوی وەکو کەسێکی دنیانەویستی ڕاوەستاو لەبەردەم قاپی خودا پێشکەش بکات, کە چاوەروانی سۆز و بەزەیی خودایە یان وەکو سۆفییەك لێی بدوێن, کە دەستی لە دنیا شۆردووە و خۆی بۆ ئەو دنیای درێژ خایەن ئامادەکردووە، بێگومان ئەوەی ئاشکرایە لە ئەزموونی شیعر مەحویدا وەك زۆربەی شیعری شاعیرانی دیکەی کلاسیك شیعر ناونیشانی نییە، لە ڕەخنەی هاوچەرخدا ناونیشانی دەق وەکو کلیلی کردنەوەی دەق سەیر دەکرێت، هەربەو پێیەش نەبوونی ناونیشان لە هەر دەقێکدا هۆکاری یاریدەدەر بۆ کردنەوەی دەرگای دەقەکە لەدەست دەدات, بۆیە دەبێت لە خودی دەقەوە دەستپێبکەین و شۆڕبینەوە بۆ ئاستی قوڵ و نائاشکراو نادیاری دەقەکەیە، کە لە ڕوانینی ئەوەوە عیشقبوون ماکی نەمری هەڵدەگرێت یان نا:

**"مردنێکی لەبەرئەوقاپییەدا مەردانە**

**بەخودا چاترە ئەمرۆ لەگلاراوی حەیات[٦٩]**

مەحوی پێشتر باسی ئەوە دەکات کە لەبری ئاوی حەیات ئەو خاکی بەردەرگای یار دەخوات, دڵنیاشە کە ئەو خاکە ژیانی هەتا هەتایی بۆ دەستبەردەکات, بەو پێیە مەحوی خۆڵی بەردەگای یاری پێپەسندترە لە ئاوی حەیات، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ڕایەڵی عیشق ئەوەندە بەهێزە یاری کردووە بە نمونەی باڵا و بە هێمای پیرۆزی .

کەواتە مەحوی توانیویەتی زانستیانە پراکتیزەی زمان بکات, چونکە قوربانیدان لەپێناو عیشقدا جۆرێکە لەقوربانیدا، لە ئاستێکی دیکەشدا دەتوانین بڵێین قوربانیدانە لە سنووری پەیوەندییەکدا کە عاشق و مەعشوق تێدا دەبنە یەك بەو پێیە دەبێتە مردن لەپێناوی خودا.

**” بەو واتایەی گەر مرۆڤ بیەوێت (بوونی ڕەسەن)ی**
**دەستبکەوێت دەبێت نەفسی خۆی**
**وا ڕابێنێت کە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە،**
**نەك نەفس بۆ کوێ بیەوێت لەگەڵ خۆی کێشی بکات،**
**چارەسەریش کوشتنی نەفسە “**

ئەم بابەتە ڕووبەرێکی فراوان لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە داگیر بکات, هەر لێرەشەوە بانگەشەکردنی مەحوی بۆ پشتکردن لەم دنیا و بەکارهێنانی لەپێناوی ئەم دنیادا دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە:

**" ئەگەرئازادەگییەك بێ لە عەدەمدا بۆمان**
**چی هەیە غەیری بەپێچی لە پەل داوی حەیات[٧٠]**

مەحوی پەیوەندییەك لەنێوان بوون و نەبوون و ئازادی دروستدەکات, لێرەدا سێ چەمکی فەلسەفی دێنێتە پێشەوە, یەکەم چەمکی ئازادییە، کەواتە ئازادی لە ڕوانینی مەحوی چییە، چی دەگەیەنێت، مانایەك هەڵدەگرێت چۆن گوزاشتی لێدەکرێت، ئایا مەبەستی ئازادیی تاکە کەسە یان ئازادیی کۆمەڵ، ئایا پەیوەندییە لەنێوان ئازادی و ڕۆحی گشتیدا هەیە یان مەحوی هەوڵدەدات پەیوەندییەکی لەو جۆرە لەنێوان ئەو چەمکەدا دروستبکات. ئایا پەیوەندیی بوون و ئازادیی چییە؟ ئەمەش چ کاریگەرییەکی لەسەر شوناس هەیە، ئەی داخۆ ئازادیی چ پەیوەندییەکی بە نەبونەوە هەیە؟ ((لێرەوە جیهانبینی گشتی شیعری مەحوی دەردەکەوێت, کە جیهانبینییەکی مەودا فراوان و ڕەگ و ڕیشەدارە، جیهانبینیەکە پەیوەستی مەسەلە گەورەکانی بوون و نەبوونە، ئەمەش

دەریدەخات کە مەحوی کەسێکی سادەوساکار نییە، بەبێ دید و بۆچونێکی تایبەتی خۆی بۆ ژیان دەستی دابێتە شیعر نووسین, هەرچەندە لە خۆوەیی بێ بە نامەیەکی فیکر و مەعریفی قووڵ لەبارەی بوون و ژیان و مردنەوە بە دید و تێروانینی ئەم شاعیرەهوە دیارە, کە ئەوەش وایلێکردووە کە هەمیشە بێئومێد بێت بەرامبەر لە ژیان و هەمیشەش غەمبار و نیگەران دەربکەوێت[٧١] .

## مەحــوی و بەناسنامــەبوونی زمان

زمان لە ژیانی مرۆڤەکان ڕۆڵێکی مەزن بۆ گەیاندنی هەر بیرکردنەوە و فکرێك دەگێڕێت, کەواتە زمان دەسەڵاتێکی باڵای لە ژیانی  مرۆڤەکاندا هەیە، بەهۆی کۆمەڵێك هێما و ئاماژەی بەرهەمهێنراوەوە، زمان وەکو ناسنامەیەك دەکرێت تێیبروانرێت، بەتایبەت بۆ ئەو میللەتانەی کە سەربەخۆ نین یان بەمانایەکی تر ناتوانن ممارسەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی بە زمانی خۆیان بکەن، بۆیە زمان هۆکارێکی زۆر گەورەیە بۆ یاخیبوون، لەو ڕێگایەوە مرۆڤە ژێردەستەکان لە توانایان دەبێت بوونی خۆیان بسەلمێنن. سەردەمی مەحوی زمانی کوردی لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی، عەرەبی و تورکی دابووە، بۆیەش لەو سەردەمەدا وا باو بووە ئەوەی بەم زمانانە نەدوێت توانای شیعر نوسینی نییە، زۆربەی شاعیران هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەم زمانە شیعر بنوسن, مەحوی یەکێکە لەو شاعیرانەی گەمەی سەیری لەگەڵ وشەو زماندا کردووە، "بایەخی شیعری مەحوی لەڕێی سیحری بوون و زمانەکەیەوە دەردەکەوێت، هەر لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ زماندا داهێنانەکانی ئەفراندووە، شیعر گەمەکردن نییە بە زمان بەڵکو گەمەکردنە لەگەڵ زماندا, ئەمەش کۆی لادان و پەیوەندیی نێوان وشەکان دەگرێتەوە جا چ لادانی مانایی فەرهەنگی وشەکان یان لادانی شێوازی بێت, شاعیر پەنا بۆ زمانی ئاخاوتن بۆ ئەفراندنی شیعر دەبات، کاتێك شاعیر ئەو باڵا دەستیەی بەسەر زماندا هەبێت[٧٢] ، بێگومان داهێنانی جوان پێشکەشدەکات، لێرەوە پەیوندییەکی سەیر لەنێوان شاعیرو زماندا دروستدەبێت، شاعیر دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ زماندا و چێژ لەیەکتر وەردەگرن, بۆنمونە مەحوی دەڵێت:"

**لەدڵدا خەلق و خوا بوو فائیدەی چی**
**کە دەم پڕبێ لــە "أیـاك.. و ایاك"**
**دەزانی جیفەیە دنیا دە حەیفە**
**وەکوو سەگ ئەم شەڕو شۆڕە لەسەر لاك**
**خودا تۆ لاگری لەو لاکە" مەحوی"**
**بەجاهی پادشاهی تەختی لولاك[٧٣]**

دەشێت ئەرکی شیعر لەمیانەی کاریگەریی لە دەقی ئەدەبیدا دەستنیشان بکەین, هەرچەندە ئەرکی شیعر وەکو بابەتێکی ئەبستراکت ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری پێکهاتەی دەقی شیعریدا هەیە، لەبەر ئەوە سیمایەکی تەکنیکی و ئیستاتیکی بەدەق دەبەخشێت، یاکۆپسن دەڵێت: "چەمکی شیعر ناجێگیرەو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگاردا دەگۆڕێت، بەڵام ئەرکی شیعر واتا شاعیریەت وەکو فۆرمالیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە ڕەگەزێکی تاکەو ناکرێت بەشێوەیەکی میکانیکی لەنێو ڕەگەزەکانی دیدا جەم بکرێت، بەڵکو دەبێت لێیان جیابکرێتەوە بێلایەنیەکەی بخرێتەڕوو[٧٤] .

**" سەبارەت بە مەرگ، مەحوی پێی وایە دەبێت بە جەرگانە ڕووبەڕووی بینەوە. چونکە ئەو کەسەی لە مەرگ دەترسێت کەسێکە هەوڵی دنیا دەدات و خۆی و گەیشتن بە یاری ڕاستەقینەی لە بیرکردووە "**

یاکۆپسن شاعیرییەت بە زانستی ئەدەب دەبەستێتەوە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان سەرجەم بنیاتی زمانەوەری پێکدەهێنێت، بەوەی کە ئەرکی شیعر بە سیمۆلۆژیاوە بەندە، بە بۆچوونی ئەم بیرمەندە شاعیریەت بەشێکە لە زمانەوەری، واتە لەدەستنیشانکردنی ئەرکی شیعردا دەبێت بایەخ بە سەرجەم ئەرکەکانی زمان بدرێت، بەڵام ناشێت شاعیرییەت لە چوارچێوەی ڕوخساری دەرەوەی شیعردا دەستنیشان بکرێت، بەڵکو دەبێت بایەخ بە ناوەڕۆکی ناوەوەو شاراوەی هێماکانی زمانی دەق بدرێت، زمانی شیعری لای یاکۆپسن لە زمانی ئاسایی یەك واتایی جیاوازترە، چونکە زمانی شیعر ئەرکێکی دی دەگێڕێت و لە سنووری زمانی ئاسایی دەردەچێت, بەو مانایەی کە زمانی شیعری ماناو ڕاڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت کە لەمیانەی پەیامێکەوە مەبەستێك دەگەیەنێت، کەواتە شیعریەتی دەق لای مەولانا مەحوی لەمیانەی بەرجەستەکردنی زمانەوە لەو دوورەوە بەرجەستەبووە[٧٥] :

یەکەم: تەوزیفکردنی زمان یان پراکتیزەکردنی وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی شیعری.

دووەم: بەرجەستەکردنی زمان لە چوارچێوەی مەبەستی ئایینیدا.

لە حاڵەتی یەکەمدا زمان ئامرازی گەیاندنی مەبەستە لە حاڵەتی دووەمدا زمانی

شیعرەکە کۆمەڵە کۆدێکە بۆ گوزارشتکردن لە هەستی دەروونی لە ئەزموونی شاعیرتێدا ڕەنگدەداتەوە.

## تێگەیشتن و شرۆڤەکردن

دازایین "وەك تێگەیشتن پرۆژەی بوونی لەسەر ئەگەرەکان دادەمەزرێنێت، ئەم بوونە ڕووەو ئەگەرەکان لایەنی هێزەکی دازاینە و لەم ڕێگەیەوە ئەگەرەکان دەردەکەون، پرۆژەکردنی تێگەیشتنیش خاوەنی ئەگەری بەرەو پێشەوەچوونە، ئەم بەرەوپێشەوەچوونە بە ڕاڤەکردن دادەنێن، لە ڕاڤەکردندا تێگەیشتن بە تێگەیشتنەوە لە بابەتە تێگەیشتراوەکەی تێدەگات، لە راڤەکردندا تێگەیشتن جیانابێتەوەو بە شتێکی دیکە نابێت، بەلکو دەبێت بە تێگیشتن ڕاڤەکردن بونگەرانە لەسەر زەمینەی تێگەیشتن سەرهەلدەدات، بەڵام تێگەیشتن لە ڕاڤەکردنەوە پەیدانابێت[٧٥] ، بوون وەکو تێگەیشتن بوونیادێکی بوونگەرانەیە، لەگەڵ ئەم بونیادەدا تێگەیشتنیش هەمان گرنگیەتی هەیە هەرچەندە مەزاج خەفەی دەکات، بەڵام مەزاج بەردەوام تێگەیشتنی لەگەڵدایە، تێگەیشتنیش خاوەنی مەزاجە ئەگەر ڕاڤەی تێگەیشتن وەکو پێش مەرجێکی زانستی بوون بکرێت، ئەوا ئەم دیاردەیە دەبێت بەشێوازێك کە بنەڕەتی بوونی دازاینە.

"دازایین بۆ ئەو بوونە هێزەکییە دەگەڕێتەوە کە هەیەتی و ئەگەری بوونێکی سەربەستە لە چەند شێوازو ڕێگایەکی جۆراوجۆردا کە بە شەفافی دەردەکەوێت، تێگەیشتن بوونی لایەنی هێزەکی ئەو بوونەیە کە هێشتا نەبووە بەشتێکی زەقی دەرەکی، چونکە تێگەیشتن هیچ کاتێك نابێت بەو بابەتە دەرەکییە، بەڵام مرۆڤ تێدەگات، کە دەبێت بە ئەو یان ئەم هەبووە[٧٦] ، بە تێگەیشتنەوە دەزانێت چی ڕوودەدات و چی توانایەکی بۆ بوون هەیە، ئەم زانینە لە هەستکردن بە بوونی خۆیەوە سەرهەلنادات، لەنێو ئەو بوونەدایە کە لەوێدا هەیە بە تێگەیشتن دامانا، مادام دازاین بە تێگەیشتن لەوێدایە دەشێت توشی هەڵە بێت و نەتوانێت خۆی بناسێت بەو ڕادەیەی مەزاج و تێگەیشتن هاوشان ڕادەوەستن و خۆیان دەخەنە ژێر دەسەڵاتی فرێدانەوە دازایین تووشی هەلە دەبێت و خۆی ناناسێتەوە، لەم حالەتەدا لایەنی هێزەکی بوونی بۆ خۆی ناناسێتەوە دۆزینەوەی ئەگەرەکانی بوونی دەکەوێتەگەڕ، تێگەیشتنی پێش مەرجی زانستی بون بوونی هێزەکی دازاینە، بەجۆرێکە کە لە ڕێگەیەوە ئەم هەبووە لەنێو بوونیدا خۆی دەردەخات.

## دۆزینەوەی ڕەهەندی بوون لای مەحوی

دۆزینەوەی بوون هەروا کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو مەبەست و

گوتراوانەی تیایدا پەنهان، بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، ئەمەش خوێنەر تووشی لێکچوونی شتەکان دەکات، "حەقیقەت تا ئەو ئاستەیە کە لە شکۆمەندیی هەقیقەت دانەگرێت[٧٧] ، واتە ئەوەی کە دەیڵێت ئەمەیە ژیان یان ئەمەیە حەقیقەتی ژیان دەکرێت ئەمە بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورە بێت لەو نیوەندەدا کە نێوی حەقیقەتە لە ژیان و حەقیقەتە لەدونیا.

**” مەحوی فەزڵی مردن و ڕۆیشتن لە دنیا دەدات بەسەر ژیاندا. ژیانێك کە (مرۆڤ، خود)ی ڕەسەن بە تەنگ و تاریکی دەزانێت و پێی وایە کە مایەی ئاشوب و ناڕەسەنییە “**

هەڵبەت گرنگە ئەوە بزانین بەشێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەکان بەو شتانە ئاشنا بێت کە زیاتر بەرجەستەن، واتە شتانێکی دیار و کۆنکریتی و دیارن و ئاسان پێیان ئاشنا دەبین و لێیان ئاشنا بێت، کەواتە مەحوی لەم ڕووە جوان پێمان دەڵێت سەبارەت بە بوون ئەو کێشەیەو نیوی کێشەی دونیایە بە تەواوی لەسەر بوونی ساختە جێگیری دەکات، بە ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت کە پێویستە ئیدی مرۆڤ بوونی ڕاستەقینەی هەبێت و بەبێ درۆ بژی و لە فێڵەکانی بوونی ساختە تێبگات بۆ نموونە:

**بەکەم مەگرە سروشك و ئاهو ناڵەی بێ نەو ایانت**
**کە سەیلی بێ ئەمانە، بیری دڵدۆزە، گوڵڵەی وەروەر**
**چ کەس نابێ بە کەس دارم، نیە لەو بەردەرە یارم**
**خودایە تۆ بکەی چارم، کەسێکم بێ کەس و بێ دەر**[٧٨]

"لە تێکستی مەحویدا حەقیقەت شوێنێك داگیر دەکات، کە گوزارشتە لە بیری قووڵی مەحوی چێژی بۆ حەقیقەتی یەزدانی ئەو حەقیقەتەی کە لە ڕێگەی میتۆدی کەشفی زاتی(واتە خودی) دەردەکەوێت[٧٩] ؟ کە کەش و نەرێتی باو و سوڕاو ڕەتدەکاتەوە، لەلایەکی دیش وەك سەلەفییەك باوەش بۆ حەقیقەت دەکاتەوە، ئەم وشێنە پێهەڵگرتنە سەلەفییە مانای گوزەرکردن بەرەچەی پێشینە. ڕووکردنە خوداو ملکەچی یاسا و جێبەجێکردنی وشە بە وشەی کتێبی پیرۆز .

مەحوی دەڵێت:

**خودا بیدات بەرحمەت ، داغی دڵ چاوی دڵە(مەحوی)**
**بە گریە، چاو ئەگەرچوو، شك دەبەم چاوێکی بیناتر**[٨٠]

مەحوی لەم بەیتەدا کە دەتوانین بە شا بەیتی قەصیدەو تەنات ئەنجامیشی دانێین، مەڵەیەکی نوێ و هونەرمەندانەی بەجۆرێك لەگەڵ پێکهاتەی داهێنانەکەدا کردووە، کە لە حاڵەتی ئاسایی و فەرهەنگی و ڕۆژانەوە، گواستویەتیەوە بۆ دۆخی شیعرییەتێکی ئەوتۆ کە کۆمەڵێك ئەرك و پێداویستی نوێی خستوتە ئەستۆی وشەو دەستەواژەکانەوە, دڵی بێ خەم و شاد لە میتۆدی عیشق عیرفانی مەحویدا بەتاڵ و عەدەمئامێزە لە پەنتاییەکی بێبەهادا گڕدەخواو دەخولێتەوە.

کەواتە لەم بەراووردکردنی بوونە دەڵێین کە هەموو بونخوازێك و سۆفییەك مەرج نییە هاوڕا بن، بەڵکو ئەوەی کە هەردووکیان بەدوایدا وێڵن تەنها ڕاستی یان حەقیقەتە، بەڵام لێکدانەوەی مانای ئەو حەقیقەتە بە بوونخوازێکەوە بۆ سۆفییەك دەگۆڕێت، "بۆ نموونە لای( هایدیگەر) حەقیقەت بوونێکی بێگیانە، بەڵام لەلای (سپینۆزا) و سوهرەوەردی و و ئیبن عەرەبی حەقیقەت بوونێکی گیانی زیندووە ، چونکە بوون بابەتێك نییە بەهۆی زانستەوە لە ماناکەی بکۆڵینەوە, ئەوەی لەبارەی بوونەوە دەیزانین بنەمایەکی فەلسەفییانەی (ئەنتۆلۆجی) هەیە کەوابەستە بە هەبوونی بونەوە لە دەرەوەی بیرو ئەندێشەکان، ئەمەش ئەوە دەگەینێت بوونی هێماو فۆرمی ناو خەون و ئەندێشەی مرۆڤ نییە ئێمە پەیدامان نەکردووە، بەڵکو ڕاستەقینەیەکی دەرەکییەو ئێمەشی لەناو خۆیدا پێچاوەتەوەو و بووین بەبەشێك لەو .

کەوابوو سۆفیگەری لەناو ئیسلامدا لەئاست ناسینی خودایەو قۆناغێکی بەرزی بڕیوەو بە تەواوەتی خودا لای ئەوان هەستێکی بکەری هەبووە، نەك بەڵگەی عەقلانی بووە، ئەو سۆفییانەی قۆناغی دووریان لەبیرکردنەوەی عەقڵدا بڕیوە, ئەوان دەگەنە ئەو قۆناغەی کە حەقیقەتەو دەکەوێتە پاش قۆناغی عەقڵەوە، ئەنجامی کارلێکردنی بەڵگە دەرەکییەکان و بەڵگە دەروونییەکان هاوکێشەیەکی ڕۆحی لە ناخی مرۆڤدا لەنگەر دەگرێت کە ئاسودەیی تەواو بە مرۆڤ دەبەخشێت، سوهرەوەردی دەڵێت:" ئەگەر ماریفەت بریتیبێت لە حەقیقەت، ئەوا ئەو ماریفەتە لەخۆتا دەبینیتەوە، هۆشیار بەرەوە لەخۆت، ئەوکات وەڵامەکانت وەردەگریتەوە[٨١] .

ئەو جۆرە ئەزموونەی ناو ڕێبازی سۆفیگەری ئەو بۆچوونەی خوڵقاندووە کە حەقیقەت ئەزموونێکی بکەربێت ئیدی ئاستێکی بەرزی لە بیرکردنەوەو هوشیارییەکی گرنگ و مرۆڤگەری لەناو سۆفییە موسوڵمانەکان بەرهەمهێنا، بۆ نمونە ئبین عەرەبی لەو بارەیەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە.

**"دڵــم دەفــری گشت فۆرمێکە**
**بۆ ڕاهیب دەیرەو بۆ بت پەرست پەرستگایە**

## خۆشەویستییە ڕێبازم
## کاروانەکەی بەرەو کۆێ بێت
## هەرئەوە ئاین و باوەڕم[٨٢]

**ئەنجام**

**ئەنجامە تیۆرییەکان:**

یا ئایدیۆلۆجیای سۆفییزم لەسەر ئەوە دامەزراوەکە (بوون) دیارەو نادیارە, (بوون)ی ڕاستەقینە نادیارییە لە ئایین و شەریعەت, دەبێت حەقیقەت بەرەو دۆزینەوەی کردگار بکەوێتە ڕێ .

٢.پەسەندکردن و بەراییدان بە خودێتی پێش بابەتێتی لە گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا بە جۆرێك کە خودێتی دەبێتە بەهایی باڵا لە هەموو توێژینەوەیەکی فەلسەفیدا .

٣.پەرچدانەوەو بە درۆخستنەوەی هەر فەلسەفەیەکی لۆژیکی نامۆ بە ژیان و دوور لە زیندەگی.

٤.تەنها ئەو کاتە ژیانی ئاکاری دادەمەزرێت کە تاك (خود) بە بەردەوامی باڵا دەبێت بەسەر خۆیداو شێوە تێپەڕاندنێکی بەردەوام لە خودی خۆیی تێدەپەڕێنێت.

٥.باوەڕبوون بەوەی کە ئەو تاکە کەسە لە ڕێگەلی ئازادی خۆی و هەڵبژاردنەکەیەوە چییەتی و سروشتی خۆی دروستدەکات, واتە (بوون) پێش (چییەتییە).

٦.سەرجەم فەلسەفە بوونگەرییەکان هەم بێباوەڕ هەم باوەڕدارەکانیش هەموویان لەسەر یەك شت تەباو کۆکن:

أ-پێداویستی زەرووریەتی باڵا بوون بەسەر خودو تێپەڕاندنی بەردەوامی خودی .

ب- ئێدی لەم باڵا بوون و تێپەڕاندنەدا خودپەرستی خۆی دەکات و جڵەوی خۆی دەگرێتەدەست.

ئەنجامە پراکتیکییەکان:

٧.عیشق لای مەحوی قۆناغی دوای وازهێنان لە بوونی ساختەو پێش دەرکەوتنی بوونی ڕەسەن گەیشتنە ئەنجام.

٨.زمانی شیعرەکانی مەحوی نامۆیی پێوەدیارە، چونکە زمانی سۆفی سیمۆلۆژیای ئاسایی نییەو خەڵکی ڕەمەکی تێی ناگەن.

**الخاتمـه**

الشعر الكردي روض يعبق باشكال الرياحين وسط الادب الاممي والعالمي، فهو خارج الى افاق اوسع وأرحب ذا ماتناول النقاد والادباء أطراف الحديث أو حاولوا الولوج في الأعماق.. وقد جرّد أعلام من ارباب الثقافة يراعهم لدراسة هذا الجانب حتى انتصب واقفا بقوة امام الشعر العالمي واعلام الشعر العالمي فحيث حلّ ونزل تراه نفع واستنزل – وفي هذه الدراسة المقتضبة استطاع الباحث ان يقف عند نقاط ضوء ويضيف للنص الشعري الكردي إضاءة أخرى كان الامر في حاجة الى سُرجِ مشاعله من خلال نتائج نوجزها بالاتي:

١-سـواء أكان الاديب او غيرالاديب مشمول و معني بهذا الفكر المشع سيما وهما يعيشان في بيئة واحدة، وان اختلفا في طبائع ومسالك أذ لكل مذهب في الاتباع او الابـداع.. وربّ كلمة مبتدعة في حقل تسقط رفوفاً من الفكر العقيم او اكاماً من الخراب السقيم الذي كان محسوبا على الابداع في ذهنيه فهمت الابداع بطريقة رسم ظاهر لآعمق يضرب الوتر الرنان!.

٢-(محوي) شاعر اصيل من جهتين اثنتين، فهو تراثي حتى العظم لايرى الشموخ الا فيه.. ثم هو اصيل في داخل النص لايجد عن إنسانية المؤمنة قيد شعره.. فهو سواء عرف أم لم يعرف اسير هذه الفلسفة المعطاء التي لمسها في إطار طروحاته الفكرية ووقع في اسرها مع التيار .. فقد داعبت اصابعه الثقافية اوتار هذه المعرفة الفلسفية من جوانب شتى حتى اطرب وابدع فكان اهلا ان يكون من اتباعها، ونكون ممن لمسها عنده.

٣- (محوي) صوفي على خطى الرعيل المؤمن من الصنف الأول في درب التوحيد كان ينظر ببداهة وبساطة الى السؤال عن الموت... بانه أمر محقق وواقع لامحالة.. فهو يؤمن بالقدر خيره وشره.. وان! المؤمن أمره خير كلّه. ومن سلك هذا الدرب فائز لامحالة وفي منجاة.. وهو تأمل صوفي لايرتقي إليه الا الموحدون، وفي هذا المسلك والرقي سار( محوي) ومحا عن نفسه كل مايحير ويزيغ..

٤-شعر( محوي) يخلق اسئلة في داخل الإنسان بثقة الرد والجواب.. وان المرء حرّ في كل احواله .. فلايلومنّ الا نفسه.. فهو مخير مختار فلاداعي ان يحتار...

٥-إن النظرة( المحوية الصوفية) تقّر بأن الدنيا فانية ذاهبة، وهنا يبدأ الاستعداد للرحيل في سفر شاق الى جنة المأوى او لظى النار.. ويكمن المفتاح في ايمان رسالي يخرج الناس من ظلمة الفناء الى دار البقاء لمن القى السمع وهو شهيد.

## Conclusion

Kurdish poetry, as a part of the international literature, is so colorful and its scent extends its geographical borders with the topics it deals with. This aspect has attracted many writers and literary scholars and invited tempted them to investigate and probe the Kurdish poetry realm.

In the present study, the researcher has attempted to shed light on some characteristics of the Kurdish poetry, and arrived at the following results:

1.Existentialism, as a field philosophical knowledge, is interested in forms and contents of human life affairs. This theory tackles human's status from within in a way that personify the text in an impressive articulate visual body which expresses special beauty in the frame of special philosophy that dominates man compulsively.

2.According to what has just been mentioned about the theory of existentialism, one can guess how comprehensive existentialism is. It touches the life of ordinary people equally to cultured, cultivated ones whether interested in fiction or non-fiction realms.

This philosophical tendency has been detected in works of the Kurdish poet Mahwy quite overtly. Hence, the focus , in this study, is placed on Mahwy rather than others .

3. Believing in existentialism or not, a creative utterance may refute or demolish shelves of books stuffed with futile thoughts. Creativity may be a product of a literary writer or of a scientist as well.

4.Mahwy is typically creative. Firstly because he is absolutely traditionalist, and secondly, due to his commitment to humanity in his works. Knowing he is a captive of existentialism or not, Mahwy can be accounted for as a typical embracer of this philosophy.

5."Death" has remained a confusing, hard question since the dawn of humanity. It occupied man who kept seeking immortality. Some intellectuals pictured existentialism in terms of "death", which is really scary.

6.Mahwy as a typical traditional Sufi, used to think of death in a simple way. Death, to him, was something inevitable and act of God, that towards which

one can do nothing but surrender. He believed that such belief would save him from confusion and unanswered questions.

7.Nonetheless, Mahwy's poetry plants seeds of self-confidence inside man, as one is free to choose, and no need to confuse.

8.Mahwy's view of life states that life is perishable, so one should be ready for a long journey towards destiny: hell or paradise. The only way out is to believe.

---

(١)د.زەکەریا ئیبراهیم، میتۆدی دیالیتیکی فەلسەفەی مێژوو سیاسەت لای هیگڵ، و: سامان علی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل: ١١.

(٢)د.رواية، دیکارت و الفلسفة الحديثة، اساطين الفلسفة الحديثة المعاصرة، دار النهضة العربيه، بيروت، ص:ص.

(٣)ادم مورتون، فلسفة در عمل، ت: فريبرز مجيدى، انتشاراتى مازيار، تهران، چ٣، ص:٤٨.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١١٥ .

(٥) يحيى مهدوى، شكاكان يۆنان، شركت انتشارات خوازمى، تهران، ١٩٩٧، ص١٠.

(٦) ڕێبوار سیوەیلی، دیکارت و عەقڵانیەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٩.

(٧) د. محمد كمال، نیچەو پاش تازەگەری، چاپی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٥١.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل١٥٣.

(٩)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٤، ل٢٥.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل١٤.

(١١)هەمان سەرچاوە، ل٣١١.

(١٢)مەلا عبدالكريم، دیوانی مەحوی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٤، ل٢٠٦.

(١٣)د. محمد کمال، ناهیلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٦١ .

(١٤)جان پۆل سارتەر، بوونگەرایی فەلسەفەیەکی مرۆڤ گەراییە، و: رۆشنا أحمد رسول، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨ .

(١٥)هەمانە سەرچاوە، ل ١٤.

(١٦)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٩٨ .

(١٧)کەمال مەمەند میرودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٩٠.

(١٨)پ.د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، مەحوینامە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٧ .
(١٩)د.محمد کمال، فەلسەفەی هیگڵ، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٦٥.
(٢٠)هەمان سەرچاوە، ل٣٠.
(٢١)بەختیار علی، سێوەی سێ هەم، چاپخانەی کاردۆ، چاپی دووەم، چاپ و پەخشی بڵاوبوونەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦٧.
(٢٢)جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی،و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٨.
(٢٣)هەمان سەرچاوە، ل٢٠.
(٢٤)کیرگەگۆر، سەرەتایەك بۆ ژیان و فەلسەفەکەی، پۆل ستراتێرن، تهران، ١٣٨٠، ل٨٦.
(٢٥)جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، ل٨١.
(٢٦)مارتین هایدیگەر، میتافیزیك چییە، و: حمید عزیز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٨.
(٢٧)کیرکەگۆرد، سەرەتایەك بۆ ژیان و فەلسەفەکەی، پۆل ستراتێرن، ل١٠.
(٢٨)بدیع الزمان هسعید نورسی، بریسکەکان، سەرجەمی پەیامەکانی نوور، و: فاروق رسول یحیی، چاپی یەکەم، تهران، ١٣٨٦، ل٢٥٠.
(٢٩)د.محمد أمین عبدوڵا، بوون لەشیعری مەحویدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٥.
(٣٠)بدیع الزمان سعید نورسی، بریسکەکان، سەرجەمی پەیامەکانی نوور، ل٨٠١.
(٣١)د. محمد کمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپی سێیەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٢٩.
(٣٢)مۆریس کرانستۆن، سارتەر لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، و: سامان علی حامد، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠.
(٣٣)جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، ل٣٩٥.
(٣٤)د. فاروق رەفیق، دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا، گۆڤاری ئایدیا، ژ (٢٣،٢٤)، ٢٠١٠، ل ٦٢.
(٣٥)د. محمد کمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، ل٣٧.
(٣٦)جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، ل١٠٩.
(٣٧)قورئانی پیرۆز، خولاسەی تەفسیری نامی، م. عبدالکریم مدرس، ٤:٢٣، بەرگی یەکەم، بەغدا، ٢٠٠٠، ل ٨٣.
(٣٨)هەمان سەرچاوە، ل٤٣٦.
(٣٩)بدیع الزمان سعید نورسی، بریسکەکان، سەرجەمی پەیامەکانی نوور، ل٢٤٨.
(٤٠)هیدغر و السؤال عن الزمان، جان مکواری، ت: محمد سعید حنایی، ارشادات بروز، ضاث اول، ١٣٧٦، ص١٩.
(٤١)مارتن هایدیگەر، کۆمەڵێك نوسەر، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٩.
(٤٢)د.عبدالرحمن بدوی، الدراسات فی الفلسفة الوجودیة، جان بول سارتر، دار الادب، بیروت، ط١، ١٩٦٦، ص ٩١-٩٢.

(٤٣)کیرکەگۆرد، سەرەتایەك بۆ ژیان و فەلسەفەکەی، پۆڵ ستراتێرن، ل١٤.

(٤٤)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل١٨٢.

(٤٥)دیوانی مەحوی، عبدالکریم مدرس، چاپی سێیەم، کوردستان، سنە، ل٢٢٣.

(٤٦)هەمان سەرچاوە، ل٢٢٤.

(٤٧)دیوانی مەحوی، عبدالکریم مدرس، چاپی سێیەم، ل٢٦١.

(٤٨)هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

(٤٩)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٣٢٧.

(٥٠)د.عبدالرحمن بدوی، الدراسات في الفلسفة الوجودية، ص١٢٩.

(٥١)د.علی شەریعەتی، مرۆڤ و: مصعەب ادهم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٥.

(٥٢)د.محمد کمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، ل١٠١.

(٥٣)د.عبدالرحمن بدوی، الدراسات في الفلسفة الوجوديه، ص٢١.

(٥٤)هیدغر و السؤال عن الزمان ج، مکواری، ص٦٧.

(٥٥)د.فاروق رەفیق، گۆڤاری ئایدیا، دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا، ژ(٢٣،٢٤)، ٢٠١٠، ل٧٠.

(٥٦)میتافیزیك چییە، مارتین هایدیگەر، ل٢٤.

(٥٧)بوون لەشیعری مەحویدا، د.محمد أمین عبدوڵا، ل١٤١.

(٥٨)د.عبدالرحمن بدوی، الدراسات في الفلسفة الوجودية، ص٩٩.

(٥٩)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٣٣٠.

(٦٠)هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

(٦١)هەمان سەرچاوە، ل٣٨.

(٦٢)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٢٨٧.

(٦٣)فەلسەفەی بوونگەرایی، ماکواری، ل٢٥٧.

(٦٤)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٣١٣.

(٦٥)هەمان سەرچاوە، ل٢٩٢.

(٦٦)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٢٦٨.

(٦٧)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٢٨٧.

(٦٨)ڕۆڤار، ژمارە (٦٥)، جۆزەردان ٢٧١١ك، ل٤.

(٦٩)مەحوی (دیوان)، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کریم، ل٢٨٧.

(٧٠)د. عبدالكريم سروش، و: موسعەب ئەدهم، عەقل و عیشق، ٢٠١٣. چ١، سلێمانی، ل٣٣.
(٧١)مەحوی (دیوان)، لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی: مەلا عبدالكريمی مودەریس و محەمەدی مەلا كریم، ل٢٨٧.
(٧٢)هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩.
(٧٣)عەتا قەرەداغی، مەحوی لەنێوان حەزی دنیایی و عیشقی خودایدا، چ١، چاپخانەی كمال، سلێمانی، ٢٠١١،ل١٣٠.
(٧٤)حەمە مەنتك، لەمەدەرەسەی نالی دا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل٩٥.
(٧٥)مەحوی (دیوان)، لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی: مەلا عبدالكريمی مودەریس و محەمەدی مەلا كریم، ل١٨٥.
(٧٦)رومان جاكوبسن، قضايا الشعرية، محمد المولى و مبارك حنون، سلسلة المعرفة الادبية، دار البيضاء، ١٩٨٨، ص١٩.
(٧٧)د. ئازاد عبدالواحد كريم، ڕەنگاڵەكانی دەق، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، ٢٠١١، ت٤٠.
(٧٨)مارتن هایدگەر، بوون و كات، و: محمد كمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠١٣، ل ٢٢٢-٢٣٦.
(٧٩)هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢.
(٨٠)هیمداد شاهین، مەحوی ناسی، چاپی دووهەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٤.
(٨١)مەحوی (دیوان)، لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی: مەلا عبدالكريمی مودەریس و محەمەدی مەلا كریم، ل٩٨.
(٨٢)ئەحمەدی مەلا، مەحوی لەنێوان زاهیریەت و باتنیەت و سەرچاوەكانی عیشق و وێنەی مەعشووق، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٤٤.
(٨٣)مەحوی (دیوان)، لێكدانەوە و لێكۆڵینەوەی: مەلا عبدالكريمی مودەریس و محەمەدی مەلا كریم، ل١١٢.
(٨٤)د.محمد كمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپخانەی یاد، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢١.
(٨٥)ئازاد قەزاز، خودا لەئەقڵگەرییەوە بۆ هەستگەری، چاپخانەی پەیوەندی، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٦.
(٨٦)هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

## سەرچاوەکان

### - سەرچاوە بە کوردی:


•ئایزایا بێرلین (پرۆژەی فەلسەفە)، و: مەنصوری تەیفوری، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

•ئەحمەدی مەلا، مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتنییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووق، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

•ئەنوەر ڕەشی عەوڵا، خود..نوسینەوە.. دیدار وتار، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨.

•د. ئازاد عبدالواحد کریم، ڕەنگاڵەکانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك،٢٠١١.

•ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، د.محمد کمال، چاپی سێیەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١١.

•دیوانی مەحوی، عبدالکریم مدرس، چاپی سێیەم، ، کوردستان ، سنە ١٣٨٥ .

پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، مەحوینامە، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

•بوون لە شیعری مەحویدا، د.محمد أمین عبدوڵا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

•جان پۆل سارتەر، بوونگەرایی فەلسەفەیەکی مرۆڤ گەراییە، و: رۆشنا احمد رسول، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

•حەمە مەنتك، لە مەدرەسەی نالی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١١.

•دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا، د. فاروق رەفیق، گۆڤاری ئایدیا، ژ (٢٣ ، ٢٤)، ٢٠١٠.

•د. زەکەریا ئیبراهیم، میتۆدی دیالیتیکی فەلسەفەی مێژوو سیاسەت لای هیگڵ، و: سامان علی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

•رۆڤار، ژمارە(٦٥)، سلێمانی ، جۆزەردان ٢٧١١ك .

•رێبوار سیوەیلی، دیکارت و عەقڵانیەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩.

•سەرجەمی پەیامەکانی نوور، تیشکەکان، بدیع الزمان سعید نورسی، و: فاروق رسول یحیی، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٨٦.

سارتەر لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، مۆریس کرانستۆن، و: سامان علی حامید، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.

•سێوی سێهەم، بەختیار علی، چاپخانەی کاردۆ، چاپی دووەم، پەخش وبڵاوبوونەوەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٢.

•فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، وەگێرانی: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

•فۆاد کامل عبدالعزیز و. سامان علی حامید - چەند فەیلەسوفێکی بوونگەرا- سلێمانی، ٢٠٠٥.

• قورئانی پیرۆز، خولاسەی تەفسیری نامی، م. عبدالکریم مدرس، بەرگی یەکەم، بەغداد، ٢٠٠٠.

•کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانەی زانکۆ، سلێمانی، ١٩٧٩،

•کیرکەگۆرد، سەرەتایەك بۆ ژیان و فەلسەفەکەی، پۆلستراتێرن، تهران، ١٣٨٠.

•عبدالکریم سروش، و: موسعەب ئەدهم، عەقل و عیشق، چ١، سلێمانی ، ٢٠١٣.

•عەتا قەرەداغی، مەحوی لەنێوان و حەزی دنیایی و عیشقی خودایی دا، چ١، چاپخانەی کمال،


سلێمانی، ٢٠١١.
•مەلاعبدالکریم، دیوانی مەحوی، کۆری زانیاری کورد، بەغدا،١٩٨٤
•میتافیزیك چییە، مارتین هایدیگەر، وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە: د. حمید عزیز، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ .
•د.محمد کمال، ئۆنتۆلۆجی بنەرەتی و بوونی مرۆڤ، چاپخانەی یاد، چاپی سێەم،سلێمانی، ٢٠١١ .
•د. محمدکمال، ناهیلیزم و رەهەندەکانی بیرکردنەوە، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
•مارتن هایدیگەر، کۆمەڵێك نوسەر، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣ .
•مرۆڤ، د.علی شەریعەتی، و:مصعب ئەدهەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١ .
•هیمداد شاهین، مەحوی ناسی، چاپی دووهەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

## - سەرچاوە بەعەرەبی :

•الدراسات في الفلسفه الوجوديه، د. عبد الرحمن بدوی، جان بول سارتر، دار الادب بيروت،ط١، ١٩٦٦.
•كتابات الاساسيه، مارتن هايدجر(ما الميتافيزكيه)، اسماعيل المصدق، المجلس الاعلى للثقافي، ط١، بغداد، ٢٠٠٣ .
•جان بول سارتر، الوجوديه فلسفه انسانيه، ت: حنا دميان، لبنان، ١٩٥٤
•د.روايه، ديكارت والفسلفه الحديثه، اساطين الفلسفه الحديثه المعاصره، دار النهضه العربيه، بيروت.
•رومان جاكوبسن، قضايا الشعريه: محمد المولى ومبارك حنون، سلسله المعرفه الادبيه، دار البيضاو، ١٩٨٨

## - سەرچاوە بە فارسی:

•هيگل: عقل درتأريخ ،ت: دكتر حميد عنايەت.تهران، شفيعى ، ٢٠٠٦.
•هيدغر و سؤال عن الزمان، جان مكوارى، ت: محمد سعيد حنايى، ارشادات بروز، چاپ اول، ١٣٧٦.
•يحيى مهدوى، شكاكان يۆنان، شركت انتشارات خوارزمى، تهران، ١٩٩٧
•ێدم مورتون، فلسفه در عمل، ت:فريبرز مجيدى، انشتاراتى مازيار، تهران، چ٣.



# گەوهەرەکانی زمانی کوردی



# دکتۆر وریا ڕووناکبیر و ئینسکلۆپیدیای زمانەوانی

نووسین: د. سـەعید محەمەد بەرزنجی

هەر لەسەرەتاوە بەگوڕهاتە ناوەوە، هەر زوویش هەمووانی بەخۆیەوە خەریك کردو هەر زوویش بوو بەپێشەنگ و ڕووبەرێکی گەورە و پانوپۆڕی بۆخۆی لەسەر نەخشەی ئەدەب و فەلسەفە و ساڵنامە و مێژوو و فەرهەنگی کوردی دیاریکرد. ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ فەرهەنگی نەتەوەیی دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەکرد.

بڵاوکەرەوەی بیر و زمانەوان و هزری ڕەخنەییە، جگە لەوەی دکتۆر تەنیا زمانەوان نییە، بەڵکو شاعیرێکی خاوەن ئەزموون و بەنرخە، شیعر بەلایەوە ژانرێکی جوانیی ئەدەبی فرە ڕەهەندە، وشەگەلێکی زمانەوانی پاراوە بە کێش و سەرواوە وەك تاڤگە لە هەستی مرۆڤەوە دەڕژێتە پانتایی سروشتی ژیان، کاتێك ئەو کارلێکە سەیرە کتوپڕ لەنێوان توخمەکانی سروشت و توخمەکانی مرۆڤ و توخمەکانی زماندا ڕوودەدات.

شیعر ناوەڕۆکە و شیعر فۆڕمێکە کە کارلێکدەکات، لە ئەنجامدا سەمفۆنیای زمانەوانی و ئەدەبی و هونەری نایاب دروستدەبێت.

زمان و خەیاڵ دوو ڕەگەزی گرنگە، زمان وەك کەرەستەیەکی دەربڕین و گوزارشتکردن و دارشتن، دەبێتە ڕستەی بەیەکەوەبەستنی ڕووداوەکان و پێوەندیی نێوان واقع و خودی مرۆڤ. ئەم گوزارشتانە لە بیر و هەست و کوانووی خەیاڵدانی بە هەناسە و بروسکە دابەشیکردووە, بە زمانی شیعریی شێوازی تایبەتی خۆی و بە کوردییەکی پاراو دەریبڕیوون.

بۆیە زمان و کولتووری نەتەوەییمان و تایبەتمەندیی ڕوخسار و پێناسەی درەوشاوەی زمانەوانی بەلاوە لەهەر شتێکی تر بە گرنگتر زانیووە.

لەم ڕوانگەیەوە پێیوایە زمانی کوردی بوون و پێناسەی نەتەوەیی کورد بەرجەستەدەکات.

کەواتە، زمانی کوردی، لە خاك زیاتر، بوونی جیا هەڵکەوتووی نەتەوەی کوردی پاراستووە.

ئەگەر کورد زمانەکەی لەدەستبدایە تەنانەت وەك ئێستا لەسەر خاك و زێدی خۆی بمایەتەوە، ئەوا لەمێژبوو لەنێو نەتەوە سەردەستەکانی تورك و فارس و عەرەبدا توابووەوە.

چونکە کورد جگە لەزمان هیچ فاکتەرێکی دیکەی کولتووری (ئایین) یان بایۆلۆجی (ڕەنگی پێست و فۆڕمی ڕوخسار) لەو نەتەوانە جیایناکاتەوە.

کەچی دەشێت زمان بۆ هەندێك گەل و نەتەوەی تر بەو جۆرە نەبێت، بەڵکو زمان تەنیا توخمێکی کولتووری (ئایین ، مەزهەب) یان مێژوویی، ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی لەپێکهێنانی پێناسە و چارەنووسی نەتەوەکەدا هەبێت.


لەبەر ئەوەی زمان گرنگترین فاکتەری مانەوەی کوردبووە، شەڕی کورد لەپێناو مانەوەدا، پێش هەر شتێك شەڕی زمان بووە، لەمەیش گرنگتر، بەبێ زمانێکی هۆشدار و بەئاگا لەبارەی خۆیەوە. تایبەتمەندیی کولتووری و ناوەڕۆکی ئێتنیکی نەتەوەی خۆی بزر دەکات.

**پرۆفایل**

د. وریا عمر أمین

- ١٩٤٧/٣/١٥ لەشاری کۆیە لەدایك بووە.
- قوتابخانەی سەرەتایی لە عەنکاوە و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە.
- ١٩٧١ بەکالۆریۆسی لەزمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی بەغداد بە پلەی یەکەم تەواوکردووە.
- ١٩٧٢-١٩٨٠ لە زانکۆکانی مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.

- ١٩٨٠ بە مامۆستای زمانەوانی لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد دامەزرێنراوە.
-١٩٨٢-١٩٩٩ سەرۆکایەتی بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدادی پێسپێردراوە.
- ١٩٩٢ پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرتووە، یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا بەدەستبێنێت.
- ١٩٩٧ بوو بەئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق.
- ٢٠٠٤ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
- ٢٠٠٧ بوو بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان (ئەکادیمییای کوردی).
- دامەزرێنەری بەشی خوێندنی باڵای ماجستێر و دکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردییە لەزانکۆی بەغداد و زانکۆکانی کوردستان.
- پرۆفیسۆری زمانەوانییە لەزانکۆی بەغداد و پرۆفیسۆری وانەبێژ لەزانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کۆیە و گەرمیان و ڕاپەڕین.
- سەرپەرشت و سەرۆك و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆی زیاتر لە ٣٥٠ نامەی ماجستێر و دکتۆرا بووە لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.
- زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و تورکمانی و کلدانی و ڕووسی و فارسی دەزانێت. بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسێت و بڵاودەکاتەوە.
-زیاتر لە هەزار وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی لەبارەی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و ساڵنامە و مێژوو و زانستدا بڵاوکردووەتەوە.
- یەکەم بڵاوکراوەی شیعر بوو کە بۆ ساڵی ١٩٦٥ دەگەڕێتەوە، ئەویش کۆمەڵە شیعرێك بوو بەناوی (سەیرانێکی شیعرستان) کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە دەزگای ئاراسدا بڵاوکرایەوە.
- لە بوارەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و ڕووسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا, پلەی زانستیی دەیان مامۆستای زانکۆی بۆ پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستا بەرزکردووەتەوە.
- زیاتر لە ٤٠٠ سوپاسنامە و بڕوانامە و زرێی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.
- زیاتر لەپەنجا لێکۆڵینەوە و باس و وتاری لەبارەی کارەکانییەوە بڵاوکراونەتەوە.
- ٢٠١٢ خانەنشین کرا.
- ٢٠١٦/١/١٧ ناسناوی پرۆفیسۆری نایابی لە زانکۆی بەغداد پێبەخشراوە.



# فەرهەنگی زمانەوانی

# پێداگۆجی زمانی

وەرگێڕانی: هێڤار شێرزاد محمد

پێداگۆجی زمانی، وەک بوارێک، سەرنج دەخاتە سەر ئەو تیۆری و تەکنیکانەی کە لە فێرکردنی زماندا بەکاردەهێنرێن, وەک جۆرێک لە وانەوتنەوە باسکراوە کە مامۆستایان زانیاری و ئەزموونی خۆیان لە فێرکردنی زماندا بەکاردەهێنن. ئەم شێوازی فێرکردنە جیاوازە لەو شێوازانەی کە لەسەر بنەمای توێژینەوەن.

لە پێداگۆجی زمانیدا چەند شێوازێک هەیە، بەڵام دەتوانرێت بۆ سێ بەش پۆلێن بکرێن: پێکهاتەیی، کارایی و کارلێکی. هەریەک لەمانە کۆمەڵێک شێواز لەخۆدەگرێت کە دەتوانرێت بۆ فێرکردن و فێربوونی زمانەکان بەکاربهێنرێن.

پەرەسەندنی پێداگۆجی زمانی لە سێ قۆناغدا هاتەئاراوە, لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٨٠٠ و ساڵانی ١٩٠٠دا، بەزۆری وەک شێوازێک بیری لێدەکرایەوە. لە ساڵی ١٩٦٣، ئێدوارد مەیسۆن ئەنتۆنی جونیۆر، مامۆستای زمانەوانیی لە زانکۆی میشیگان، چوارچێوەیەکی دارِشت, کە بۆ سێ ئاست پۆلێنی کرد: ڕێباز، شێواز و تەکنیک. ئەم چوارچێوەیە دواتر لەلایەن ڕیچاردز و ڕۆدجێرزەوە لە ساڵی ١٩٨٢ فراوانتر کرا بۆ ئەوەی ڕێباز و دیزاین و ڕێکارەکانی لەخۆبگرێت.

لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٨٠٠ و ساڵانی ١٩٠٠دا، فێرکردنی زمان بەگشتی لە ڕووی شێوازەوە بیری لێدەکرایەوە. لە هەوڵی باشترکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوەدا، مامۆستایان و توێژەران بە شێوەیەکی گشتی هەوڵیاندەدا بزانن کام شێوازە کاریگەرترینە, بەڵام شێوازەکان لە فێرکردنی زماندا چەمکێکی فرەمانایین و بە چەندین شێوەی جیاواز بەکارهاتوون, وەک لەلایەن بێڵەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەم هەمەجۆرییە لە بەکارهێناندا "ئاڵەنگارییەک بۆ هەر کەسێک کە هەوڵی شیکردنەوە یان وێرانکردنی شێوازەکان بدات" دێنێتە کایەوە.

شێوازەکانی فێرکردنی زمان دەتوانرێت بۆ سێ بۆچوونی بنەمایی پۆلێن بکرێن:

١.**بۆچوونی پێکهاتەیی:** ئەم ڕوانگەیە زمان وەک سیستەمێک لە توخمی پێکەوەبەستراو کە بۆ گەیاندنی مانا دەبینێت، وەک ڕێزمان.

٢.**بۆچوونی کارایی:** ئەم بۆچوونە زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین یان بەجێگەیاندنی ئەرکێکی تایبەت، وەک ئەنجامدانی داواکاریەک، پێدانی زانیاری، یان داواکردنی زانیاری.

٣.**بۆچوونی کارلێکی:** ئەم بۆچوونە زمان وەک ئامرازێک بۆ دروستکردن و بەردەوامبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت، جەخت لەسەر شێوازەکانی جووڵە، کردار، دانوستان و کارلێککردن دەکاتەوە، کە لە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆدا دەبینرێن. ئەم بۆچوونە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تا ڕادەیەک زاڵ بووە.

جگە لەوەش، شێوازی فێرکاری جۆراوجۆر هەیە کە بە فێرگە یان قوتابخانە تایبەتەکانەوە بەستراوەتەوە، هەرچەندە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وانەوتنەوە سەرەکییەکان بەکارناهێنرێن. دیارترینیان خولی تایبەت بە کۆمپیوتەرن کە بەرنامەسازی و ناسینەوەی قسەکردن بۆ پێدانی فیدباک بە بەشداربووان بەکاردەهێنن.

## ڕێباز و شێواز و تەکنیک

لە ساڵی ١٩٦٣، پرۆفیسۆری زمانەوانی ئێدوارد مەیسۆن ئەنتۆنی جونیۆر لە زانکۆی میشیگان چوارچێوەیەکی بۆ شێوازە جیاوازەکانی فێرکردنی زمان دارشت، کە سێ ئاست لەخۆدەگرێت: ڕێباز، شێواز و تەکنیک. بە گوتەی ئەنتۆنی، "پێکهاتەکە پلەبەندییە. بنەمای ناوەندیی ڕێکخراوەیی ئەوەیە کە تەکنیکەکان شێوازێک ئەنجام دەدەن کە لەگەڵ ڕێبازێکدا هاوتەریب بێت."

بیرۆکەی ئەو بۆ ڕێبازێک کە کۆمەڵێک بنەما یان بیرۆکە لەخۆدەگرێت سەبارەت بەوەی کە فێربوونی زمان چۆن کاردەکات، بە واتای مانەوە بە یەکگرتوویی بە تێپەڕبوونی کات؛ "ڕێبازێکی بنەڕەتییە." شێوازەکەی زیاتر ڕێکارانە بوو: "پلانێکی گشتی بۆ پێشکەشکردنی مادەی زمان بە شێوەیەکی ڕێکخراو، کە هەر بەشێک لەگەڵ ڕێبازی هەڵبژێردراودا هاوتەریبە، هەروەها لەسەر ڕیبازەکە دامەزراوە." لە کۆتاییدا، چەمکی تەکنیکەکەی ئاماژەی بە خستنەڕووی ئەم بیرۆکانە لە پۆلی زماندا کرد: "تەکنیکێک، ستراتیژییەک، یان شێوازێکی تایبەت کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دەستبەجێ بەکاردەهێنرێت". ئەو پێی وابوو تەکنیکەکان دەبێت لەگەڵ شێوازێکی دیاریکراو و بە درێژکراوی لەگەڵ ڕێبازێکی هەڵبژێردراودا هاوتەریب بن.

شێواز بریتییە لە پلانێک بۆ پێشکەشکردنی ئەو مادە زمانەی کە دەبێت فێری ببن

و پێویستە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی هەڵبژێردراو بێت. بۆ ئەوەی ڕێبازێک بگۆڕێت بۆ شێوازێک، پێویستە سیستەمێکی فێرکاری دابڕێژرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون، هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و ڕێکخستن، جۆرەکانی ئەرکەکان، ڕۆڵی خوێندکار و ڕۆڵی مامۆستا. لە لایەکیترەوە تەکنیک ستراتیژیەکی یان تاکتیکێکی ورد و بەرجەستەیە کە ئامانج لێی گەیشتن بە ئامانجێکی دەستبەجێیە. ئەم تەکنیکانە ڕاستەوخۆ لە شێوازی سەرتاسەری و تا ڕادەیەکی کەمتر لە ڕێبازی هەڵبژێردراوەوە سەرچاوە دەگرن.

چوارچێوەی ئەنتۆنی کاتێک ناسێندرا لەلایەن کۆمەڵگەی فێرکردنی زمانەوە پێشوازی لێکرا، و وەک ڕێگەیەکی بەسوود بۆ پۆلێنکردنی شێوازە جیاوازەکانی فێرکردن سەیرکرا، بەڵام جیاوازی نێوان ڕێباز و شێواز و تەکنیک بە ڕوونی پێناسە نەکرد و کوماراڤادیڤێلو ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی ئەم ناڕوونییە "ناڕەزاییەکی بەرفراوان" لەناو کۆمەڵگەی وانەوتنەوەدا دروست بوو. ئەنتۆنی خۆی دان بە سنوورداربوونی چوارچێوەکەیدا نا و کراوە بوو بە ڕووی بیرۆکەی تر بۆ باشترکردنی ڕوونی و کاریگەرییەکەی.

## ڕێبازو دیزاین و ڕێککار

ڕێبازی ڕیچاردز و ڕۆدجێرز لە ساڵی ١٩٨٢دا، چوارچێوەی سێ ئاستی ئەنتۆنی فراوانتر کرد؛ بەڵام لەبری ڕێباز و شێواز و تەکنیک، زاراوەی ڕێباز و دیزاین و ڕێککاریان هەڵبژارد. لە کاتێکدا کە ڕێبازەکەیان زۆر لە چەمکی ئەنتۆنی دەچوو، دیزاین و ڕێککارەکان چەمکێکی فراوانتری لە شێواز و تەکنیکەکەی ئەنتۆنی گرتەوە. دیزاین لایەنە پراکتیکییە بەرچاوەکانی لە پۆلدا لەخۆگرتبوو، لەوانە: دیزاینی پاشکۆ، جۆرەکانی چالاکییەکان و ڕۆڵی خوێندکاران و مامۆستایان.، لە بەرامبەردا ڕێککارەکان ئاماژەی بە ڕەفتار و پراکتیک و تەکنیکە جۆراوجۆرەکان دەکرد کە لە پۆلدا چاودێری دەکران. ئەم زاراوە نوێیانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی سنووردارکردنەکان بوو لە چوارچێوەی ئەنتۆنی و هەروەها پێوەری تایبەتی پێبەخشی کە بتوانن بەهۆیەوە "شێوازە" جیاوازەکان هەڵبسەنگێنن. ئەم پرۆسەی هەڵسەنگاندنە ڕێگەیەکی سەرەکی بوو کە شێوازەکەیان لە چوارچێوەی ئەنتۆنی جیاواز بوو، چونکە چوارچێوەی ئەنتۆنی مەبەست لێی ئەوە بوو کە تەنیا پەسنکەر بێت.

سەرەڕای هەوڵەکانی ڕیچاردز و ڕۆدجێرز بۆ پێشکەشکردنی پێناسەی ڕوون بۆ ڕێباز و دیزاین و ڕێککارەکان، کوماراڤادیڤێلو ڕەخنە لە چوارچێوەی ئەوان دەگرێت کە "توخمێکی دەستکردی لە چەمکەکەیدا و توخمێکی لێکدانەوە لە کارکردنیدا هەیە". ناڕەزایەتی هاوشێوە لەلایەن پێنیۆرس و ئینسایکلۆپیدیای ڕۆتلێج بۆ فێرکردن

و فێربوونی زمانەوە وروژێنراوە. هەروەها براون پرسیار لە گونجاوی زاراوەی "دیزاین"ی ڕێچاردز و ڕۆدجێرز دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە لە زمانی ئینگلیزیدا، دیزاینی فێرکردن بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژەیە بۆ دیزاینی مەنهەج نەک ئەو پێناسە فراوانترەی کە ڕێچاردز و ڕۆدجێرز بەکاریانهێناوە. جێگای ئاماژەیە زۆرێک لە کتێبە ڕێنماییەکانی ڕاهێنانی مامۆستایانی هاوچەرخ زاراوەی ڕێباز، شێواز و تەکنیکیان پێ باشترە.

## شێوازە پێکهاتەییەکان

ڕێبازی پێکهاتەیی زمان وەک "سیستەمێک لە توخمە بەیەکەوە بەستراوەکان بۆ دەربڕینی مانا" دەبینێت و جەخت لەسەر لێهاتوویی لە یەکە فۆنۆلۆژییەکان، بابەتە ڕێزمانییەکان و بابەتە وشەییەکان دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە پێکهاتەکانی زمانی وەک دەنگ، مۆرفیم، وشە، ڕستە و وشەسازی و ئەوانی دیکە دەکۆڵێتەوە.

شێوازی وەرگێڕانی زمانی کە لە ساڵانی ١٨٤٠ تا ١٩٤٠ لە ئەوروپادا باو بووە، گرنگی بە فێرکردنی ڕێزمان بۆ خوێندکاران و دابینکردنی وشەسازی دەدات, لەگەڵ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ بۆ لەبەرکردن. لە کاتێکدا لە ڕووی مێژووییەوە شێوازێکی زاڵە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان دان بەوەدا دەنرێت کە کاریگەریی نییە کاتێک بە تەنها بەکاردەهێنرێت، تەنا لە فێرکردنی نەریتی زمانە کلاسیکییەکان و بە تایبەتی لە ژاپۆن بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی نەبێت.

شێوازی زمانی دەنگی، کە لە ئەمریکا لە دەوروبەری جەنگی جیهانی دووەمدا پەرەی پێدرا، بەهۆی پێویستی تاکەکان بۆ شارەزابوونیان لە زمانە جۆراوجۆرەکان بۆ مەبەستی سەربازی سەریهەڵدا. ئەم شێوازە لەسەر کارلێکی چڕ بوو لەگەڵ قسەکەرانی زمانی دایک، بە بەکارهێنانی گفتوگۆی ڕێنماییکراو بۆ شیکردنەوەی ڕێزمان و فێربوونی وشەسازی. ئەم شێوازە سەرنجی بۆخۆی ڕاکێشا, بەڵام لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی تیۆری نوام چۆمسکی سەبارەت بە فێربوونی زمان. شێوازی زمانی دەنگی لە کۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی، کە لە ژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی دەروونناسی ڕەفتارگەرایی و پێشبڕکێ بۆ گەیشتن بە بۆشایی ئاسمان بوو. ئەم شێوازە چالاکییەکانی وەک گوێگرتن یان بینینی تۆمارەکانی مۆدێلی زمان، بەشداریکردن لە مەشقەکان و جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی بەردەوامی زمانی ئامانج. هەرچەندە وەک شێوازێکی فێرکاری سەرەکی نەمایەوە، بەڵام هەندێک لایەنی ڕێبازی زمانی دەنگی هێشتا لە هەندێک کتێبی خوێندندا هەیە.

## شێوازە کارا ییەکان

بابەتەکە بەدواداچوون بۆ شێوازە کاراییەکان لە فێرکردنی زماندا دەکات، بە سەنتەری ڕێبازی زارەکی، فێرکردنی زمانی بارودۆخی و پراکتیکی ئاڕاستەکراو. ڕێبازی زارەکی کە لەلایەن زمانزانە کارپێکراوەکانی بەریتانیاوە لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٦٠ داڕێژرا، هەوڵیاندا شێوازێکی زانستی بنەمادار بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی دابمەزرێنن. وشەسازی و کۆنترۆڵی ڕێزمانی لە پێشینەدا دانا، وشەسازییەکی بنەڕەتی ناوەکی لە ٢٠٠٠ وشە بۆ تێگەیشتن لە خوێندنەوە و یەکخستنی شێوازەکانی ڕستەی زۆر بەکارهێنراوی دیاریکرد. ڕێبازەکە پشتگیریی لە پێشکەشکردنی خاڵەکانی زمانی لەناو بارودۆخەکاندا کرد بۆ ئەوەی فێربوون بە بەبەتەکان جێگیر بکرێت، پابەندبوون بە بنەماکانی پێشکەشکردن، پراکتیک و بەرهەمهێنان (PPP).

لە کاتێکدا کە ڕێبازی زارەکی لە ئێستادا لە نێو مامۆستایانی زماندا کەمتر ناسراوە، بەڵام پێکهاتەکانی کاریگەرییەکی درێژخایەنیان لەسەر فێرکردنی زمان بەجێهێشتووە و تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کتێبی خوێندنیان لە قاڵب داوە. سەرەڕای گۆڕانکارییەکان لە ساڵانی شەستەکاندا کە فێرکردنی زمانی پەیوەندیداریان لێکەوتەوە، گرنگیدانی ڕێبازی زارەکی لەسەر پراکتیکی زارەکی، ڕێزمان و شێوازەکانی ڕستە بەردەوامە لە دەنگدانەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە مەلزەمەی زمانی بیانی زۆر جەخت لەسەر ڕێزمان دەکەنەوە.
پراکتیکی ئاڕاستەکراو، شێوازێکی تری کاراییە، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەکان لەلایەن خوێندکارانەوە، کە زانیارییەکی جۆری کتێبی دەستەواژەکان لەبارەی زمانەکەوە دابیندەکات. ئەم شێوازە کە لە خولەکانی دیپلۆماسی ئەمریکادا بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی ورد لەنێو سنووری دیاریکراوەکاندا مسۆگەر دەکات، بەڵام ڕەنگە نەکرێت ڕێگە بدرێت خوێندکاران بە ئازادیی دەربڕینەکانیان هەڵبژێرن.

## شێوازە کارلێککارەکان

شێوازی ڕاستەوخۆ کە بە شێوازی سروشتیش ناسراوە، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ لە ئەڵمانیا و فەرەنسا سەرچاوەی گرتووە، جەخت لەسەر فێرکردنی زمانی دووەم دەکرایەوە بەبێ ئەوەی پشت بە زمانی زگماکی فێرخوازان ببەسترێت. شێوازی بەدەستهێنانی زمانی یەکەمی منداڵان وەردەگرێت، ئەولەویەت بە بێژەکردنی دروست و بەکارهێنانی دەستبەجێی زمانی ئامانج دەدات. ئەم ڕێبازە دژی بەکارهێنانی زمانی چاپکراوە، فێرکردن لە نووسین و ڕێنووسیدا دوادەخات و خۆی لە ڕێزمان و وەرگێڕان بەدوور دەگرێت، لەبری ئەوە سەرنجی لەسەر پەرەپێدانی توانای زارەکییە.

گۆڕانکارییەک کە بە شێوازی زنجیرە ناسراوە، ئەزموونەکان ڕاستەوخۆ بە زمانی ئامانجەوە دەبەستێتەوە، کە لە تێبینییەکانی فرانسوا گۆینەوە کاتێک سەرنجی کوڕەزاکەی داوە کە فێری زمان بوو, گۆین باوەڕی بە گۆڕینی تێڕوانینەکان بۆ چەمکە زمانەوانییەکان هەبوو و فێرکردنەکانی لە دەوری زنجیرە ڕستە داڕشتبوو.
ڕێگای فێرکردنی زمانی هاوئاهەنگی (CLT) جەخت لەسەر کارلێککردن دەکاتەوە, وەک هەردوو ئامراز و ئامانجی فێربوونی زمان. فێربوونی زمان لەسەر بنەمای ئەرک (TBLL)، کە لەسەر بنەمای CLT دامەزراوە، گرنگی بە تەواوکردنی ئەرکەکان بۆ هەڵسەنگاندنی زمان دەدات. بەرنامەکانی قوڵبوونەوە لە زمان، کە قوڵبوونەوە لە زمانی بیانی و قوڵبوونەوەی دووانەیی لەخۆدەگرێت، ناوەڕۆکی ئەکادیمی بە زمانێکی بیانی دابین دەکەن، ئاستی فێربوونی زمانی دووەم (L٢) بەرز دەکەنەوە. ڕێگای بێدەنگ، فێربوونی زمانی کۆمەڵایەتی (CLL)، پێشنیازی پێدرا، ڕێبازی سروشتی، وەڵامی جەستەیی (TPR)، لێهاتوویی فێرکردن لەڕێگەی خوێندنەوە و چیرۆکگێڕانەوە (TPR چیرۆکگێڕان)، فێرکردنی زمانی دۆگم (باوەڕ)، و ڕێبازی بەشداربووی گەشەسەندوو (GPA) نوێنەرایەتی میتۆدۆلۆژیای جۆراوجۆر دەکەن، هەریەکەیان تایبەتمەندی و بەکارهێنانی جیاوازیان لە پەروەردەی زماندا هەیە.

**شێوازە تایبەتمەندەکان**

شێوازی جۆراوجۆری فێرکردنی زمان لە دەرەوەی ڕێبازە سەرەکییەکان بوونیان هەیە. هەندێکیان وەک شێوازی پیمسلیۆر کە لەلایەن پاوڵ پیمسلێرەوە پەرەی پێدراوە، وانە تۆمارکراوەکانی ڕۆژانەی ٣٠ خولەکی بەکاردەهێنن لەگەڵ وەرگێڕان و وەڵامەکانی زمانی ئامانج. شێوازی میشێل تۆماس کە لەلایەن میشێل تۆماسەوە دروستکراوە، گرنگی بە دروستکردنی ڕستەی درێژ دەدات بە ڕێزمانی دروست بە تەواوی بە زمانی خوێندکار. شێوازەکانی دیکە بریتین لە فێربوونی زمان بە یارمەتی کۆمپیوتەر (CALL)، بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئینتەرنێت و نەرمە کاڵای فێربوونی زمان و ماڵپەڕی ئەپرۆپیدیا کە فێربوونی خزمەتگوزاری لە پەروەردەی زماندا چالاک دەکات. سەرەڕای ئەوەش، فێربوون بە فێرکردن (LdL) کە لەلایەن ژان پۆل مارتن لە ئەڵمانیا پەرەی پێدراوە، بریتییە لە وەرگرتنی ڕۆڵی مامۆستا و ڕێنماییکردنی هاوتەمەنەکانیان لەلایەن خوێندکارانەوە.

## سەرچاوەکان:

•Anthony, E. M. (1963). "Approach, Method, and Technique". ELT Journal. XVII (2): 63–67. doi:10.1093/elt/XVII.2.63.

•Bell, David (2003). "Method and Postmethod: Are They Really So Incompatible?" (PDF). TESOL Quarterly. 37 (2): 315–328. doi:10.2307/3588507. JSTOR 3588507. Retrieved February 7, 2012.

•Brown, H. (2001). Teaching by Principles: An Interactive Approach to Language Pedagogy (2nd ed.). White Plains, NY: Longman. ISBN 978-0-13-028283-5.

•Hall, Graham (2011). Exploring English Language Teaching: Language in Action. London, New York: Routledge. ISBN 978-0-415-58415-9.

•Johnson, Keith; Johnson, Helen, eds. (1999). "Approach". Encyclopedic Dictionary of Applied Linguistics: A Handbook for Language Teaching. Oxford: Blackwell Publishers. ISBN 978-0-631-22767-0.

•Kumaravadivelu, B. (2006). Understanding Language Teaching. Hillsdale: Lawrence Erlbaum. ISBN 978-0-8058-5176-2.

•Richards, Jack; Rodgers, Theodore (2001). Approaches and Methods in Language Teaching. Cambridge: Cambridge University Press. ISBN 978-0-521-00843-3.

•Kho, Mu-Jeong (2016). How to Implant a Semiotic and Mathematical DNA into Learning English. Seoul: Booklab Publishing Co. ISBN 979-11-87300-04-5.

•Irons, Glenwood H. (1988). Second language acquisition : selected readings in theory and practice. Welland, Ont.: Canadian Modern Language Review. ISBN 0-9691796-4-2. OCLC 17586533.

# تەوەری ژمارەی داهاتوو: دۆخی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان

گۆڤاری زمانەوانی لە ژمارەی داهاتوودا، تەوەرێکی گرنگ و هەنووکەیی دەکاتەوە بە مەبەستی تیشک خستنەسەر دۆخی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان، لەم سۆنگەیەشەوە پێشوازی لە توێژینەوە و نوسینی پسپۆڕانی زمان و توێژەران دەکات، ئێمە بە جەختکردنەوەمان لەسەر پابەندبوون بە بنەمای کاری ئەکادیمی، هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە:

• پەرەسەندنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان چۆن کاریگەریان لەسەر دۆخی ئێستا و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەبووە؟

• هەندێک لە زمانەوانان پێیان وایە کە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی نازانستی پێشوازی لە زمانی ئینگلیزی دەکرێت، ئایا کامە رێگا دروستەکەیە؟

• ئاڵەنگارییە بەهێزەکان چین کە ڕووبەڕووی خوێندکاران و مامۆستایان دەبنەوە لە فێرکردن و فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان و چۆن دەتوانرێت چارەسەری ئەم ئاڵەنگارییانە بکرێت؟

• دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان تا چەند کاریگەری لەسەر خواستی شارەزایی و فێربوون و بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە، و ئایا ڕەوتی ئابووری چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەت و بەرنامەی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی ئینگلیزی؟

• ئایا هۆکاری کولتووری تایبەت هەن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە داڕشتنی بیروڕا وبۆچوونەکان بەرامبەر بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستاندا و ئەم هۆکارانە چۆن کاریگەرییان لەسەر فێربوونی زمانەکە هەیە؟

•بە چ شێوەیەک دەتوانرێت تەکنەلۆژیا بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان، و چ بەربەستێک هەیە لەبەردەم تێکەڵکردنی کاریگەرانەی تەکنەلۆژیا لە پرۆگرامەکانی فێربوونی زماندا؟

داواکارین لە توێژەران و لێکۆڵەرانی بەڕێز کە توێژینەوە و نوسینەکانیان لەسەر ئەو تەوەرانەی ئاماژەیان پێکراوە تا رێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٥ بنێرن بۆ گۆڤاری زمانەوانی.

تەوەری ژمارەی داهاتوو

# گۆڤاری زمانەوانی

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

گۆڤارێکی وەرزی، ئەکادیمی و زمانەوانییە، کە (دەزگای زمانەوانیی کوردی - زانکۆی جیهان) دەریدەکات و لە کاتی پێویستدا پاشکۆی دەبێت. پەیامی سەرەکی کارکردنە لە پێناو دارشتنی سیاسەتی زمانیی بۆ هەرێمی کوردستان.

**ڕێنمایی نووسین و وەرگێران**

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێران، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ

گۆڤاری زمانەوانی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

### ٢. شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

### کتێب

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).
نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی

نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نموونە: کەنعان مەکیە (٦-٢٠٢٠/٣/٧)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نموونە: Adler, Katya(٢٠٢٠/٣/٢), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نموونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە رێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نموونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفە¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی ئامادەکاری دیدار) لەگەڵ ئەو کەسەی دیدارەکەی لەگەڵ کراوە، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

زانكۆی جیهان-سلێمانی
دەزگای زمانەوانی كوردی

# وەرزنامەی زمانەوانی

گۆڤارێكی وەرزی زمانەوانییە
دەزگای زمانەوانیی كوردی زانكۆی جیهان وەرزانە دەریدەكات.

ژمارە (٢) ساڵی یەكەم، پاییزی ٢٠٢٣